جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران: حکوومەتی کاربەڕێکەر بۆی نییە دەستکاری ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بکات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5905) سێ شەممە 7ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

د.بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێ، دەرکردنی هێزە بیانییەکان ئەرکی پەرلەمان نییە، حکوومەتی کاربەڕێکەریش بۆی نییە دەستکاری ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بکات یان ڕێککەوتن واژۆ بکات و یانیش هەڵیبوەشێنێتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ لیژنەی دارایی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژەیاسای چاکسازی دەداتە پەرلەمان

دوێنێ دووشەممە کۆبوونەوەی لیژنەی دارایی دەستی پێکردووە و دریژەی کۆبوونەوەکەی ڕۆژێک پێشتربوو. هەر بەپێی زانیارییەکان، ئەمڕۆ سێشەممە لیژنەی دارایی ڕاپۆرتەکە لەسەر پرۆژەیاسای چاکسازی تەواو دەکەن و ڕادەستی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی دەکەن. دوای ڕادەستکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لیژنەی یاسایی پەرلەمان پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتی لیژنەکان دەکات و لەگەڵ سەرۆکایەتیی لیژنە تایبەتمەندەکان ڕاپۆرتی هاوبەش ئامادە دەکەن و دەیدەنە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و بڕیارە پێش 15ی مانگ خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای چاکسازی بکرێت.

ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان ئەمەریکا و عێراق بەردەوامە و بڕیارەکەی پەرلەمان کاریگەریی لەسەر نابێت

دۆنالد ترەمپ: سزای وا بەسەر عێراقدا دەسەپێنین کە پێشتر شتی وای نەدیتبێت



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ کاردانەوەی نیشاندا لەهەمبەر پرۆژەیاسای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە داوا دەکات سەربازانی ئەمەریکا لە عێراق دەربکرێن و ڕایگەیاند "ئەگەر عێراق دەیەوێت لەوێ دەربچین و ئەوە بە شێوەیەکی دۆستانە نەکات، سزای وای بەسەردا دەسەپێنین کە پێشتر شتی وای نەدیتبێت. بەجۆرێک سزاکانی سەر ئێران سووک دەبن لە چاو ئەوانە.

لای خۆیەوە، لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامەی خەبات کەوتووە، ڕایگەیاندووە کە بڕیارەکەی ڕۆژی 2020/1/5ی ئەنجومەنی نوێنەران لەبارەی چوونە دەرەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕێککەوتنامەی ستراتیژیی نێوان ئەمەریکا و عێراق نابێت و ئەو ڕێککەوتنەش بەردەوامە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



پرسەنامەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، بە بۆنەی لەدەستدانی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی ڕێبەری باڵای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی خامنەئی کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

انا لله و انا الیه راجعون

حەزرەتی ئایەتوللا خامنەیی، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران

سڵاوتان لێ بێت،

ڕووداوی لەدەستچوونی سەردار حاجی قاسم سولەیمانی بووەتە مایەی ئەسەف و نیگەرانی بۆ خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بەڕێزیان دۆستمان بوو لە بەرەی شەڕی دژ بە دیکتاتۆری و پشتیوان و هاوسەنگەریشمان بوو لە دژی گرووپی تیرۆریستی داعش، بە شێوەیەک کە چەندین جار لەلایەن سەرجەم بەرپرسانی عێراق و هەرێمەوە ڕێز لە زەحمەت و فیداکارییەکانی گیراوە. بەناوی خۆم و گەلی هەرێمی کوردستانەوە سەرەخۆشی لە جەنابتان و بنەماڵەی بەڕێزیان دەکەم، هیوادارم جێگای بەهەشتی بەرین بێت.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق

6/1/2020

پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەبارەی دۆخی ناوچەکە کۆببێتەوە

سیاسەتمەدارێکی ناسراو پێیوایە کە دەبێت سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە بارەی دۆخی ناوچەکە کۆببێتەوە و سیاسەتمەدارێکی دیکەش نایشارێتەوە کە مەرج نییە دۆخەکە بۆ کورد خراپ بێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

نرخی خاوی بڕێنت 70 دۆلاری تێپەڕاند

ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی ناوچەکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بازاڕی دراو و نرخی نەوت دروستکرد، دوێنێش نرخی یەک بەرمیل خاوی بڕێنت لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا، بە 70 دۆلار و 19 سەنت مامەڵەی پێوەکرا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

دوور نییە کەرکووک بکەوێتە دەست داعش



جێگری بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک-گەرمیانی پارتی، پێیوایە بە ڕاگرتنی جموجوڵەکانی هاوپەیمانان دژی داعش، ئەو ڕێکخراوە لە کەرکووک پەردەدەسێنێ و بارودۆخی شارەکەش زیاتر نائارامی بەخۆیەوە دەبینێت، هاوکات هۆکاری کۆنەبوونەوەشیان لەگەڵ بەغدا سەبارەت بە پرسی شارەکە، بۆ دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆک وەزیران دەگێڕێتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

دابەشکردنی هاوکارییە دارایییەکان بۆ کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش دەست پێدەکاتەوە

بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژەی بەوە دا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر هاوکاریکردنی خانەوادەی شەهیدانی شەڕی داعش دەربڕیوە و پارەکە ئامادەیە بۆ دابەشکردن. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

داعش لە عێراق چالاکییەکانی فراوانتر دەکات

سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت بەهۆی دۆخی سیاسی و ئەمنی و ڕاگرتنی هێرشی هاوپەیمانان داعش چالاکییەکانی فراوان دەکات و مەترسیی داگیرکردنی چەند ناوچەیەک لە عێراق هەیە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەڵمانیا و بەریتانیا و فەرەنسا ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان لەبارەی ڕەوشی عێراق بڵاوکردەوە:

بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکەن

سەرۆکی هەرسێ وڵاتی ئەڵمانیا، بەریتانیا و فەرەنسا لە ڕاگەیەندراوێکدا لەبارەی دواییِن ڕەوشی عێراق و ڕۆڵی نەرێنی ئێران، بەتایبەت ڕۆڵی نەرێنی سوپای پاسدارانی ئێران و سوپای قودس بە سەرۆکایەتی قاسم سولەیمانی لە ناوچەکە، ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، هاوکات جەختیان کردەوە پێویستە کار بکرێت تاکوو بەزوویی ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەی کە لە نێوان واشنتۆن و تاران سەریهەڵداوە هێور بکرێتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



کرواتیا.. زۆران میلانۆڤیچ سەرکەوتنی بەدەستهێنا

کاندیدی پارتی سۆسیال دیموکرات، زۆران میلانۆڤیچ سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کرواتیا بەدەستهێنا. لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا، هەریەک لە سەرکۆماری ئێستا و کاندیدی پارتی یەکێتی دیموکراتی کرواتیا، کۆلیندا گرابار کیتارۆڤیچ و سەرۆکوەزیرانی پێشوو و کاندیدی پارتی سۆسیال دیموکرات، زۆران میلانۆڤیچ ڕکابەرییان کرد. بەپێی ئەو ئەنجامە نافەرمییانەی ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە بڵاویکردوونەتەوە نزیکەی سەدا 98ی دەنگەکان جیاکراونەتەوە و زۆران میلانۆڤیچ سەدا 52 و پێنج 7ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، بەم شێوەیەش سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا مسۆگەرە.



مەترسییەکانی دەوڵەتی خاوەن نەوت

وردبوونەوە لە پارادۆکسی زۆری

تێری لێین کارڵ و : نەژاد عزیز سورمێ

5

دوور نییە کەرکووک بکەوێتە دەست داعش

دیاری حوسێن: ناکۆکی نێوان ئەمەریکا و عێراق، کاریگەریی خراپتری لەسەر کەرکووک دەبێت




جێگری بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک-گەرمیانی پارتی، پێیوایە بە راگرتنی جموجوڵەکانی هاوپەیمانان دژی داعش، ئەو رێکخراوە لە کەرکووک پەرەدەسێنێ و بارودۆخی شارەکەش زیاتر نائارامی بەخۆیەوە دەبینێت، هاوکات هۆکاری کۆنەبوونەوەشیان لەگەڵ بەغدا سەبارەت بە پرسی شارەکە، بۆ دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆک وەزیران دەگێڕێتەوە.

دیاری حسێن، لە لێدوانێکیدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە، لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە بارودۆخی کەرکووک رۆژ لە دوای رۆژ لە خراپتربوون دایە، چ لە رووی ئەمنی، چ لە رووی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی، کە تا ئێستاش تەعریب بەردەوامە، داعشیش جموجوڵیان زیادی کردووە، بەو پێیەی ئەمشەو پەلاماری بنکەیەکی سەربازیان داوە.

ناوبراو وێڕای جەختکردنەوەی قبوڵنەکردنی بارودۆخی کەرکووک، بەو پێیەی لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەسەر پرسی شارەکە کۆبوونەتەوە، بەڵام لە ئێستادا کۆبوونەوەکان راگیراون، هۆکاری ئەوەشی بۆ دەست لەکار کێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی گێڕایەوە، کە دەستی لە پۆستی سەرۆکوەزیران کێشاوەتەوە و کاربەڕێکەرە و دەسەڵاتی نییە، تا لەگەڵیدا بکەونە ڕێککەوتنێک بە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور، هەربۆیەشە وەکو کورد لە ئێستادا لە بارودۆخی کەرکووک گەشبین نین، نایشارێتەوە، کە دەستی وڵاتانیش لە شارەکەدا هەیە، وێڕای ئەوەی هەریەکە لە پێکهاتەی عەرەب و تورکمان کە قسەی جیاوازیان لەسەر بارودۆخی شارەکە هەیە، لە کاتێکدا تەنیا کورد نەبێت، کە وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی ڕوون و دیاریکراویان لەمەڕ ئەو پرسە هەیە، کە ئەویش جێبەجێکردنی دەستوورە.

جێگری بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک-گەرمیانی پارتی، پێیشیوایە ناکۆکی نێوان ئەمەریکا و عێراق، کاریگەری خراپتری لەسەر کەرکووک دەبێت، چونکە هاوپەیمانان بڕیاری ڕاگرتنی جەنگیان دژ بە داعش لە عێراق داوە، ئەوەش وا دەکات، شانە نوستووەکانی داعش لە شارەکە بکەونەوە جموجۆڵ، نموونەش بەوە دێنێتەوە، کە تا پێشمەرگە لە شارەکەدا بوون، چەندجارێک داعش هێرشیان کردووە، بەڵام بە تووندی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە بەرپەرچ دراونەتەوە، ئەوەی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەریش ببووە هۆی پاراستنی شارەکە لە مەترسییەکانی داعش، هێزەکانی ئەمەریکا بوون، بەڵام دوای ئەو بڕیارەی ئەمەریکا، شارەکە لە ڕووی ئەمنییەوە پارێزراو نابێت، دەشبێ چاوەڕێی ئەوە بکرێت، کە داعش پەلاماری کەرکووک بدات و زیانێکی زۆر بە شارەکە و هاوواڵتیانی بگەیەنێت، دووریش نییە کەرکووک وەک جاران چۆن تکریت و حەویجە و ڕومادی کەوتنە دەست داعش، بەو شێوە ئەو شارەش بکەوێتە دەستیان.

هێمن هەورامی پێشوازیی لە شاندێکی گرووپی لەوەر ساکسۆنیی ئەڵمانی کرد




پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی لە پۆڵ پراگاگنا سەرۆکی گرووپی هەرێمی لەوەرساکسۆنیی ئەڵمانی و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا شاندی میوان ئامانجی سەردانەکەیان بۆ پەرلەمانی کوردستان خستەڕوو کە بۆ بنیادنانی ڕێکخراوێکە بۆ پرسی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و هاوکاریکردنی ئەو ئاوارانەی کە پەنایان هێناوەتەبەر هەرێمی کوردستان.

لەلایەن خۆیەوە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێڕای دەستخۆشیکردن لە کارەکانیان لەهەرێمی کوردستان، هاوکات تیشکی خستەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ئەو ئالۆزییانەی کە لەئێستادا ناوچەکەی گرتووەتەوە، هەروەها داوای لەشاندی میوان کرد کە لەڕێگەی پەیوەندییەکانی خۆیانەوە هەوڵبدەن وڵاتی ئەڵمانیا بەردەوامی بە مەشقپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بدات، چونکە لەئێستادا مەترسی و جموجۆڵەکانی داعش زیاتر بەپەیوەندییەوە هەیە، کە ئەویش جێبەجێکردنی دەستوورە.

شاندێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان بەمەبەستی پیرۆزبایی سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی کرد



بۆ پیرۆزبایی کردنی بەستنی هەشتەمین کۆنگرەی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، دوێنێ دووشەمە شاندێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی و مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی دیسکی پارتە ئیسلامیەکان و ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکان، سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد، لەلایەن سەلاحەددین محەمەد بەهائەددین ئەمینداری گشتی یەکگرتوو و ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێ کردن و سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێشوازیان لێکرا.

لە دیدارێکدا فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی و پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئاراستەی سەلاحەددین محەمەد بەهائەددین ئەمینداری گشتی و ئەنجومەنی جێبەجێ کردن کرد بەبۆنەی بەستن و سەرکەوتنی هەشتەمین کۆنگرەیان، هاوکات ئومێدی خواست سەرکەوتنی کۆنگرەکەیان ببێتە فاکتەرێک بۆ بەهێز بوونی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکگرتوو و فراوان بوونی بواری هەماهەنگی و کارکردنی هاوبەش لەپێناو سەرکەوتنی پڕۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها سکرتێری مەکتەبی سیاسی تەئکیدی کردەوە کە لە ڕابردوودا هەمیشە پێکەوە کارمان کردووە و لە ئایندەشدا کارەکەین لە پێناو خەباتی سیاسی و بەدیهێنانی هەموو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان و پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە لەئاکامی یەکڕیزی نێوانمان و هێزو لایەنە سیاسییەکانەوە بەدەست هاتوون، پاشان بارودۆخی هەستیاری سیاسی ناوچەکە و ناجێگیریی ڕەوشی سەربازی گۆڕەپانەکە و هەنگاوەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دواپێن پێشهات و گۆڕانکارییەکان و پەیوەندی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق بەگشتی باسیان لێوەکران، هاوکات خزمەت کردن بە پرسە دیموکراتییەکان و بەردەوامی هەماهەنگییەکانی نێوان هەردوولا و هۆشیاری زیاتری جەماوەر لە پاڵپشتی کردن لە پێناو ئەرک و بەرپرسیارەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی بۆ داکۆکی کردن و سەرکەوتنی ئەم قۆناغەکە کرایەوە.

پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەبارەی دۆخی ناوچەکە کۆببێتەوە



سیاسەتمەدارێکی ناسراو پێیوایە کە دەبێت سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە بارەی دۆخی ناوچەکە کۆببێتەوە و سیاسەتمەدارێکی دیکەش نایشارێتەوە کە مەرج نییە دۆخەکە بۆ کورد خراپ بێت.

پاش ئەوەی بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی 2020/1/3 قاسم سولەیمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران لەگەڵ ئەبومەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، لە لایەن فرۆکەی بێفرۆکەوانی ئەمەریکاوە کوژران، دۆخێکی ئالۆز لە ناوچەکە هاتووەتە ئاراوە و لێرە و لەوێ، ناوی کوردیش بە ئەرێنی یان نەرێنی تێکەڵ بە دۆخەکە دەکرێت. لەمبارەیەوە د.دیندار دۆسکی، سیاسەتمەدار و یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کە ئێستا دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بە خەباتی ڕاگەیاند، «دیار نییە دۆخەکە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت، بەڵام مەرجیش نییە بۆ کورد خراپ بێت». ڕوونیشی کردەوە کە ململانێی ئێران و ئەمەریکا کۆنە، ئێستا کە گەیشتووەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێت هەرێمی کوردستان خۆی بۆ ئامادە بکات. هاوکات پێیوایە مەرج نییە دۆخەکە بۆ کوردستان خراپ بێت، بەڵام «دەبێت ئامادە بین».

لە لایەن خۆیەوە د. مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری سەربەخۆ، بە خەباتی ڕاگەیاند، دەبێت سەرکردایەتیی کورد کۆببێتەوە بۆ ئەوەی تاوتوێی دۆخەکە بکات، تا بزانێت بە چ ئاراستەیەک دەڕوات، چونکە «هێشتا بەرچاومان ڕوون نییە». بە باشیشی زانی، پرۆژەی نەتەوەیی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر بارودۆخێکی تازە کە ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبێتەوە.

نرخی خاوی برێنت 70 دۆلاری تێپەڕاند

ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی ناوچەکە بە گشتی و کوشتنی قاسمی سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس و هاوڕێکانیان لەلایەن ئەمەریکا، هەروەها بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق لەبارەی دەرکردنی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بازاڕی دراو و نرخی نەوت دروست کرد. دوێنێش نرخی یەک بەرمیل خاوی برێنت لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا، بە 70 دۆلار و 19 سەنت مامەڵەی پێوەکرا.

ڕۆژی هەینی نرخی یەک بەرمیل خاوی برێنت گەیشتە 69 دۆلار و 50 سەنت و بە 68 دۆلار و 60 سەنتیش ڕۆژەکەی تەواوکرد. دوێنێ یەکشەمەش نرخەکەی بەراورد بە کاتی داخستن لە ڕۆژی پێشتر لەسەدا 2 و پۆینت 3 بەرزبۆوە و بە 70 دۆلار و 19 سەنت مامەڵەی پێوەکرا. هاوکات نرخی یەک بەرمیل خاوی تێکساسیش بە 63 دۆلار و 30 سەنت کڕیاری هەبوو.

بڕیاری پەرلەمان، حکوومەت پابەند ناکات بە جێبەجێکردنی

بەشیر حەداد: حکوومەتی کاربەڕێکەر بۆی نییە دەستکاری ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بکات

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێ، دەرکردنی هێزە بیانییەکان ئەرکی پەرلەمان نییە، حکوومەتی کاربەڕێکەریش بۆی نییە دەستکاری ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بکات یان ڕێککەوتن واژۆ بکات و یانیش هەڵیبوەشێنێتەوە.



د.بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە نووسینگەی دۆستانی ڕووداو لەبارەی بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، ڕایگەیاند: بڕیاری پەرلەمان، حکوومەت پابەند ناکات بە جێبەجێکردنی، چونکە بڕیار، هێزی یاسایی نییە، ئەگەر یاسابێت حکوومەت پابەند دەکات جێبەجێی بکات، بۆیە حکوومەت دەتوانێ جێبەجێی بکات و دەشتوانێت جێبەجێی نەکات.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو حکوومەتە حکوومەتێکی کاربەڕێکەرە، ئەگەر بشیەوێت ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات ناتوانێت جێبەجێی بکات.

چونکە حکوومەتی کاربەڕێکەر بۆی نییە دەستکاری ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بکات یان ڕێککەوتننامە واژۆ بکات و یان هەڵی بووەشێنێتەوە.

بە گوتەی بەشیر حەداد، دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق کاری پەرلەمان نییە، بەڵکو کاری حکوومەتە و دەڵێ: ئێمە وەکو فراکسیۆنە کوردستانییەکان پێمان گوتن لە بنەڕەتدا هێنانی ئەو پرۆژە بڕیارە بۆ پەرلەمان زیادەیە، ئەمە کاری حکوومەتە، چونکە حکوومەت ئەو هێزانەی بانگهێشت کردووە نەک پەرلەمان، هەر بەپێی ڕێککەوتننامەکەش حکوومەت دەتوانێت داوایەک ئاراستەی ئەو لایەنە بکات بۆ ئەوەی لەسەر خاکەکەی نەمێنێت، دوای ئاراستەکردنی ئەو داوایە حکوومەت ئەو هێزانەی بانگهێشت کردووە، ئەگەر نێوە مەبەستتانە عێراق لەو ڕێککەوتننامەیە دەربچێت و هێزە بیانییەکانی لەسەر خاکی خۆی نەهێڵێت، ئەوا ئەو هێزانە دەگاتە ئەو حاڵەتەی نەمێنن.

لە خاڵێکی دیکە پەرلەمان داوا لە حکوومەت دەکات دەبێت کار بکات بۆ ئەوەی چەک لە دەستی ملیشیاکان نەمێنێت و تەنها بە دەستی حکوومەتەوە بێت.

بە گوتەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق یەکێک لە لێکەوتەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتنە زیانی ئابووری بۆ عێراق دەبێت و دەڵێ: دەبێت پرسیار لە شارەزایانی ئابووری بکرێت، ئایا دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتنە ئابووری عێراق بەرەو کوێ دەچێت؟ ئایا دەتوانین گرەنتی ئەوە بکەین نەوتەکەمان بفرۆشرێت و پارەکەی بەدەستبهێنین و مووچەی عێراقییەکان بدەین؟ بەشیر حەداد ئامارێی بەوەش دەچێتە باوەری جێبەجێکردنەوە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئەوەشی گوتووە: حکوومەت خۆی دەتوانێت ئەو کارە بکات، بەڵام ویستی تۆپەکە بخاتە گۆڕەپانی پەرلەمان، پەرلەمانیش تۆپەکەی خستەوە گۆڕەپانی حکوومەت و داوا لە حکوومەت دەکات ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق بەپێی ڕاستەوخۆ دوای سااڵێک دەچێتە باوەری جێبەجێکردنەوە.

عێراق بەبێ ئەمەریکا ناتوانێت نەوتەکەی خۆشی بفرۆشێت

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئەوەشی گوتووە: حکوومەت خۆی دەتوانێت ئەو کارە بکات، بەڵام ویستی تۆپەکە بخاتە گۆڕەپانی پەرلەمان، پەرلەمانیش تۆپەکەی خستەوە گۆڕەپانی حکوومەت و داوا لە حکوومەت دەکات ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق بەپێی ڕاستەوخۆ دوای ساڵێک

تاکو قەرەبووی تێچووەکەمان نەکەنەوە کە ملیارەها دۆلارە لە عێراق ناکشێینەوە

دۆناڵد ترەمپ: سزای وا بەسەر عێراقدا دەسەپێنین کە پێشتر شتی وای نەدیتبێت



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ کاردانەوەی نیشاندا لەهەمبەر پرۆژەیاسای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە داوا دەکات سەربازانی ئەمەریکا لە عێراق دەربکرێن و ڕایگەیاند "ئەگەر عێراق دەیەوێت لەوێ دەربچین و ئەوە بە شێوەیەکی دۆستانە نەکات، سزای وای بەسەردا دەسەپێنین کە پێشتر شتی وای نەدیتبێت. بەجۆرێک سزاکانی سەر ئێران سووک چوونی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق گەورەترین هەڵە بووە و دەرکەوتووە کە ئەمە پەیوەندی بە هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەرەوە نەبووە.

دۆناڵد ترەمپ بە تیشک خستنە سەر ئەوەی کە ئەوان هەوڵیان داوە جگە لە عێراق لە زۆر ناوچە بکشێنەوە گوتی: لە سووریا کشاینەوە چونکە ناتوانین ئەو سنوورە "تورکیا، سووریا" بپارێزین. بۆچی دەبێت ئێمە ئەو سنوورە بپارێزین. سەربازانیان هەن، با ئەوان بیپارێزن. ئەو سنوورە خۆی لەژێر گەمارۆدایە. پێکدادان لەو سنوورە هەزار ساڵە بەردەوامە. ئێستا بەوێ دەڵێین ناوچەی ئارام، بەڵام لە ناوچەی ئارام هەیە لەوێ. زۆر کەس لەوێ کوژران. زۆر کەس لە تورکیا کوژران، لەوانەیە دوو هێندە ببێت.

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەیشی لە سووریا ڕایگەیاند کە ئەمە بڕیارێکی سەربازی بووە و ئەوەی ئێستا ڕوودەدات بەشێکە لە پلانەکە.

پرسیارێکیشدا کە لەبارەی لێدوانەکەی ڕۆژی یەکشەممەوە لێی کرا سەبارەت بە هەڵبژاردنی 52 ئامانجی ئێران کە ژمارەیەکیان پێکهاتەی کولتوورین گوتی: شتی وا نابێت ڕێگە بە ئەوان بدرێت، خەڵکی ئێمە بکوژن و ئەشکەنجە بدەن و کەمئەندام بکەن، بۆمب بچێنن و خەڵکی ئێمە بکوژن؛ کەچی ڕێگە بە ئێمە نەدرێت دەست بۆ شوێنە کولتوورییەکانی ئەوان نەبەین.

دۆناڵد ترەمپ ئاماژەی بەوەش دا کە لە ئەگەری وەڵامدانەوەی کوشتنی فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسداران، قاسم سولەیمانی ئەمەریکا تێچووەکەمان نەکەنەوە لەوێ ناکشێینەوە.

دۆناڵد ترەمپ هەڕەشەی لە حکوومەتی عێراقی فیدراڵ کرد و گوتی: ئەگەر عێراق دەیەوێت لەوێ دەربچین و ئەوە بە شێوەیەکی دۆستانە نەکات، سزای وای بەسەردا دەسەپێنین کە پێشتر شتی وای نەدیتبێت. بەجۆرێک سزاکانی سەر ئێران سووک دەبن لە چاو ئەوانە.

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ لە تیشک قاسم سولەیمانیشەوە گوتی: بە تایبەت لەم 18 مانگەی دواییدا وڵاتەکەی بردە سەر ڕێگایەکی زۆر مەترسیدار.

لێژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەران:

ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان ئەمەریکا و عێراق بەردەوامە و بڕیارەکەی پەرلەمان کاریگەریی لەسەر نابێت

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامەی خەبات کەوتووە، ڕایگەیاندووە کە بڕیارەکەی ڕۆژی 2020/1/5ی ئەنجومەنی نوێنەران لەبارەی چوونە دەرەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕێککەوتنامەی ستراتیژیی نێوان ئەمەریکا و عێراق نابێت و ئەو ڕێککەوتنەش بەردەوامە.

ئەم بەیاننامەیەی لێژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەران دوای ئەو هەڕەشەیەی دۆناڵد ترەمپ و هۆشداری بەشێک لە ئابووریناس و یاساناسان هات کە ئەگەر حکوومەتی عێراق بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان بخاتە حاڵەتی جێبەجێکردنەوە سزایەکی تووندتر لەوەی ئێران بەسەر عێراقدا دەسەپێنێ و داوای دەیان ملیار دۆلار لەعێراق دەکەن. ئەمەش دڵەڕاوکێی خستە ناو بازاڕ و شەقامی عێراقی و دەستبەجێ نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان بەرز بۆوە و نرخی دیناری عێراقیش لەبەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی دابەزینی بەرچاوی بەخۆوە بینی.

هەندێک لەشارەزایانیش مەترسی ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی نوێنەرانیان بۆ سەر ئابووری عێراق خستەڕوو تەئکیدیان کردەوە کە ئەنجامێکی کارەساتباری بۆ عێراقییەکان و ڕەوشی ئابووری عێراق دەبێت.

شایانی باسە لە دانیشتنی ڕۆژی 1/5 ئەمسااڵی ئەنجومەنی نوێنەران بەبێ ڕەزامەندی و ئامادەبوونی پەرلەمانتارانی کورد و عەرەبە سوننەکان بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق دا و ئەمەش کاردانەوەی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

بەیاننامەکەی لێژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەران وەک هێورکردنەوەی دەنگی هەڕەشەی ئەمەریکا و ناڕەزایی شەقامی عێراقی دەبینرێت و جۆرێک لەپاشگەزبوونەوەش لە ناوەڕۆکی بڕیارەکە دەبینرێت.

سەرۆکی لێژنەی پێشمەرگە بۆ «خەبات»:

داعش لە عێراق چالاکییەکانی فراوانتر دەکات



سەرۆکی لێژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت بەهۆی دۆخی سیاسی و ئەمنی و ڕاگرتنی هێرشی هاوپەیمانان داعش چالاکییەکانی فراوان دەکات و مەترسیی داگیرکردنی چەند ناوچەیەک لە عێراق هەیە.

ڕیفینگ هروری، سەرۆکی لێژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: بەهۆی ڕاگرتنی مەشق و هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەرچەکدارانی داعش و دۆخی سیاسی و ئەمنی عێراق داعش چالاکییەکانی فراوانتر دەکات بۆ سەر هێزە ئەمنییەکان. گوتیشی: پێوستە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان لە ئامادەباشدا بن بۆ هەر حاڵەتێک.

ڕیفینگ هروری ئاماژەی بەوەش کرد: ڕاگرتنی ئەم هێرشانەی سەر داعش، چالاکییەکانی زیاد دەکات و ئەگەر هەیە چەند ناوچەیەک لە عێراق داگیر بکاتەوە و جگەلەمەش هێرشەکانی فراوانتر دەکات و دۆخی ئەمنی عێراق ناسەقامگیر دەکات.

ئەڵمانیا و بەریتانیا و فەرەنسا ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان لەبارەی ڕەوشی عێراق بڵاوکردەوە:

بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکەن



هەرسێ وڵاتی ئەڵمانیا، بەریتانیا و فەرەنسا لەبارەی ڕەوشی عێراق ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە.

ئاژانسی دویچەوێلەی ئەڵمانی بڵاویکردەوە، سەرۆکی هەرسێ وڵاتی ئەڵمانیا، بەریتانیا و فەرەنسا لە ڕاگەیەندراوێکدا لەبارەی دواییێ ڕەوشی عێراق و ڕۆڵی نەرێنی ئێران، بەتایبەت ڕۆڵی نەرێنی سوپای پاسدارانی ئێران و سوپای قودس بە سەرۆکایەتی قاسم سولەیمانی لە ناوچەکە، ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، هاوکات جەختیان کردەوە پێویستە کار بکرێت تاکو بەزوویی ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەی کە لە نێوان واشنتۆن و تاران سەریهەڵداوە هێور بکرێتەوە.

ئەنگێلا میرکل ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و بوریس جۆنسۆن سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆک کۆماری فەرەنسا لە ڕاگەیاندراوە هاوبەشەکەیان جەختیان کردەوە لەسەر ڕاگرتنی گرژییە بەردەوامەکان لە عێراق و داواشیان لە سەرجەم لایەنەکان کرد خۆیان لە تووندوتیژی بەدوور بگرن و بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکەن. لە کۆتایی ڕاگەیەندراوە هاوبەشەکەیاندا، هەرسێ وڵات داوایان لە ئێران کرد کە خۆیان لە هەر جۆرە بڕیار و کاردانەوەیەک بەدوور بگرن کە لەگەڵ ڕێککەوتنی ئەتۆمی ناکۆک بێت.

وەزیرانی دەرەوەی پێنج وڵات لە دژی تورکیا کۆدەبنەوە

وەزیرانی دەرەوەی پێنج وڵاتی ئەوروپی و عەرەبی لە دژی هەنگاوێکی تورکیا لە لیبیا، کۆدەبنەوە، بڕیارىشە کۆبوونەوەکە سبەی چوارشەممە 2020/1/8 لە قاهیرەی پایتەختی میسر بەڕێوەبچێت و تێیدا چەند پرسێکی پەیوەندیدار بەو وڵاتانە، تاوتوێ بکرێن.

وەزیرانی دەرەوەی فەرەنسا، ئیتاڵیا، یۆنان، قوبرسی یۆنانی و میسر بەشداریی کۆبوونەوەکە دەکەن، کە دوای راگەیاندنی ناردنی سەربازی تورکیا لەلایەن رەجەب تەییب ئەردۆغانی سەرکۆماری ئەو وڵاتە، بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی وێفاقی لیبیا، دەبەسترێت.

لەو کۆبوونەوەیەدا، وەزیرانی دەرەوەی ئەو وڵاتانە تاوتوێی چەند تەوەرێک دەکەن، کە بریتین لە؛

- بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی
- بارودۆخی گشتیی لیبیا
- رێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەی لیبیا
- رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەنگاوانەی کێشەی لیبیا ئاڵۆزتر دەکەن

جێی باسە رۆژی پێنجشەممە 2020/1/2 پەرلەمانی تورکیا رەزامەندیی لەسەر داوای ناردنی هێزی سەربازیی تورکیا بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی وێفاقی لیبیا، دا، کەرەجەب تەییب ئەردۆغانی سەرکۆماری تورکیا داواکەی لە پەرلەمان کردبوو.

تورکیا، کە رەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆکایەتی دەکات و لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) بەڕێوە دەبرێت، کە پارتێکی سەر بە ڕەوتی ئیخوان موسلیمینە، بە ناردنی چەک و چەکدار و واژۆکردنی گرێبەستی ئابووریی و ئەمنی، هاوکاریی حکوومەتی وێفاقی نیشتمانیی لیبیا دەکات، کە ئەو حکوومەتەی لیبیا لەلایەن سەرکردەکانی ئیخوان موسلیمین پێکهێناوە و لەگەڵ سوپای نیشتمانیی وڵاتەکەی تووشی شەڕی ناوخۆیی بووە.

وڵاتانی سعودیە، ئیمارات، میسر و بەحرێن، کە ئیخوان موسلیمینیان خستووەتە ناو لیستی تیرۆرەوە، پاڵپشتیی سوپای نیشتمانیی لیبیا دەکەن.



پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دەیان پیرۆزبایی سالّی تازەیان پێ دەگات

مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی جەژنی کریسمەس و سالّی تازەی 2020وە بە دەیان پیرۆزبایی نامەی ئاراستەی دۆستانی کوردستان و کۆنتاکتەکانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی خۆی کرد لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە باڵوێزخانە و کۆنسوڵگەریيەکانی گشتی و نوێنەرانی ئۆفیسی دیپلۆماسی وڵاتانی بیانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان و پارتە سیاسییەکانی ئەورووپی و جیهانی، پەرلەمانتاران و دامەزراوەکانی حکوومی و ناحکوومی و ڕێکخراو و بلۆکبەندیی پارتە سیاسییەکانی سەر بە (سۆسیالیست ئینتەرناشنال، لیبەراڵ ئینتر ناشنال، پارتە دێمۆکراتەکانی جیهانی و پارتە میانڕەوەکان و کەسایەتی سیاسی، دیپلۆماسی، ئەکادیمی، کارسازان، میدیاکاران و کەسایەتییە چالاکەکانی نێو ڕەوەندی کوردستانی لە دیاسپۆرا و دامەزراوەکانی شیکاری و ستراتیژی وڵاتان ودۆستانی کێشەی ڕەوای کورد لەسەر ئاستی جیهان کرد، کە بە هۆیەوە دەیان پیرۆزبایی سالّی تازەی لە ڕێگەی دێسکی ئەورووپا و دێسکەکانی تری مەکتەبەوە گەیشتنە پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێموکراتی کوردستان کە جیا لەپیرۆزباییکردن لە گەلّی کوردستان و سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان و پێکهاتەکانی ئیتنی و نەتەوەیی بە بۆنەی کریسمەس و سالّی تازەی زایینەوە و بەرز هەلّسەنگاندنی چەسپاندنی پرەنسیپی کەلتووری بەرزی پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە نیوان گشت پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی لە کۆمەلّگای کوردستان لە سایەی پەیڕەوکردنی سیاسەت و حوکمڕانی مەدەنی و شارستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا، هەروا دۆستانی کوردستان لە پەیامەکانیاندا ئاواتی جیهانێکی ئارام و سەقامگیرتر و دوور لە تیرۆر و توندوتیژی بۆ گەلّی کورد و مرۆڤایەتی لە سالّی 2020دا خستووەتە ڕوو و لە زۆربینەی پەیامەکانیشیاندا بە گەشبینیشەوە دەڕوانە بەرەوپێشچوونی ئاشتی ناوخۆیی و سەقامگیری و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی گەلانی هەرێمی کوردستان و دیدگا و پابەندبوونی خۆشیان پێشاندا بۆ فراوانکردنی پەیوەندی دۆستانە و پشتیوانی بەردەوامیان بۆ ئەزموونی دێموکراسی و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکان دا.

ئێران دەستپێکردنی پێنجەم هەنگاوی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ڕاگەیاند

/K24

لە گەرمەی ناکۆکییەکانی ئێران و ئەمەریکادا، ئێران پێنجەم و دوایین هەنگاوی پابەند نەبوون بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی هەڵێنا، بەمشێوەیە ئێران لە ڕێژەی پێتاندنی یۆرانیۆمدا هیچ بەربەست و سنوورێکی نابێت و ئەوەش لەلایەن ئەمەریکا و ئەوروپا وەکو کۆتایی هاتن بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی تەماشا دەکرێت و ئەگەری ئاڵۆزترکردنی دۆخەکەشی لێدەکرێت.

کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند، کە لەهەموو پابەندییەکانی ناو ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران و وڵاتانی پێنج کۆیەک دەکشێتەوە، ئەوەش بەو مانایە دێت کە ئێران چیتر هیچ سنوورێکی لە ڕێژەو چۆنیەتی پێتاندنی یۆرانیۆم نابێت و بەبێ پابەندبوون لێکۆڵینەوەو هەنگاوەکانی لە وێستگە ئەتۆمییەکان دەستپێدەکاتەوە. لە ڕاگەیاندراوی حکوومەتدا هاتووە کە ئەو هەنگاوە و دوا هەنگاویانە. ئەگەرچی دەوڵەتی ئێران لە بەیاننامەکەیدا و وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتانە لە دوا تویتیدا دەڵێت، کە لە هاوکاریکردنی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم بەردەوام دەبن و ئەوەی کردوویانە لەچوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا بووە، بەڵام ئەمەریکی و تەنانەت ئەورووپییەکان بۆچوونێکی دیکەیان هەیە و پێشوەختە هۆشداریان دابوو.

دوای ئەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی هاتەدەر، هەر 60 ڕۆژ جارێک پابەندییەکی دیکەی بەو ڕێککەوتنە کەمدەکردەوە، جارێک فڕۆشی یۆرانیۆمی پێتێندراو و ئاوی قورسی ڕاگرت، لە هەنگاوێکدا ڕێژەی یۆرانیۆمی پێتێندراوی لە 3.67 بەرزتر کردەوەو لە سێیەم قۆناغدا لێکۆڵینەوە لە ڕێژەو جۆرەکانی سەنتریفیوجەکانی دەستپێکردەوەو لە چوارەم هەنگاویشدا گەیاندنی گاز بە سەنتریفیوجەکانی بنکەی ئەتۆمی فۆردۆی چالاک کردەوە، ئەوە لە پێنجەم هەنگاویشدا سەرجەم پابەندییەکانی خۆی ڕاگرت.

پێشتر بەریتانیا، ئەڵمانیا و فەرەنساش ئێرانیان ئاگادار کردبوویەوە، کە ئەگەر هەنگاوی زیاتر بهاوێت، بەپێی برگەی 37ی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەشێوەی ئۆتۆماتیک گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران دەگەڕێنەوەو ئەوەش مانای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەگەیەنێت. ئێستا ئەگەرچی هێشتا تەرمی قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی قودس بەخاک نەسپێردراوەو بەرپرسانی ئێران هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە دەکەن، ئەو هەنگاوی ئێران ناکۆکییەکی دیکە ئەمجارەیان لەنێوان ئێران و ئەمەریکا و ئەورووپا دروستەکات.



ژێردەریاییەکی بەریتانیا خۆی ئامادەکرد بە مووشەکی تۆماهۆک ئێران بۆردومان بکات



میدیاکانی بەریتانیا بڵاویان کردەوە کە ژێردەریاییەکی سەر بە هێزی دەریایی بەریتانیا کە بە وزەی ئەتۆمی کاردەکات خۆی ئامادەکردووە بە مووشەکی تۆماهۆک ئێران بۆردومان بکات ئەگەر شەڕ لە ناوچەکە هەڵگیرسێت. لەو بارەوە ڕۆژنامەی زە سەن لە زاری سەرچاوەیەکی سەربازییەوە بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی بەریتانیا لە بۆردومان کردنی ئێران دەسپێشخەر نابن بەڵام هەموو هەنگاوێکی پێویست دەگیرێتە بەرو ئەوەیش لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە کە ئێران چۆن وەڵامی کوشتنی سولەیمانی دەداتەوە.

سەرچاوەکە دەڵێت ئەگەر ڕەوشەکە خێرا بەرەو نالەباری بچێت ئەوە بەریتانیا لایەنگری ئەمەریکا دەکات و ڕوونی کردەوە کە بەریتانیا پێشکەوتووترین و کوشندەترین ژێرئاوی هەیەو یەکێک لەو ژێرئاوییانەیش لە ناوچەیەکی نزیکە لە ئێرانەوە.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەیش کردووە کە کەشتییە جەنگییەکانی بەریتانیا لە چاودێریکردنی کەشتییە بازرگانییەکان بەردەوام دەبن کە لە گەرووی هورموز دەپەڕنەوە.

گوتەبێژی سەربازی سەرۆکوەزیرانی عێراق:

میکانیزم و پلانی پێویستمان بۆ دەرکردنی سەربازانی ئەمەریکا لەعێراق ئامادەکردووە

حکوومەتی عێراق ئاشکرای کرد کە میکانیزمی پێویستیان بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکەیان ئامادەکراوە.

گوتەبێژی سەربازی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عەبدولکەریم خەڵەف لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند، "میکانیزم و پلانی پێویستمان بۆ دەرکردنی سەربازانی ئەمەریکا لەعێراق ئامادەکرد. "بەبێ ئەوەی وردەکاری دەربارەی میکانیزمەکەوە ئاشکرا بکات. خەڵەف ئاماژەی بەوەش دا کە حکوومەت بوارەکانی جموجۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانی سنوردارکردووە و گوتی: ئێستا بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادرێت بە جموجۆڵەکانیان.

لەبارەی کوشتنی هەریەک لە ئەبومەهدی موهەندیس و قاسم سولەیمانی لە هێرشی ئەمەریکەکاندا، خەڵەف گوتی: ئەمە کارێکی بێئەقڵانەیە کە لێخۆشبوونی نییە. سولەیمانی میوانی ئێمەبوو و نەدەبوو بکرێتە ئامانج. خەڵەف لەبارەی لێدوانەکانی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ سەپاندنی سزا بەسەر عێراقدا هەڵوێستێکی ڕاست نییە. حکوومەتی عێراق، بەردەوام دەبێت لە هاریکاریی ئابووری لەگەڵ ئەمەریکادا.

یەکێتی ئەورووپا پابەندبوونی خۆی بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی تازە کردەوە

جۆسیپ بۆرەل: جێبەجێکردنی تەواوی ڕێککەوتنی ئەتۆمی پێویستییەکی هەنووکەیی ئارامیی جیهانی و ناوچەییە

نوێنەری باڵای سیاسی ئەمنی و دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا جۆسیپ بۆرەل ڕایگەیاند کە جێبەجێکردنی تەواوی ڕێککەوتنی ئێران، زیاتر لە هەرکاتێک پێویستییەکی هەنووکەیی ئارامیی جیهانی و ناوچەییە.

بۆرەل ڕایگەیاندووە کە بە نیگەرانییەکی قوڵەوە دەڕوانە لێدوانی حکوومەتی ئێران و ئاشکرایکردووە کە ئەوان چاوەڕێی پاڵپشتیکردنی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمیی دەکەن.

بۆرەل دەڵێت: جێبەجێکردنی تەواوی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێرانی، زیاتر لە هەرکاتێک پێویستییەکی هەنووکەیی ئارامیی جیهانی و ناوچەییە. لەگەڵ تەواوی بەشداربووانداو بەردەوام دەبم لەکارکردن.

جێی باسە دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران لە هێرشێکی ئاسمانیی ئەمەریکادا، ئیدارەی تاران ڕایگەیاند کە تەواوی خاڵەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی هەڵدەپەسێرن، هاوکات بەهیچ جۆرێک وابەستی بەڵێنەکان نابن سەبارەت بە پێتاندن، گەڕان، کۆگاکردنی یۆرانیۆمەوە.

داوا دەکرێت ناوی فڕۆکەخانەی بەغدا بۆ ناوی ئەبو مەهدی موهەندیس بگۆڕدرێت



سەرۆکی لیژنەی شەهیدان و قوربانیان و زیندانیانی سیاسیی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داوا دەکات ناوی فڕۆکەخانەی بەغدا لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغداوە بگۆڕدرێت بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەبو مەهدی موهەندیس. بەپێی بەڵگەنامەیەک سەرۆکی لیژنەی شەهیدان و قوربانیان و زیندانیانی سیاسیی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، عەبدلئیلا نائیلی نووسراوێکی فەرمی بەناوی لیژنەکەوە ئاراستەی سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی کاربەڕێکەری عێراق، عادل عەبدولمەهدی کردووە و داوا دەکات ناوی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغداوە بگۆڕدرێت بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەبو مەهدی موهەندیس.

عەبدلئیلا نائیلی ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەبو مەهدی موهەندیس دژ بە ڕژێمی پێشووی عێراق وەستاوەتەوە و ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش بۆیە وەک ڕێزێک بۆ ئەو قوربانیدانەی ناوبراو، داوا لە عادل عەبدولمەهدی دەکات کە ناوی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا بگۆڕێت بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەبو مەهدی موهەندیس. جێی باسە ڕۆژی هەینیی ڕابردوو هەریەک لە فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لەگەڵ هەشت فەرماندەی دیکەی سوپای پاسدارانی ئێران و حەشدی شەعبی لە هێرشێکی ئاسمانیی سوپای ئەمەریکادا لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا، کوژراون.

ئامارژەیەک لە وەرگێڕەوە

(تێری لێین کارڵ Terry Lynn Karl) پرۆفیسۆری ئەمەریکایی بواری زانستە سیاسیەکان، 21ی نۆڤێمبەری 1947 لەدایک بووە. ئەم لێکۆڵینەوەیەی کاتی خۆی سالی 2007 لە لایەن - پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی عێراق- کەخوالێخۆشبوو نووسەری ناسراو فالح عەبدوڵجەببار سەرپەرشتی دەکرد کراوە بە عەرەبی و وەکات لە بەغدا و هەولێر و بێرووت بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیدا بە ڕاشکاوی باسی گرفتە پەنهان و ئاشکراکانی نەوت و مەترسییەکانی لە وڵاتانی خاوەن نەوت دەکا کە چۆن ئەگەر پسپۆڕی دڵسۆز و لێزانی حیکمەتدار لە پشت ئیدارەدانییەوە نەبن لە باتی خێر دەبێتە بڵا بەسەر خودی دەوڵەتەکەوە وئەک هەر گەشەی دەوەستێنێ یا دوای دەخا، بەڵکو دەیخاتە ژێر باری قەرزی قورسیشەوە. لەم بوارەشدا ئموونە و داتای حاشاهەڵنەگر و هەندێ جار بەڵگەنەویست دێنێتەوە بەتایبەتی لە دەوڵەتە دواکەوتووەکاندا.

بەهۆی گرینگی لێکۆڵینەوەکە و بۆ بەرچاوڕوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پێویستم زانی بیکەم بە کوردی، دەنا ڕەنگە بابەتی لەم چەشنە کاری ئابووریزانان بێ تا خۆیندەر و بەدواداچوویەکی ئەدەب و هونەر).

وەرگێـــڕ



مەترسییەکانی دەوڵەتی خاوەن نەوت

وردبوونەوە لە پارادۆکسی زۆری

5-3
تێری لێین کارڵ
و : نەژاد عزیز سورمێ

ڕوانینێکی وردی دەرهاوێشتە بەردەستەکان وێنەیەکی ڕەشی تاریکمان بۆ دەردەخا، مەسەلا لە بواری نەشوئمای ئابووریدا دەبینین دەوڵەتانی ئۆپێک (ئەندەنووسیا نەبێ) لە ماوەی ساڵانی 1974 تا 1994 تێکڕای مامناوەنجی گەشەی ساڵانەی زۆر کەمترە لە تێکڕای ناوەندیی گەشە لە ماوەی ساڵانی 1960 تا 1973 واتە ماوەی پێش خرۆشانی نەوت لە کۆی ڕاستینەی بەرهەمی ناوخۆ گەشەکردنی زیاتر بووە[12].

لە ئەنجامی ئەو پاشەکشەیەی گەشە و ئەو زیاد بوونە زۆرەی ژمارەی دانیشتووان ئاستی بژێوی دابەزی و زۆربەی دەوڵەتانی ئەندامی ئۆپێک ماوەی لانی کەم دە ساڵ لە ماوەی ئەو دوو دەیەدا ئاستی بژێوی دووچاری دابەزین بوو، لە کاتێکدا خراپی دابەش کردنی داهات و قووڵبوونەوەی هەژاری و نایەکسانی تووشی وڵاتانی دیکەش بوو، لەوەش زیاتر پشکی ڕاستینەی تاک لە داهاتی نەتەوەیی لە فەنزوێلا و عێراق و کوێت و لیبیا و سعوودیە تا ئاستێکی نزمتر لە ئاستی شەستەکان دابەزی، لە کاتێکدا دابەزینی داهات لە جەزایبر و ئێران و نایجیریا هاتەوە ئاستی ساڵی 1975 و سەقامگیری نرخ هەژا، هەروەها ڕێکوپێکی بودجەیش دوای خرۆشانەکانی نەوت بە تەواوی لێک ترازا. ئێستا (1999) دەوڵەتانی ئۆپێک بە دەست شەپۆلێکی هەڵاوسانەوە دەناڵێنن کە بە ڕێژەی دەیە نەک یەکی (میرنشینە بچووکەکانی کەندراوی لێ بترازێ)، بەتایبەتیش ئەو دەوڵەتانەی پشت بە بەهای خەرج کردنی دوولایەنە بۆ نەختینەکانیان دەبەستن و بازرگانییان بە کۆتی حکوومەتەوە بەندە.

دەوڵەتانی ئۆپێک ساڵ لە دوای ساڵ بە دەست توشبوونیان بە کورتیهێنانی بودجەکانیان مانەوە کە جەزایبر لە لووتکەی ئەو کورتهێنانەدا بوو، پاشان ئێران و ئەندەنووسیا و نایجیریا و وشک بوونی ئاوی سازگار و وێران کردنی دارستانان و کەم بوونەوەی ڕووپێوی لەوەڕگاکان، بە تایبەتیش پیس بوونی ئاو بەهۆی زیادەڕۆی بەکارهێنانی قڕکەری پیترۆکیمیاوی- کە هەڕەشەیە بۆ توانای بەردەوام بوونی کشتوکاڵ[16].

لێ هەندێ واتای ئەرێنیش هەبووە، خەرجی حکوومەت دەسکەوتی بەرچاوی، ئەگەر لانی کەم بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بێ لێ کەوتووەتەوە، لە زیاد بوونی هەلی کار بە زیادییەکی هەستپێکراو و چاک کردنی بەرنامەکانی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بە ئموونە دەوڵەتانی ئۆپێک بەشێکی باشی لە داهاتی نەتەوەیی خۆی بۆ پەروەردە و تەندروستی تەرخان کرد زیاتر لە هەر کۆمەڵەیەکی دی لە دەوڵەتانی پەرەسێن. ئەو پەرەسندنانە لەو بوارانەدا دیارن، هەر چەندە لەگەڵ ئاستی خەرجییەکانیشدا نەهاتبنەوە[17].

وەبەرهێنانیش لە ژێرخاندا زۆر و ئەنجامی بەرجەستەی هەبووە، لەگەڵ ئەوەی ڕادەی پێشکەوتنیشی لەگەڵ بڕی پارەی تیا خەرج کراودا تێک نەکاتەوەو جۆری خزمەتگوزارییەکان کە لە ئاستێکی نزمدا بووە. هەروەها هۆیەکانی گەیاندنی بە وایەر و بێ وایەر و ڕێگەوبانی قیرتاوکراو و هێڵی شەمەندەفەر و وێستگەکانی بەرهەم هێنانی کارەبا زیادەیەکی هەستپێکراویان پێوە دەبینرا.

بەڵام جیاوازییەکی هەستپێکراویش لە جێبەجێ کردندا هەبوو. بۆ ئموونە ئەندەنووسیا بە هۆی زۆر ئەگەرەوە باشترین ئەنجامی بەدەست هێنا لەوانە: کەمتر پشتی بە داهاتی نەوت بەستبوو هەروەها کەرتی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی کاریگەر لە هەموو دەوڵەتانی دی زیاتر پاراست، ڕەنگە ئەوەش بۆ سەرگەرمی سەرۆک سوهارتۆ لە خۆڕێتوی بە برنج بگەڕێتەوە.

بە هۆی هاتنەناوی سندووقی نەختینەی نێودەوڵەتیشەوە لە ئەندەنووسیاوە ڕاستەوخۆ دوای خرۆشانی 1973ی نەوت، ئەوە بوو وڵاتەکە نەیتوانی سواری شەپۆلی قەرز وەرگرتن (لانی کەم قەرزی زۆر) بێ کە زۆری نەبرد هەنارەکارانی نەوتی تووشی زیان کرد، دوا جار بوونی قانوونێک سەقامگیری بودجە بسەپێنێ، وەک بەشێک لە سیستەمی قانوونی وڵات، بەری لە حکوومەت گرت بە کەیفی خۆی خەرج بکا وەک ئەوەی دەوڵەتانی دیکەی ئۆپێک کردیان. لە بەرامبەردا نایجیریا بێباک بۆ داپۆشینی پشێوی هەرێمایەتی و ئیتنی خەرجی دەکردو وای لێ هات بێ بە نموونەی ئەوپەڕی پێچەوانەی ئەندەنووسیا.

بەڵام ئەو جیاوازییە لەگەڵ زەبەللاحیشیدا، هیچی لە واقیعی کارەکە نەگۆڕی، تێکڕایی ناوەندی گەشەی کارای کۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆ لە دەوڵەتانی ئۆپێک لە نێوان ماوەی بیست ساڵ دوای خرۆشانی نەوت لە حەفتایەکان زۆر کەمتر بوو لە تێکڕای ناوەندی ئەو گەشەیە پێش خرۆشان، لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەو دەوڵەتانە هەر کە نرخی نەوت لە ناوەڕاستی هەشتایەکان دابەزی کەوتنە ناو گەردابی قەیرانی دەستگرتنەوەیەکی تونددەوە. ئەم تۆمارە نائومێدکەرەیش ئالۆزی سیاسی لێکەوتەوە، بە چاوپۆشین لە بەرز بوونەوە یان دابەزینی نرخ، هەروەها بە چاوپۆشین لە سرووشتی سیستەمی سیاسی داخۆ دیموکراتییە یان دیکتاتۆری گۆڕانکاری لەناکاو لە بارودۆخ سیستەمە سیاسییەکانی دەوڵەتانی هەنارەکاری نەوتی خستە تاقیکردنەوەیەکی دژوارەوە. هەموو سیستەمێک لە سیستەمەکانی حوکم ڕەوڕەوەی پشتیوانی سیاسی بە چەورایی سامانی نەوتەوە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سەوداکاریی نێوان دەزگای جێبەجێکردنی دەوڵەت و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بازرگانی لەنگەر پێ گرت.

بەرز بوونەوەی نرخی نەوت دەگاتە کەشێک تێکچوونی دەمودەستی سەقامگیری لێ دەکەوێتەوە، بە هێندەی دابەش کردنی دۆلارەکانی نەوت بنکەکانی تری دەسەڵات لەبان یەک دەردێنێ، لە کاتێکیشدا لێشاوی دۆلارەکانی نەوت فتیلی کێشەی پەیوەست بە چۆنیەتی داروبەش کردنەوە ئاگر دەدا ئەوا بەهێز بوونی پشێویەکانی پێشتری دوای ئەوەی دابەش کردنی قازانجی بە تەواوی دادەپۆشی، ئالۆزتر دەبوو.

بەم جۆرە دەبینین خرۆشان و خاوبوونەوە پێکەوە کار دەکەنە سەر تێکدانی سەقامگیری. سیستەمی حوکم هەیە بیتوانیبێ بەرگەی ئەو جۆرە پشێویە بگرێ، لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی بەردەست نیشانی دەدا کە دیموکراتییە نیوەچڵەکان توانیویانە خۆیان لە شەڕو شۆڕشان بە دوور بگرن کە ئۆتۆکراتیایەتیەکانی ئەندەنووسیا.

بەڵام ئەو جیاوازییە لەگەڵ زەبەللاحیشیدا، هیچی لە واقیعی کارەکە نەگۆڕی، تێکڕایی ناوەندی گەشەی کارای کۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆ لە دەوڵەتانی ئۆپێک لە نێوان ماوەی بیست ساڵ دوای خرۆشانی نەوت لە حەفتایەکان زۆر کەمتر بوو لە تێکڕای ناوەندی ئەو گەشەیە پێش خرۆشان، لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەو دەوڵەتانە هەر کە نرخی نەوت لە ناوەڕاستی هەشتایەکان دابەزی کەوتنە ناو گەردابی قەیرانی دەستگرتنەوەیەکی تونددەوە. ئەم تۆمارە نائومێدکەرەیش ئالۆزی سیاسی لێکەوتەوە، بە چاوپۆشین لە بەرز بوونەوە یان دابەزینی نرخ، هەروەها بە چاوپۆشین لە سرووشتی سیستەمی سیاسی داخۆ دیموکراتییە یان دیکتاتۆری گۆڕانکاری لەناکاو لە بارودۆخ سیستەمە سیاسییەکانی دەوڵەتانی هەنارەکاری نەوتی خستە تاقیکردنەوەیەکی دژوارەوە. هەموو سیستەمێک لە سیستەمەکانی حوکم ڕەوڕەوەی پشتیوانی سیاسی بە چەورایی سامانی نەوتەوە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سەوداکاریی نێوان دەزگای جێبەجێکردنی دەوڵەت و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بازرگانی لەنگەر پێ گرت.

بەرز بوونەوەی نرخی نەوت دەگاتە کەشێک تێکچوونی دەمودەستی سەقامگیری لێ دەکەوێتەوە، بە هێندەی دابەش کردنی دۆلارەکانی نەوت بنکەکانی تری دەسەڵات لەبان یەک دەردێنێ، لە کاتێکیشدا لێشاوی دۆلارەکانی نەوت فتیلی کێشەی پەیوەست بە چۆنیەتی داروبەش کردنەوە ئاگر دەدا ئەوا بەهێز بوونی پشێویەکانی پێشتری دوای ئەوەی دابەش کردنی قازانجی بە تەواوی دادەپۆشی، ئالۆزتر دەبوو.

بەم جۆرە دەبینین خرۆشان و خاوبوونەوە پێکەوە کار دەکەنە سەر تێکدانی سەقامگیری. سیستەمی حوکم هەیە بیتوانیبێ بەرگەی ئەو جۆرە پشێویە بگرێ، لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی بەردەست نیشانی دەدا کە دیموکراتییە نیوەچڵەکان توانیویانە خۆیان لە شەڕو شۆڕشان بە دوور بگرن کە ئۆتۆکراتیایەتیەکانی

وەک چۆن زێڕیش لە ئەفسانەی مەلیک میداسدا لەگەڵ ئەو هیوایە گەورەی بە خۆشگوزەرانی بۆ وڵاتەکەی پێ هەڵچنی بوو ژیانی لێ تێک دا، نەوتیش بەو ڕەنگە سێیەری ڕەشی بەسەر هەموو شتێکدا گرت، یان با بڵێین هەموو شتێکی نەوتاوی (Petrolize) کرد.

وەک دەگوترێ (تۆوی تۆوەکانی نەوت) بۆ ئایندە sowing petroleumئەوا ئەنجام دوورترە لە ئەسڵی وبستی حکوومەتان، لە کاتێکیشدا زۆربەی دەوڵەتانی ئۆپێک پشت بەستنیان بە کەرتی نەوت کەم کردەوە، لێ گونجاندنی ئەو کەم کردنەوەیە لەگەڵ واقیعدا بۆ زیاد بوونێکی لەڕادەبەرە لە پشکی کەرتی خزمەتگوزاری، هەروەها دارمانێکی لەناکاو یا وەستاوی لە کەرتی کشتوکاڵدا بە دوای خۆیدا هێنا، دوا جار، ئاسۆی بەردەوامی گەشە پێ ناچێ دەربکەوێ، ئەمەش تەنیا بۆ پشت بەستن بە سەرچاوەیەکی بەرەو چک بوون بە لێشاوی لەبارەی بەرتێل و مامەڵەی گومانلێکراوی تێدایە و نیشانەی ئامارەکانی گەندەڵی کە ڕێکخراوی (ڕووبەدەریی-شەفافییەت- نێودەوڵەتی Transparency International) پێی گەیشتووە نایجیریا بە دەوڵەتی لە هەمووان گەندەڵتر دادەنێ لە جیهاندا، پاشان دەوڵەتانی ئەندامی ئۆپێک دێن وەک ئەندەنووسیا و فەنزوێلا و جەزایبرو ئێران وسعوودیە[15].

سەرەڕای ئەوەش کێشەی مەترسیداری ژینگە لە شێوەی بەرز بوونەوەی ئاستی پیس بوونی هەوا بە وزەی پڕ لە کبریت و ئەندەنووسیا.

بەڵام ئەو جیاوازییە لەگەڵ زەبەللاحیشیدا، هیچی لە واقیعی کارەکە نەگۆڕی، تێکڕایی ناوەندی گەشەی کارای کۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆ لە دەوڵەتانی ئۆپێک لە نێوان ماوەی بیست ساڵ دوای خرۆشانی نەوت لە حەفتایەکان زۆر کەمتر بوو لە تێکڕای ناوەندی ئەو گەشەیە پێش خرۆشان، لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەو دەوڵەتانە هەر کە نرخی نەوت لە ناوەڕاستی هەشتایەکان دابەزی کەوتنە ناو گەردابی قەیرانی دەستگرتنەوەیەکی تونددەوە. ئەم تۆمارە نائومێدکەرەیش ئالۆزی سیاسی لێکەوتەوە، بە چاوپۆشین لە بەرز بوونەوە یان دابەزینی نرخ، هەروەها بە چاوپۆشین لە سرووشتی سیستەمی سیاسی داخۆ دیموکراتییە یان دیکتاتۆری گۆڕانکاری لەناکاو لە بارودۆخ سیستەمە سیاسییەکانی دەوڵەتانی هەنارەکاری نەوتی خستە تاقیکردنەوەیەکی دژوارەوە. هەموو سیستەمێک لە سیستەمەکانی حوکم ڕەوڕەوەی پشتیوانی سیاسی بە چەورایی سامانی نەوتەوە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سەوداکاریی نێوان دەزگای جێبەجێکردنی دەوڵەت و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بازرگانی لەنگەر پێ گرت.

بەرز بوونەوەی نرخی نەوت دەگاتە کەشێک تێکچوونی دەمودەستی سەقامگیری لێ دەکەوێتەوە، بە هێندەی دابەش کردنی دۆلارەکانی نەوت بنکەکانی تری دەسەڵات لەبان یەک دەردێنێ، لە کاتێکیشدا لێشاوی دۆلارەکانی نەوت فتیلی کێشەی پەیوەست بە چۆنیەتی داروبەش کردنەوە ئاگر دەدا ئەوا بەهێز بوونی پشێویەکانی پێشتری دوای ئەوەی دابەش کردنی قازانجی بە تەواوی دادەپۆشی، ئالۆزتر دەبوو.

بەم جۆرە دەبینین خرۆشان و خاوبوونەوە پێکەوە کار دەکەنە سەر تێکدانی سەقامگیری. سیستەمی حوکم هەیە بیتوانیبێ بەرگەی ئەو جۆرە پشێویە بگرێ، لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی بەردەست نیشانی دەدا کە دیموکراتییە نیوەچڵەکان توانیویانە خۆیان لە شەڕو شۆڕشان بە دوور بگرن کە ئۆتۆکراتیایەتیەکانی

حاڵ بەوە گەیشت یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی ئۆپێک، خوان پابلۆ پیرێز ئەلفۆنسۆ بڵێ: (نەوت لە گووی شەیتان زیاتر نییە، ئێمە خەریکە لە پاشەڕۆی شەیتان نقوم دەبین).

نەوتی ڕامانین[18] نموونەیش زۆرە، ئێران سەرەتا و دراماتیکیترینی نموونانە، کاتێ شای ئێران لە ئاکامی شۆڕشێکی ئیسلامییەوە ڕووخا، ڕەخنە تاڵەکانی لێی گیران هەمووی لەسەر پیشەسازی بەپەلەپەل و بە ڕۆژئاوایی بوونی خێرای (شارستانیەتە مەزنەکەی) بوو.

بەڵام نایجیریا، نایجیریا لە نێوان حوکمی سەربازیی و حوکمی مەدەنیدا بە ئاهەنگی هەڵبەز و دابەزی نرخی نەوتەوە دەهات و دەچوو بێ ئەوەی لە چەسپاندنی ئەم یا ئەویاندا سەرکەوتوو بێ. جەزایبریش لە لێشاوی شەڕێکی ناوخۆدا نقوم بوو کە لە ئاکامی تێکچوونی نرخی نەوت وڵاتی لەبێن برد. لێ حوکمی سوهارتۆ کە بەدەر بوو لە خراپ ئیدارەدانی دەسکەوتەکانی نەوت ئەوا ماوەیەکی درێژتر بەحاڵی خۆی ڕاگەیشت، ڕەنگە ئەوەش بە هۆی ئەوەوە بووبێ کە نەوت ڕۆڵێکی کەمتری لە ئابووری ئەندەنووسیادا گێڕابێ. بەڵام دواجار ڕژێمی سوهارتۆ بە هۆی تەشەنەی گەندەڵی و سەرمایەداری خزمخزمێنەوە داڕما. فەنزوێلا حکایەتێکی دی هەیە، ڕاستە هێشتا وەک دووەمین دەوڵەتی دیموکراسی ئەمەریکای لاتین ماوە، بەڵام ئالۆزی و کاری تووندوتیژی کە بە توندی هەژاندی، ئەمەش لە هەوڵی کودەتای سەربازی و کۆتایی پەیماننامەی سیستەمی حزبیی سیاسیدا ڕەنگی دایەوە[19].

بەو مانایە سیاسیە دیاریکراوەیش، ئەوا نەوت بە ڕاستی گووی شەیتانە.

International, at http://www.transparency.de.

(16) خەملاندنە تایبەتییەکان دەڵێن بەشی تاکەکەس لە دەرامەتی ژیانێکی نوێبوەوەدا بە ڕێژەیەکی ترسناک کە دەگاتە 72% لە لیبیا و سعوودیە کەمی کردووە، 94%یش لە میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب و 57%یش لە جەزایبر، لە ئەنجامی پیس بوون و زیادەڕۆیی ئاودانی کشتوکاڵ. تەماشا کەن ژمارەی خەرجی سەربازی لەم وڵاتانەدا بڵاوناکرێتەوە، کە دوایی ئەوەی لەم بارەیەوە دەکەوێتە بەردەست هەروەها لەبارەی بازرگانی چەکیش ورد نییە و ناتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ، دیسان جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەو وڵاتانەدا هەیە، بەشی خەرجی سەربازی لە کۆی گشتیی بەرهەمی نیشتمانی بەمۆونە لە دەوڵەتانی کەنداو بەرزترینە لە جیهاندا لە کاتێکدا لە فەنزوێلا دا تا ڕادەیک نزمە.

Amuzegar (1999), p. 179. بڕوانە:

(17) ئامۆزیگار ئاماژە بەوە دەکا ناوەندی فێربوونی ئەلف وبێ لای پێگەیشتووان لە نێوانی بیست ساڵدا گەشەیەکی باشتری کردووە، لە47٪ وە نێوان ساڵانی 1974-1975بووە بە72٪ لە نێوان ساڵانی 1993 1994 -، بەڵام ئاستی چوونە بەر خوێندن لەسەر هەموو ئاستێک بەرز بووەتەوە. هەر ئەو سەرچاوەیە ل170.

(18) (Karl 1997) (بەتایبەتی بەشی نۆیەم.

(19) سیستەمی حزبی لە فەنزوێلا بە پێی بنەمای بەڵێننامەی هاوپەیمانیەتی دامەزرا، ئەمەش واتە حزبە سیاسیە سەرەکییەکان ڕێککەوتنێکی بنەڕەتییان کرد سنووردێک بۆ مللمانێی نێوانیان دابنێن و چەندیەتی و چۆنیەتی کێشە وروژاوەکان لە پێشبڕکێیی هەڵبژاردن کەم بکەنەوە. ئاشکرا بوونی ئەو ڕێککەوتنە نهێنیانەیش بوو بە هۆی هەڵبژادنی فەرماندەیەکی پێشووی سەربازی کە هەوڵی دابوو کودەتایەک بەسەر حزبە سەرەکییەکاندا بکا.

وانەکانی ئەزموونی ئۆپێک تەڵەی بنیاتی گەشە کە بە نەوت بەڕێوە دەچێ

بڵێی سەرکردەی دەوڵەتانی ئۆپێک چییان کردووە- یا نەکردووە- بۆ گەیشتن بەو واتا زەلیلەی گەشە؟ ئەگەر هەموو حکوومەتەکانی دەوڵەتانی ئۆپێک لە وشک بوونی سەرچاوەکانی نەوت بترسن، ئەوا باسکیان لێ هەڵمالێیە کە (تۆوی نەوت بچێنێ)، ئەمەش دەربڕینێکی بە تەوسەوەیە، مەبەست لێی بەکارهێنانی پارەی نەوتە بۆ بنیاتنانی بنکەیەکی بەردەوامی پێدانی ئابووری پاش نەوت لە ڕێی پێشخستنی پیشەسازی قورس و نوێ کردنەوەی ژێرخان، یان لە کوێ پێویست بوو وەبەرهێنان لە بواری بەرگریدا. هەندێ وڵات وەک فەنزوێللا تێگەیشتن کە هەڵڕژانی پارەی نەوت بەسەر دەوڵەتەکانیاندا گرفتی بەڕاستی لێ پەیدا بوو بۆیە دەستی دایە دروست کردنی سندوقی وەبەرهێنان لە دەرەوەی وڵات بۆ لەخۆگرتنی دۆلارەکانی نەوت کە کاریگەری پاشڤەبڕی پێچەوانەی لێ ناکەوێتەوە. بەڵام ئەم کۆششە کە بە نییەتی پاکەوە کرا هیچی لێ شین نەبوو چونکە (زەینی پاشەکەوت) کە ماوەیەکی کورت بوو لە گۆڕێ بوو زۆری نەبرد ڕێزشت و تا بەخێرایی شێتایەتی خەرج کردن و ئارەزووی لە سنووران بەدەر لە قازانجویستیدا جێگەی بگرێتەوە.

بەهۆی ئەو شێتایەتییەی نەوتیشەوە هەموو پشتیوانی سندووقەکانی دەرەوە بۆ ئابووری ناوخۆ لە ڕێگەی خەرجیی حکوومەتەوە گەڕێنرانەوە، بە پەرەسەندنی (ئالوودەبوون) بە دۆلاری نەوت وای لێ هات تەنانەت داهاتی خرۆشانی نەوتیش بەشی تێر کردنی چلێسی خەرج کردن نەکات.

پەراوێز:

(12) قەیرانی ئەم دواییەی ئەندەنووسیا دوای بیست ساڵ سەری هەلدا، بەڵام پێشهاتەکانی بە دوایدا هاتن ئەم شێوازە پشتڕاست دەکەنەوە، بڕوانە: Amuzegar (1999), p.235

(13) Karl (1997), p. 255.

(14) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل 262.

(15) زانیارییەکان لە مالپەڕی ئەلکترۆنی دەزگای (ڕووبەدەرایەتی نێودەوڵەتی)ـەوە وەرگیراون

Data taken from, Transparency

دابەشکردنی هاوکارییە داراییەکان بۆ کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش دەست پێدەکاتەوە

وەزارەتی پێشمەرگە ڕاگەیاندراوێکی لە ماڵپەڕی فەرمی خۆی بڵاو کردووەتەوە و تێیدا هاتووە: دوێنێ دووشەممە 2020/1/6 بە سەرپەرشتی سەربەست لەزگین بەرێکاری وەزارەتی پێشمەرگە کۆبوونەوەیەک لەبارەی هاوکاریکردنی خێزانی شەهیدانی شەڕی داعش بەڕێوەچوو. بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژەی بەوە دا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر هاوکاریکردنی خانەوادەی شەهیدانی شەڕی داعش دەربڕیوە و پارەکە ئامادەیە بۆ دابەشکردن، هەروەها تیشکی خستە سەر چۆنیەتی و بڕی خەرجکردنی ئەو هاوکارییە بۆ شەهیدەکانی شەڕی داعش کە بۆ خێزانی هەر شەهیدێک 5 ملیۆن دینارە، هاوکات لەم بارەیەوە ڕێنوێنی پێویستی لەبارەی چۆنیەتی دابەشکردن و گەیاندنی هاوکارییەکە بە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان بە ئامادەبووان دا، بە جۆرێک کە لە خزمەتی کەسوکاری شەهیداندا بێت. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، ئامادەبوان و نوێنەری لیوا و بەڕێوەبەرایەتییەکان هەموو ئامادەییەکی خۆیان نیشان داوە کە بە پەرۆشییەوە ئەم ئەرکەیان جێبەجێ بکەن و دڵسۆزانە و بەزووترین کات هاوکارییەکە بگەیەنن بە خێزانی سەربەرزی شەهیدان.

هەولێر.. پارێزگاری هەولێر کۆمەڵەی مانگی سوری عێراقی بەسەرکردەوە



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بە یاوەری جێگرانی پارێزگار بەمەبەستی ئاگاداربوون لە ڕەوشی بەڕێوەچوونی ئەرک و کارەکانی، سەردانی لقی هەولێری کۆمەڵەی مانگی سوری عێراقی کرد و لەلایەن بەڕێوەبەر و ستافی کاری کۆمەڵەکەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا. لەو بەسەرکردنەوەیەدا پارێزگاری هەولێر لەدانیشتنێکدا لەگەڵ بەڕێوەبەر و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەکە لە ڕەوشی بەڕێوەچوونی کارەکانی کۆمەڵەی ناوبراوی کۆڵیبەوە و دواتر یەکە بەیەکەی بەش و ژووری نەشتەرگەری بەسەرکردەوە. د.فرسەت سۆفی ئامادەیی پارێزگای هەولێری بۆ هەرچی یارمەتی و هاوبەشی پێویست هەیە بەهاوبەشی لەگەڵ لقی هەولێری کۆمەڵەی مانگی سوری عێراقی لە سنوری پارێزگای هەولێر بۆ یارمەتیدانی ئاوارە و لێقەوماوان نیشاندا و داواشی کرد چەندی دەکرێت بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان هاوکاربن و پارێزگای هەولێریش پاڵپشت و هاوکارتان دەبێت.

هێمن قادر بەفەرمی وەک جێگری پارێزگاری هەولێر دەستبەکاربوو



ڕاگەیاندنی پارێزگای هەولێر بڵاویکردەوە کە دوێنێ دووشەممە 2020/1/6 د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر، لەدیوانی پارێزگا، بەفەرمی فەرمانی دەست بەکاربوونی هێمن قادر فەقێ عەبدوڵای وەک جێگری پارێزگاری هەولێر ڕادەستکرد. لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر لە ڕۆژی پێنجشەممە 2019/11/14 هێمن قادر فەقێ عەبدوڵا بۆ پۆستی جێگری پارێزگاری هەولێر بەزۆربەنەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر هەڵبژێردرا و دوێنێش لە ڕێوڕەسمێکدا د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر، بەفەرمی فەرمانی دەست بەکاربوونی وەک جێگری پارێزگار بۆ کاروباری کارگێڕیی ڕادەستکرد.

بەرپرسێ لقێ ئێک سەرەدانا دێرا کلدانا لسەنتەرێ پارێزگەها دهوکێ کر



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا کارگیرێ لقێ سەرا دێرا کلدانا لسەنتەرێ پارێزگەها دهوکێ دا و ژلایێ مەتران و کەسایەتییێن کلدانان ڤە هاتنە پێشوازی کرن، ئەڤەو دڤێ سەرەدانێ دا بەرپرسێ لقێبنافڤێ خوە و لقا ئێک پیرۆزباهییێن گەرم ئاراستەی وان کرن بهەلکەفتا هاتنا جەژنا وان و هیڤی خواست کو هەمی ڕۆژێن گەلێ کوردستانێ بکەیف خوشی دەرباز بن.

بلێ.. بەرگری شارستانی ئاماری ڕووداوەکانی ساڵی 2019ی ڕاگەیاند



مسلم دزلەمەری ـ بارزان

نەقیب بەهزاد عەبدوڵا بەڕێوەبەری بنکەی بەرگری شارستانی بلێ ئاماری ڕووداوەکانی ساڵی 2019ی سنووری خۆی ڕاگەیاند کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- سوتانی پووش و پاوان لەوەرزی هاویندا کە زیاتر لە 2750 دۆنم بووە.

2- دوو ڕووداوی جۆری خنکان تۆمارکراوە کە هەردووکیان دۆزینەوەی تەرمی دوو هاووڵاتی بوون لەرووباری نزیک شارۆچکەی بلێ، یەکەمیان تەرمی هاووڵاتیەکی نەناسراوبوو کە دوای دەرهێنانی لەلایەن کارمەندەکانمان گواستراوەتە نەخۆشخانەی گشتی بلێ و لەوێشەوە بۆپزیشکی داد.

دووەمیان دۆزینەوەی تەرمی ئەو کچەی دانیشتووی دێرەلوک بوو کە دوای چەندین ڕۆژ مانەوەی لەنێو ئاودا لە نزیک شارۆچکەی بلێ لەلایەن کارمەندەکانمان دۆزرایەوە و ڕادەستی خێزانەکەی کرایەوە.

3- سوتانی سێ محاویلەی کارەبا کەدووانیان لە بلێ و یەکیشیان لە ڕێزان بوو کە هۆکارەکانیان بارگرانی بوو.

4- سوتانی ژمارەیەک لەماڵی هاووڵاتیان بەهۆکاری جیاجیا.

سلێمانی.. چەند بڕیارێک لەبارەی ئەنفلۆنزای وەرزی دەرکرا

لە ڕاگەیەندراوێکدا تەندروستی سلێمانی بلاویکردەوە بەسەرپەرشتی د. سەباح نەسرەدین بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی و بەئامادەبوونی جێگرانی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی سلێمانی و بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەری کارگێڕی بەشێک لەنەخۆشخانە پەیوەندیدارەکان دووەمین کۆبونەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەنفلۆنزای وەرزی لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی ئەنجامدرا.

بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی ئاماژە بەوەش دەکات کە لەکۆبونەوەکەدا دۆخی ئێستای ئەنفلۆنزای وەرزی لەشاری سلێمانی بۆدانانی ڕێوشوێنی پێویست لەمەڕ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم پەتایە بڕیاری پێویستی لەسەردرا کەخۆی دەبینێتەوە لە: هەماهەنگی تەواوبکرێت لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی و نەخۆشخانە ئەهلیەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە.

پێداچوونەوە بەهەموو ڕێوشوێنەکانی کەپێشتر گیراونەتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای وەرزی.

بڕێکی زیاتر لەفاکسینی دژی ئەنفلۆنزا دابین بکرێت بۆ دەزگا تەندروستییەکان و هاوڵاتیان.

داوا لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن بکرێت کەڕێنمایی تەندروستیەکان لەبارەی خۆپاراستن لەئەنفلۆنزای وەرزی بڵاوبکەنەوە.

جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ جەژنا ئەرمەنێن ئەرتوسودوکس پیروز کر

ب مەرەما پیروزکرنا جەژنا بونا حەزرەتا عیسایێ مەسیح ل برایێن ئەرمەن و ب نونەراتیا فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهۆکێ دوهێ نیڤرو 2020/1/6 بەهزاد عەلی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ و ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکارێ پارێزگەرێ بو کاروبارێن مروڤایەتی سەرا دێرا ئەرمەنێن ئەرتوسودوکس ل تاخێ ماسیکێ ل باژێرێ دهۆکێ دا ژلایێ قەشە ماسیس شاهیان و کەسایەتییێن برایێن ئەرمەن پێشوازی لێ هاتە کرن. جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ بنافڤێ پارێزگەرێ دهۆکێ و کارگێریا پارێزگەهێ جەژنا هەموو برایێن ئەرمەن ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ و ل هەرێما کوردستانێ پیروز کر و خواست کو برایێن ئەرمەن هەر سال ڤان جەژنا بخێر و خوشی و ئاشتی و ئازادی ڤەگێرن. هەژی گوتنێ یە پتر ژ سێ هزار ئەرمەنا ل کوردستانێ هەنە ونێزیکی 2400 کەسان ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ دژین .

گەرمیان.. کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج ئاگادار دەکرێنەوە

خەبات ـ سەربە یوسف

جەبار عومەر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان، ڕایگەیاند: وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان، دایک و باوک و هاوسەری شەهیدی سەنگەر و شەهیدی جینۆساید ئەنفال ئەوانەی ئارەزووی بەجێهێنانی فەریزەی حەجیان هەیە ئاگاداریان دەکەینەوە لە ماوەی 15ی ڕۆژی داهاتوودا سەردانی دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکەن بە مەبەستی ناو نووسین کە بە شێوەی تیر و پشک ناوەکان دەردەچێت. گووتیشی: پێویستە ئەم بەڵگەنامانە لەگەڵ خۆیان بهێنن، ناسنامەی داواکار، ناسنامەی شەهید. ئەوەشی خستەڕوو کە ئەو کەسانەی پێشتر فەریزەی حەجیان بە جێهێناوە با سەردانمان نەکەن.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم ئاماری ساڵی ڕابردووی خستەڕوو

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵێکدا دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر 186 کچ و ژن و هەر بەپێی ئەو ئامارە لە هەرسێ پارێزگاکە، لە شاری هەولێر 34 تاوانی دەستدرێژی تۆمار کراوە و لە شاری دهۆکیش 50 تاوان و لەشاری سلێمانیش 64 تاوان تۆمار کراون و لە شاری هەڵەبجەش هیچ تۆمار نەکراوە، هەر لەو ئامارەدا لە قەزای سۆران و هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین 38 تاوانی دەستدرێژی سێکسی تۆمار کراوە، لە ڕاپەڕین 15 تاوان و لە گەرمیان 21 تاوان و لە قەزای سۆران 2 تاوان تۆمار کراون، هەربەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم کۆی گشتی تاوانە تۆمار کراوەکان بریتین لە15 هەزارو 711 تاوان و لەو ژمارەیەش 12 هەزارو838 تاوان ئاشکرا کراون و بە گوێرەی ئامارەکەش لە شاری سلێمانی زۆرترین تاوان ئەنجامدراون، کۆی گشتی تاوانەکان 5 هەزارو658 تاوان بوون، لە شارۆچکەی سۆران کەمترین ژمارەی تاوان تۆمار کراون کە بریتییە لە447 تاوان و شاری هەڵەبجەش بە پلەی سێیەم دێت لە ڕووی کەمی تاوان کە بریتییە لە521 تاوان و شاری دهۆک و هەولێریش بە پلەی چوارەم و پێنجەم دێت لە ڕووی ژمارەی تاوان و پاشان گەرمیان و ڕاپەڕین.

گەرمیان.. لە ساڵی 2019 دا 301 ڕاوچی دەستگیرکراون

خەبات ـ سەربە یوسف

پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان، ئاشکرای کرد ساڵی ڕابردوو لە سنووری ئیدارەی گەرمیان301 ڕاوچی و سەربێچیکار دەستگیرکراون و بەڕاورد بە ساڵی 2018 حاڵەتەکانی ڕاوکردن و گرتنی ڕاوچیان زیادی کردووە. لەوبارەیەوە، سەرکەوت ڕەحیم، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: ساڵی ڕابردوو 301 ڕاوچی و سەربێچیکار لەکاتی ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی و بڕینەوەی دار و ڕاوەماسیدا دەستگیرکراون و زۆربەی سەربێچیکارانیش ڕاوچی بوون، لە کاتێکدا ساڵی 2018 ژمارەی سەربێچیکاران 286 کەس بووە، واتا بەجیاوازی 15 کەس ڕووی لە زیاد بوون کردووە. گووتیشی: بڕی هەشت ملیۆن و 312 هەزار دینار وەک پێ بژاردن لە سەربێچیکاران وەرگیراوە.

گووتەبێژی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە هەر لەساڵی پاردا 109 پارچە چەک و567 فیشەک 12 ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلیش دەستیان بەسەرداگیراوە لەهەمان کاتیشدا 77 باڵندەو ئاژەڵی کێوی ئازادکراون.



لە ساڵی 2019 زیاتر لە 375 تەن خۆراکی ماوەبەسەرچوو دەستی بەسەردا گیراوە

لە سنووری شاری هەولێر و دەوروبەری 312 دەرمانخانە و کۆگای دەرمان داخراون



قائیمقامی هەولێر: کۆی گشتی پارەی پێبژاردنەکان بریتی بووە لە 224 ملیۆن دینار کە لە قایمقامیەتەوە سزا دراون



قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر هاوواڵاتیانی دڵنیاکردەوە کە تیمەکانی لێژنەی پشکنین وچاودێری بازاڕ ڕۆژانە لەبازاڕو شوێنە گشتیەکان شەوو ڕۆژ بەدواداچوون دەکەن بۆ ئەوەی خۆراکی ماوەبەسەرچوو بنەبڕ بکرێت و نەبێتە هۆکاری مەترسی بۆ سەر تەندروستی هاوواڵتیان، بەڵام پێویستە ئەوانیش هاوکارمان بن و دەستنیشانی ئەو شوێنانەمان بۆ بکەن کە خۆراکی ماوەبەسەرچووی تیایە .

خەبات: فاتیح بەرزنجی

نەبەز عەبدوڵڵەمدی قائیمقامی قەزای ناوەندی هەولێر دەڵێت: لە ساڵی 2019 لێژنەکان توانیویانە دەست بەسەر سەدان تەن خۆراکی ماوەبەسەرچوودا بگرن و هەموو ئەوکەسانەی کە خۆراکی ماوەبەسەرچوویان هێناوەتە بازاڕ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوەوسزا دراون و سەرپێچیەکانیش تۆمار کراون و ئەو سەرپێچیانەی کە بچوک بووە هەوڵ دراوە زیاتر ڕێنمایی و هوشیاری پێ بدرێت و دیارە ئەمساڵ زیاتر لە 130 شوێن داخراون کە شایانی داخستن بووین وکۆی گشتی ئەو خۆراکەی کە ماوەکەی بەسەرچووەو دەستی بەسەرداگیراوە و لەناوبردراوە بریتی بووە لە 375 تۆن و 828 کیلۆ بووە و بەشێوەیەکی زانستی و تەندروستی لەلایەن لێژنەکانەوە بەئامادەبوونی ئەندامانی لێژنەکانەوە لەناوبردراوە و هەندێ کەسیش هەبووە لەسەر سەرپێچیکردن بەند کراوەو ئەوەیش کەیسەکەی گەورەبووە لەلایەن دادگا بەند کراوەو سزای داخستن و پێ بژاردنیش هەبووە. هەروەهاش ئە و کۆگا مارکێت و شوێنانەی کە سەرپێچیان کردووە کۆی گشتی پارەی پێبژاردنەکان بریتی بووە لە 224 ملیۆن دینار کە لە قایمقامیەتەوە سزا دراون بۆ کراوە. نەبەز عەبدوڵڵەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر دەشڵێت: لێژنەیەکی کارا هەیە بۆ بەدواداچوون بۆ کەیسی دەرمان و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ئەو کەیسە و بەسەر کردنەوە بۆ کۆگاکان و دەرمانخانەکان دەکات تا لەنزیکەوە ئاگاداری دەرمان بن و بزانن ئەو دەرمانانە ڕێگە پێدراوە یاخود نا یاخود بەقاچاغ هاتووە یاخود دەرمانەکان ماوەیان بەسەرچووە دیارە لەسنووری شاری هەولێرو دەوروبەری توانراوە 312 شوێنی دەرمان داخراوە جا چ سەرپێچیان کردووە و سزاکانیشی بریتی بووە لە 165 ملیۆن دینار سزای دارایی دراون واتا ئەوانەی کە کاری دەرمان دەکەن و سەرپێچیان کردووە بە پارە سزا دراون یاخود داخراون و هەندێکیشیان ڕەوانە دادگا کراون بۆ بەندکردن ئەوانەیش سەرپێچی زۆریان لەسەر کەیسی دەرمان کردووە و ئەوانەشی کە بەدرێژای ئەمساڵ سەرپێچیان کردووە بریتی بووە لە 238 کەس دەستگیر کراون لەلایەن لێژنەکانی قایمقامیەت یاخود مەفرەزەکانی سەر بە قایمقامیەتی هەولێرەوە و لەو ژمارەیەش 120 کەس دراونەتە دادگاو بەبڕیاری دادگاش بەند کراون ئەوانی دیکەیش بەڵێننامەیان پڕ کردۆتەوە کە چیتر سەرپێچی ناکەن. دواتر قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر گوتی: ئەو دەرمانانەی کە چ بەقاچاغ بێت یاخود ماوەکەی بەسەر چوو بێت بەدرێژایی ئەمساڵ لەلایەن لێژنەکەی ئێمەوە بەهاوکاری کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان کە بەپاڵپشتی ئەوان توانراوە دەست بەسەر 78 تۆن دەرمان دابگیرێت دیارە ڕێژەکەی دابەزیوە لەچاو ساڵانی ڕابردوو ئەویش بەچاوکراوەیی لێژنە هاوبەشەکان بووەو چاودێریەکان تووندتر بووەو ئەو بڕەش کە 78 تۆن دەرمان بووە بەشێوەیەکی زانستی لەناوبردراوە ئەو لەناو بردنەش بەئاسانی نەبووە بەڵکو بەو شێوەیە بووە تا کاریگەری بۆ سەر تەندروستی و ژینگە نەبێت.

لە چۆمان و رواندز و مێرگەسۆر کۆتایی پێهاتووە

لە قەزای سۆران پرۆسەی دابەشکردنی نەوت بەردەوامە





خەبات: ڕەنجبەر بەرزنجی

ئاشکرایە سنووری هەر چوار قەزای سۆران و چۆمان و رواندز ومێرگەسۆر ناوچەیەکی شاخاوی سەختن کە هاوواڵتیانی ناوچەکە لە وەرزی زستاندا بۆ خۆگەرمکردنەوە پێویستییان بە سووتەمەنییەکی زۆر هەیە ، لەو ڕاستایەدا ئەمساڵ زووتر لە ساڵانی پێشوو هەروەک پێشتر بریاری لەسەر درابوو دەست بەدابەشکردنی نەوت بەسەر هاوواڵتیان کرا، تا ئێستاش پرۆسەکە لە هەر سێ قەزای چۆمان و رواندز و مێرگەسۆر کۆتایی پێهاتووە و لە سنووری قەزای سۆرانیش پرۆسەکە بەردەوامە و لە ماوەیەکی نزیکدا کۆتایی پێدێت .

دابەشکردنی سووتەمەنی بەهۆی ئەوەی نرخی نەوت لە بازاری ئازاد زۆر بەرزە، هاوواڵتیان لە وەرزی زستاندا هەمیشە چاوەڕێیی ئەوەن کە حکومەت خۆی بە نرخێکی گونجاو نەوت بەسەر هاوواڵتیان دابەش بکات، بە تایبەتی هاوواڵتیانی ناوچە شاخاویەکان، بە وتەی لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ئەمساڵ پرۆسەکە زووتر دەستپێکرد و پرۆسەی دابەشکردنەکەش خێراییەکی باشتری هەبووە، (حوسێن محمد) بەڕێوەبەری کۆمپانیای خۆراکی سۆران لەمبارەیەوە ڕایگەیاند، خۆشبەختانە توانراوە پرۆسەی دابەشکردنی نەوت لە هەر سێ قەزای رواندز و چۆمان و مێرگەسۆر کۆتایی پێبێت و لە ئێستاشدا پرۆسەکە لە سنووری قەزای سۆران کە خۆی لە نزیکەی (36) هەزار خێزان دەبینێتەوە بەردەوامە و توانراوە نەوتی سپی بەسەر نزیکەی (22) هەزار خێزان دابەشبکرێت و ئومێدمان وایە لە ماوەیەکی کەمدا پرۆسەکە لە سۆرانیش کۆتایی پێببێت. **(48)**

هەزار دینار بۆ یەک بەرمیل نەوت

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا بەڕێوەبەری کۆمپانیای خۆراکی سۆران لە بارەی ئەو بڕە پارەیەی کە لە هەر خێزانێک بەرامبەر بە یەک بەرمیل نەوت وەردەگیردرێت وتی : بەرامبەر بە یەک بەرمیل نەوت بڕی (48) هەزار دینار لە هەر خێزانێک وەردەگیردرێت کە کە (44500) دیناری بۆ حکومەت و (1500) دیناری بۆ بریکارەکان و (2000) دیناریش بۆ خاوەنی تانکەرەکانی دابەشکردنە، بڕیە لای خۆمەوە و لە ڕێگای ئێوەوە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە لە سنووری پارێزگای هەولێریش وەک پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆک، هەر خێزانێک لە ڕێگای کارتی سووتەمەنییەوە ئەو بەرمیل نەوتەی بەسەر دابەشبکرێت.

پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی:

بارزانیی نەمر کەسایەتییەکی مەزن و بەهەیبەت و سەربەرز بوو، ئەزموونی سەختی ژیان فێری کردووە چاو نەترس بێت لە دوژمن

گوتم مەلامستەفا ئەی بۆ دانانیشیت و واز لەو جموجۆلانەت ناهێنیت، ئەی بێزار نەبوویت؟، خۆ ئەگەر تۆ بێ سەرئێشە بیت بۆ حکوومەت، باوەڕ ناکەم حکوومەتیش سەربکاتە سەرتان و سزاتان بدات، خۆ ڕەنگە حکوومەت خزمەتیشتان بکات و قەرەبووشتان بۆ بکاتەوە و خزمەتگوزاریش بگەیەنێتە ناوچەکانتان، مەلامستەفا گوتی مامۆستا ئەگەر ڕێگە بفەرموێت من پرسیارێکت لێ دەکەم، گوتم فەرموو، بارزانی گوتی: کار و فەرمانی جەنابتان چییە، گوتم کار و فەرمانی من دەرس گوتنەوەیە، گوتی: ئەی بێزار نابیت لە بەیانی تا ئێوارە سەرت بەسەر کتێبدا کردووە و دەرس دەڵێیتەوە؟ گوتم: نەخێر، هەرگیز هەست بە بێزاری ناکەم، بارزانیش گوتی بەخوا مامۆستا منیش هەرگیز هەست بە بێزاری ناکەم، تا ئەو میللەتەم لەژێر دەستی دوژمندا بێت

دیمانە: زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

پرۆفیسۆر د. عەبدولوەهاب کوڕی کەسایەتیی ئایینی ناسراوی شاری سلێمانی (مەلا عەبدوڵلا چروستانی)یە، کە پەیوەندییەکی دێرینی لەگەڵ بارزانیی نەمر هەبووە و ماوەی چوار ساڵ وانەی ئایینی بە بارزانی گوتووە. دواتریش چەندجار ئاڵوگۆڕی نامە لەنێوانیاندا هەبووە، بۆ مەبەستی زانینی زانیاری و مێژووی مستەفا بارزانی و ئەو ڕۆژگارەی بارزانییەکان شۆڕش و ڕاپەڕینیان کردووە و پاشان ڕاگواستراون، بە تایبەت بۆ سلێمانی و پەیوەندی نێوان (مەلامستەفا بارزانی) و (مەلاعەبدوڵلای چروستانی) سەردانی د. عەبدولوەهاب چروستانی کوڕی (مەلا عەبدوڵلا چروستانی)مان کرد. چروستانییەکان لە دێرینەوە خانەوادەیەکی خوێندەواری ئایینی و زانستیی ناسراو بوون و پێگەیەکی بەرزیان هەبووە و بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر پیرخدری شاهۆ، خەڵکی بە چاوی ڕێزەوە لێیان ڕوانیون.





*** وەکوو لە مێژوودا باس دەکرێت، بارزانی کاتێک لە مزگەوتی شێخ سەلام و مەلا عەبدوڵلا چروستانی ڕوو لە خوێندن دەکات، لەو سەرقاڵییەدا چۆن بوو مستەفا بارزانی لە سلێمانی ڕووی لە خوێندن کرد؟**

– پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: دیارە بارزانیی نەمر ئەوندە هەڵبەز و دابەزی ژیانی بینیوە، هەر لە منداڵییەوە ئەزموونێکی ئەوتۆی پەیدا کردبوو، کە لە زۆر لە کایەکانی ژیان تێبگات و بزانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بارزانی ویستی ئەو خوێندنەی لە زێدی خۆیان بەدەستی هێنابوو، پەرەی پێ بدات، بەڵام ئەبێت ئەو زانستە لە کامە سەرچاوە هەڵێنجێ و بەدەستی بهێنێت، کەواتە کاتێک ڕوو ئەکاتە مزگەوتی شێخ سەلام و دەچێتە لای مەلاعەبدوڵلای چروستانی، تا ببێ بە دەستی کردەوە بە خوێندن.

*** پەیوەندی و سەردانکردنی بارزانی بە مەلاعەبدوڵلا چروستانییەوە بە مەبەستی خوێندنی ئایینی چۆن بوو؟ – پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی:** مەلاعەبدوڵلای باوکم فەرمووی، بەیانییەک ژووردەوە، تا ئەو دەمە بارزانیم وەک شێوە نەدیبوو، ئەگەرچی ناو و ناوبانگیم بیستبوو، بارزانی زۆر بە ئەدەبەوە هاتە ژووردەوە و بەپێوە وەک ئەوەی بۆ نوێژکردن وەستابێت تا فەرمووی دانیشتنم لێ کرد، فەرموومی لێ کرد و هاتە ڕووم کردە میوانەکەم و لێم پرسی، جەنابت کێیت و کارت چییە کە هاتوویت، زۆر بە ئەدەبەوە خۆی پێناساندم و مەبەستی هاتنەکەی پێ گوتم، هەندێک پرسیاری ترم لێ کرد، وەک ئەوەی پێشتر چیت خوێندووە؟ تا کوێت لەسەرەتاوە ئەوەی پێ ڕاگەیاندم، کە دەسەڵاتی ئەوسای عێراق و ئینگلیزەکان چاودێریی دەکەن، بەڵام من ئەوەشم هەر پشتگوێ خست، ئەوسا دانیشت، ئیتر ئێمە واتە لەگەڵ فەقێیەکەدا بەردەوام بووین لە دەرس خوێندنی خۆمان تا لە دەرس بووینەوە، پێش ئەوەی فەقێی تر بێت، کورد گوتەنی دەمی چێشتەنگاو بوو، لەکاتێکدا سەرگەرمی دەرس گوتنەوە بووم، لە حوجرەکەمدا کەسێک لە دەرگای ژووڕەکەی دام، سەرمەشقی خوێندنەکەی، کارێکی سەرپێیی نەبوو، بۆیە خوا لێی خۆش بێت، باوکم ئەیگێڕایەوە. بەم جۆرە بارزانی لای مەلاعەبدوڵلا چروستانی، تا ببێ بە



دیارە زۆر بە باشی خۆی پەیوەست کرد بە کاتی خوێندنیەوە، مەگەر جارجار قسە و قسەڵۆکی لەناو دەرس خوێندنەکەدا تۆزێک کاتی لێ بگرتینایە.

*** واتا لەدەرەوەی وانە گوتنەوە، باوکی بەڕێزتان وتووێژ و گفتوگۆی لەگەڵ بارزانیدا کردووە، ئایا دەکرێت بزانین گرنگترین ئەو وتووێژانەی لەگەڵ مەلامستەفا ئەنجامی داوە لە چ بوارێکدا بووە؟ – پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی:** بۆ نموونە باوکم گێڕایەوە و گوتی: ڕۆژێک وەک ئەوەی بارزانی خەیاڵ بیباتەوە و ئاگای لە دەرسەکە نەمابێت، منیش وەک ئاگادارکردنەوەیەک گوتم چییە ئاگات لای دەرسەکە نییە؟ لە وەڵامدا بارزانی گوتی نەبەخوا مامۆستا، خەیاڵم لای ئەو میللەتەیە، بۆ جارێکی تر کە باسی بارودۆخی خۆی و بارزانییەکانی بۆ ئەکردم، کە بەڕاستی جێی نیگەرانی بوو، چونکە تاڵی و چەرمەسەریەکی زۆری بۆ دەگێڕامەوە، منیش گوتم دەی مەلامستەفا ئەی بۆ دانانیشیت و واز لەو جموجۆلانەت ناهێنیت، ئەی بێزار نەبوویت؟ خۆ ئەگەر تۆ بێ سەرئێشە بیت بۆ حکوومەت، باوەڕ ناکەم حکوومەتیش سەر بکاتە سەرتان و سزاتان بدات، خۆ ڕەنگە حکوومەت خزمەتیشتان بکات و قەرەبووشتان بۆ بکاتەوە و خزمەتگوزاریش بگەیەنێتە ناوچەکانتان. گوتی مامۆستا ئەگەر ڕێگە بفەرمویت من پرسیارێکت لێ دەکەم، گوتم فەرمو، گوتی: کار و فەرمانی جەنابتان چییە، گوتم کار و فەرمانی من دەرس گوتنەوەیە، گوتی: ئەی بێزار نابیت لە بەیانی تا ئێوارە سەرت بەسەر کتێبدا کردووە و دەرس دەڵێیتەوە؟. گوتم: نەخێر، هەرگیز هەست بە بێزاری ناکەم. بارزانیش گوتی بەخوا مامۆستا منیش هەرگیز هەست بە بێزاری ناکەم، تا ئەو میللەتەم لەژێر دەستی دوژمندا بێت.

هەر لە میانەی گفتوگۆکردنماندا بارزانی گێڕایەوە و گوتی: جارێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکم چووین بۆ ڕاو، 200مەترێک لە یەکتر دوور کەوتینەوە و پاش ماوەیەک هاوڕێکەم هاواری لێ هەستا، منیش بە دەنگ هاوارەکەیەوە چووم، بینیم (ورچ) بوو یان (پڵنگ) تەواو بیرم نایەت چ درندەیەک بوو، لەگەڵ هاوڕێکەمدا ئاڵاونەتە یەکتری، هاوڕێکەم ئەیویست بەرگری لە خۆی بکات، بارزانی گوتی: پێم گوت هەوڵ بدە بە جۆرێک بن، هەردووکتان تەنیشتتان لای من بێت، دیارە مەبەست لێی پاراستنی هاوڕێکەی بووە، هاوڕێکەم هەرچۆنێک بێت بە جۆرێک، کە من گوتم لەگەڵ درندەکەدا سووڕا، بارزانی گوتی ئەگەرچی دەترسام هاوڕێکەم بپێکم، بەڵام چارم نەبوو، چونکە درندەکە زۆری بۆ هاوڕێکەم هێنابوو و پەکی خستبوو. بارزانی گوتی: منیش بە تفەنگەکەم تەقەم کرد و درندەکەم پێکا و هاوڕێکەم ڕزگار کرد، دیارە لێرەدا مەبەستی لە توانا و لێهاتوویی خۆی بووە لە نیشان شکێنی و دەست ڕاستی و لە بەکارهێنانی چەکدا. زۆرجار باوکم ئەو بەسەرهات و گفتوگۆیانەی ئەگێڕایەوە، کە لەگەڵ بارزانیدا ئەیکرد، بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆریم بیر نەماون.

*** مانەوەی بارزانی لە سلێمانی تا 1943یە، پاشان گەڕایەوە بۆ بارزان و شۆڕشی بەرپا کرد، زانیاریتان لەو ڕووەوە چییە؟**

– پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: بارزانی تا ساڵی 1943بەردەوام بوو لەسەر دەرس خوێندن لای مەلاعەبدوڵلا چروستانی، زۆربەی ئەو بابەتانەی، کە لە مزگەوتەکاندا ئەخوێندرا، بارزانی خوێندبووی، بەڵام وەک مۆڵەت (بڕوانامەی مەلایەتی) وەرنەگرتبوو، چونکە ئەو تەنیا زانستەکەی ئەویست، نەک ئەوەی ببێ بە مەلا و ژیان و دەرامەتی پێ پەیدا بکات، لەبەر ئەوەی لە ناخی ئەودا شتێکی تر هەبوو، کە خەباتی ڕزگاری بوو لە کوردستان، بارزانی وەک هەندێک لە مامۆستایان کە ئەیانناسی لە سەردەمی فەقێیەتیدا ئەڵێن تا شەرح عەقائدیی خوێندووە، دوای ئەوەی کە دەرفەتی بۆ هەڵنەکەوێت بە یارمەتیی حزبی هیوا و شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر و چەند کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری تر لە 12/7/1943دا لە بەرگی مامۆستایەکی ئایینیدا سلێمانی بەجێ دەهێڵێت بەرەو سنووری ئێران، دوای ئەوەی ڕووخسەت لە شێخ ئەحمەدی برای وەردەگرێت، کە ئەگاتە ئێران و لە شاری شنۆ خەڵکانێکی زۆر لە بارزانییەکانی لێ دەبێت، کە لە ترسی جەندرمەکانی عێراق ڕایان کردبوو، هەموو پەیوەندیی ئەکەن بە بارزانییەوە، کاتێک لە شنۆ ئەبێت هەواڵی گەیشتنی (وەصی) بە (میرگەسۆر)ی پێ دەگات و زۆری پێ خۆش ئەبێت، بارزانی زۆر بەخێرایی بەرەو (میرگەسۆر) ئەڕوات بۆ ئەوەی بیکات بە بارمتە، بەڵام بە دوو سەعات پێش گەیشتنی بارزانی (وەصی) میرگەسۆر بەجێ دەهێڵت، بارزانی بەرەو ناوچەی بارزان هەنگاو دەنێت، ژمارەی ئەوانەی پەیوەندیی پێوە دەکەن، کە دەگاتە 750کەس و دەست ئەکات بە ڕێکخستنەوەی ئەو هێزەی و شۆڕش بەرپا دەکات، لە ماوەی 2مانگدا هێزەکەی دەبێت بە 2000کەس، زۆربەی زۆری ناوچەی بارزان ئەکەوێتە ژێر دەستی، بۆیە حکوومەتی عێراق داوای گفتوگۆ و ڕێککەوتنی لەگەڵدا دەکات و لەسەر چەند خاڵێک ڕێکدەکەون. ئالێرە کۆتایی بە بەسەرهاتی بارزانییەکان و بارزانی دەهێنین و زیاتریش مەبەستمان لە گێڕانەوەکان، چۆنێتیی گەیشتنی بارزانی بوو بۆ سلێمانی و خوێندنی بارزانی بوو لای مەلاعەبدوڵلا چروستانی، کە باوکمە.



ئێکگرتنا بەنکان بۆ هەرێما کوردستانێ چەندا گرنگە؟



سەردار شاکر سلێمانەی*

ئێکگرتنا بەنکان یان ژی دهێتە ناسکرن ب (Bank merge) ئێک ژ کاریگەرترین فاکتەرە بۆ گەشەکرن و پێشڤەچونا ئابووریێ وەلاتان بگشتی و پێشڤەچونا ئاست و سیستەمێ بەنکان بتایبەتی، و ئەڤ تێگەهە دهێتە ناسکرن ب پەیمانەکێ دناڤبەرا ریڤەبەریێن دوو بەنکان دا یان زێدەتر بئێکگرتنا کارێ وان و هەڤوەلاتی و کریارێن وان لژێر ئێک بانک و ئێک ناڤ کار دکن و ئەڤ ئێکگرتن ب شێوەیەکێ نە ریکخستی پەیدا نابت بەلکو ب پلان دارشتن و هزرکرن د ئێکگرتنێ دا پەیدا دبت یان ژی بکرینا هەمی پشکێن بانکەکا دی ژلایێ بەنکەکا دیار ڤە.

هەژیە یە بێژین کو ئێکگرتنا بەنکان گەلەک مەرج هەنە و ژ مەرجێن پێدڤی بۆ ئێکگرتنێ پێکهاتینە ژ: هەبونا حەزەکا دروست ژلایێ هەردوو بەنکان ڤە و هیچ ترس نەبت ژ نەسەرکەفتنێ، هەلسەنگاندن و خواندن بهێتە کرن بۆ بریارا ئێکگرتنێ ژ لایێ ئابووری ڤە، دارایی ڤە، بازارگێریی و جڤاکی ڤە و چارەسەرکرنا خالێن لاواز و نەرێکێن ژلایێ بەنکێن ئێکگرتنێ دکن، هەلسەنگاندن و دیارکرنا سەرمایەیێ هەر سەرمایەدارەکێ د بانکێ دا و دیسان پێگرێن کەسان بەرامبەر بەنکێن دیار، هەلبژارتنا ناڤەکێ گونجایێ بۆ بەنکا نوویی و نیشانەکا بازرگانی و دیار کرنا ئەندامێن جڤاتا بەنکێ، و لدوماهیێ دیف چونا ئێک ریزما و پێگریکرن ژلایێ هەمی تایبێن بەنکان ڤە. دیسان هەژیێ بێژین گەلەک مفا ژ ئێکگرتنا بەنکان پەیدا دبن و ژ وان ژی: مفایێ ئێکێ ژ ئێکگرتنا بانکان ئەوە کو بانک دێ مفادار بت ژلایێ ئابووریڤە بگەلەک شێوازان ئەو ژی زێدەبونا چالاکیێن بانکی، زێدەبونا داهاتێ بانکێ، کێم بونا تێ چونێت جێگرێن بەنکان و بڤی واتای دێ قازانجێ بەنکان زێدەتر بت، زێدەبونا شیانێن بانکا نویی لسەر ئەنجامدانا ڤەکولینان و باشترکرنا خزمەتێن بانکی ێن دهێنە پێشکێشکرن و بکارئینانا تەکنولوجیا یا سەردەم و بکارئینانا ئامیرێن ئەلیکترونی د ماوێ پێشکێشکرنا خزمەتان دە بباشترین شێوە و بلەزاتییەکا زێدە، زێدەبونا شیانێن بەنکا نوی و ڤەکرنا تایبێن نوی و زێدەکرنا هژمارا تایبێن خوە دناڤ وەلاتی دا و ژ دەرڤەیی وەلاتی، زێدەبونا شیانێن بەنکا نویی دهلگرتنا یەدەکێ بانکی دا بهەمی جورێن خوە ڤە (یەدەکێ نهێنی، یەدەکێ بزوری و یەدەکێ نەبزوری)، زێدەبونا جورێن بدەست ڤەئینانا سەرمایەیی و دیار کرنا هندەک ریکێن نوی بۆ بدەستخستن و دانا کاری یا دراڤێ بانکێ بباشترین شێوە و بدەستخستنا داهاتا و قازانجەکێ زێدەتر، بنکێ سەرمایەیی دبەنکێ دا بەرفرەهتر دبت و بهێزبونا بارێ دارایی یێ بەنکا ئێکگرتی و نویی، زێدەبونا دەلیڤەیا وەرگرتن و دانا قەران ژلایێ دەزگەهێن دارایی یێن ناڤخویی و بیانی، و بت، زێدەبونا شیانێن بانکا نویی لسەر ئەنجامدانا ڤەکولینان و باشترکرنا خزمەتێن بانکی ێن دهێنە پێشکێشکرن و بکارئینانا تەکنولوجیا یا سەردەم و بکارئینانا ئامیرێن ئەلیکترونی د ماوێ پێشکێشکرنا خزمەتان دە بباشترین شێوە و بلەزاتییەکا زێدە، زێدەبونا شیانێن بەنکا نوی و ڤەکرنا تایبێن نوی و زێدەکرنا هژمارا تایبێن خوە دناڤ وەلاتی دا و ژ دەرڤەیی وەلاتی، زێدەبونا شیانێن بەنکا نویی دهلگرتنا یەدەکێ بانکی دا بهەمی جورێن خوە ڤە (یەدەکێ نهێنی، یەدەکێ بزوری و یەدەکێ نەبزوری)، زێدەبونا جورێن بدەست ڤەئینانا سەرمایەیی و دیار کرنا هندەک ریکێن نوی بۆ بدەستخستن و دانا کاری یا دراڤێ بانکێ بباشترین شێوە و بدەستخستنا داهاتا و قازانجەکێ زێدەتر، بنکێ سەرمایەیی دبەنکێ دا بەرفرەهتر دبت و بهێزبونا بارێ دارایی یێ بەنکا ئێکگرتی و نویی، زێدەبونا دەلیڤەیا وەرگرتن و دانا قەران ژلایێ دەزگەهێن دارایی یێن ناڤخویی و بیانی، و ببت، کێم بونا هەلبژارتنان لبەر کریاران و ئەڤە دێ بتە ئگەرێ بلند بونا خزمەتێن هەین، دیسان بەرفرهەبونا بەنکا نویی نەدیورە ببتە ئەگەرێ کێم گرنگی دانێ بکریاران و ئەڤ چەندە ببتە ئەگەر ئەڤ کریار بەرەڤ هندەک بانکێن دیتر بچن، زەحمەتیا تێکەلکرنا روشەنبیری و شێوازیێن کاری دناڤبەرا بەنکێن ئێکگرتی دا، لدوماهیێ کێم کرنا کارمەندێن هەردوو بانکێن ئێکگرتی و زێدەبونا مەترسیا وەبەرهێنانێ چونکی بانکا نوی دێ پتر وەبەرهێنانێ د سندوقێن قازانجەکێ زێدە هەیی و بمەترسیەکا زور دێ کن. زێدەباری گەلەک جورێن ئێکگرتنا بانکان هەنە لێ لڤێرە مە نڤێت دیاربکەین و پتر مە دڤێت ئەڤ تێگەهە و گرنگیا وی دیار بکەین بۆ خواندەڤانان. نەخاسمە دگەلەک وەلاتان دا ئێکگرتنا بانکان پەیدا دبن مینا: ژبەر نەبونا بیردوزیێن گشتی دبواریێ ئێکگرتنا بەنکان دا دبێت زەحمەت بت کا ئەرێ بەنکێن مەزن پتر کارتێکەرن یان ژی بانکێن بچویک، بەرفرەهبونا بانکێ دێ بتە ئەگەرێ دەرکەفتنا بیروکراتیێ و درێژبونا هێلێن بەرپرسیاریێ و دانا بریاران و ئەڤە دێ بتە ئەگەر ئاستێ تێ چونێت خزمەتێن بانکی زێدەتر ببن و ئاستێ خزمەتێ کێم تر دگەل کەسێن دی چ یێن ناڤخویی بن یان ژی ژ دەرڤەیی، نە بوونا پالدەرێن راستەقینە بۆ ئێکگرتنێ ژلایێ خودانیێن بەنکان ڤە، نە دەرکەفتن و نەبونا هەڤرکیەکا توند ژلایێ پێشکێشکرنا خزمەتان ڤە، دیسان ژبەر کو ژێدەرێن داهاتی یێن بەنکێن کار دکن لهەرێما کوردستانێ یێ دیار نی نە و زەحمەتی دهەلسەنگاندنا بەرنیاس بوونا بەنکان و کێماتی د یاسا و رێنمایێن رێکخستی دا و ئێکگرتنا بانکان دا، و لدوماهیێ من دڤێت لسەر ڤێ خالێ براوستم کا ئەرێ ئێکگرتنا بانکان لهەرێما کوردستانێ دا دێ بەر ژەوەندیا کێ دا بت و کی دێ مفایی ژ ئێکگرتنا بانکان وەرگرت؟ دا بەرسڤا پرسیارا لسەری بهێتەدان پێدڤیە بزانین کو بانکییێن هەرێما کوردستانێ و عێراقێ پێدڤی بانکان پەیدا بویە و زێدەتر ژ بانکەکێ ئێکگرتینە و باشترین نمونە ژی ل وەلاتێ هندێ و ل باژێرێ نیو دەلهی کاربدەستێن وی وەلاتی بریار دایە کو دەھ بانکێن سەکتەرێ گشتی بهێنە ئێکگرتن د چوار بانکێن نوی دا و بارێ وان یێ ئابووری ساخلەمتر بت، لێ هەتا نوکە ئەڤ کەلتورێ هە نەهاتیە ناڤا گورەپانا بازارێن بانکی ل وەلاتێ عێراقێ و هەرێما کوردستانێ ژبەر گەلەک ئەگەران ژ وان ژی: پێکهاتیا بەنکان لهەرێما کوردستانێ هاتیە کونترولکرن ژلایێ سەرمایەداران ڤە ب واتەیەکا دی کەسێن سەرمایەدار دبەنکێن هەرێمێ دا حەزا تێکەلکرنا سەرمایەیێ خوە دهەلسەنگاندنا بەرنیاس بوونا بەنکان و کێماتی د یاسا و رێنمایێن رێکخستی دا و ئێکگرتنا بانکان دا، و لدوماهیێ من دڤێت لسەر ڤێ خالێ براوستم کا ئەرێ ئێکگرتنا بانکان لهەرێما کوردستانێ دا دێ بەر ژەوەندیا کێ دا بت و کی دێ مفایی ژ ئێکگرتنا بانکان وەرگرت؟ دا بەرسڤا پرسیارا لسەری بهێنتەدان پێدڤیە بزانین کو بانکییێن هەرێما کوردستانێ و عێراقێ پێدڤی گهورینێن بنەمایی و هەمەدارن داکو بکارن بەرامبەر هەڤرکیێن دئاراستەیێ وانرا دەرباز دبن براوەستن، و دیسان دروستکرنا بەنکەکا ئێکگرتی و بەرفرهە و خودان سەرمایەیەکێ زور بدیتنا من دێ پتر کارت خزمەتا هەڤولاتیان کت ژ هەبوونا گەلەک بەنکێن خودان سەرمایەیەکێ کێم و نەکارن خزمەتێن خوە بەرفرهە بکن و حەزا کریاران پر بکن، لەوا ئەگەر هەتا حکومەتێ ژی لشوونا گەلەک بەنکان دوو بانکێن بهێز و جهێ باوەرێ هەبان گەلەک باشتر بوو ژ هەبونا گەلەک بەنکان و بهەمان خزمەت و ئەنجام.

*** مامۆستایێ زانکۆیا پۆلیتەکنیکی دهۆک.**



ئەسرین شوانی

ئەرکی مەسرور بارزانی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان

دیارە بەرپرسیارێتی تەنها بۆ ناو و شکۆ نیە، بۆ ئەوە نیە کە کەسی مەبەست دار بەهۆی بەرپرسیاریەتەکەیەوە، ناوبانگ دەر بکات، بەهۆی کردارو عەقڵە زیندوەکەیەوە زیاتر ناوناوبانگ بۆ خۆی بئافرێنێت، نەک خواست لەسەر پۆست و پلەکەی هەڵبچنێت، تاکو وەک ژمارەیەکی گەورە دیار بێت،بۆیە دەمەوێت قسە لەسەر ڕۆڵی بەرێز مەسرور بازانی بکەم، کە ڕۆڵ و جێ دەستی بەرێزیان وەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێم گرنگ و کاریگەر و دیارە لەم قۆناغە هەستیارەی کە کوردستان و دەڤەرەکە پێیدا تێ دەپەڕێت.

هەر وەک بینیمان کەوا کاک مەسرور لە ڕۆژی مەڕەسیمی سوێند خواردن و دەست بەکاربوونی وەک سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمەوە لە ووتاری موژدە بەخشەکەی دا، بەڵێنی ئەوەی دا کە پرۆسەی چاکسازی هەموو جومگەکانی حکومەتی هەرێم بگرێتەوەو هەر لەگەڵ دەستبەکاربونی دا هەنگاوی کرداری بۆ بهاوێت بە هاوکاری کابینە بەرێزەکەیان، وەک دەبینین کە لە ئێستادا بە هەنگاوی کرداری دەستی پێ کردوە، هەرچەندە چاکسازی لەم قۆناغەدا هەروا سوک و ئاسان نیە، لەبەر ئەوەی سەرۆکی کابینەی نۆیەم هەر لە گەڵ دەست بەکاربونی دا، هاتۆتە سەر حکومەتێکی قەیراندار و قەرزاری دوای شەڕە وێرانکارییەکەی داعش، هەڵبەت ئەمەش هەروا سانا نیە، کە بتوانێ بڕیاری ئازایانەی لەو جۆرە بۆ چاکسازی بدات، کە بێ گومان ئەو هەڵوێستە کەسی ئازاو لەخوبردو بوێرو کورد پەروەری دەوێت، چونکە کاتێ قسە لەسەر کێشەکانی ڕابردوی کابینەکانی پێشووتر دەکەین ئاسان نیە کەسێکی وەک کاک مەسروور قۆڵی لێ هەڵبماڵێت و بڕیاری ئەوە بدات، کە هەموو ئەو ئاستەنگانەی پێشوو لە سەر ڕێگای چاکسازی بوون تێپەڕێنێت و سێکتەرەکانی حکومەت بخاتەوە ڕێرە و جوڵەی ئاسایی ، هەر وەک ئێستا بوێرانە هەنگاوی بۆ ناوە. بۆیە دەکرێت بەشانازیەوە بوترێت کە کەسایەتی مەسرور بارزانی بۆ ئێستا و ئایندەی کوردستان گرنگە و بەرێزیان هەر وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەبێت لە حوکمڕانی هەرێم و هەڵمەت کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری.

عێراق د رەوشەکا ئالۆزدایە



خالد ئەحمەد بادی

زانا وبیلمەند و نڤێسەرێ مەزن (د.علی الوردی) دبێژیت (ژیر ئانکو عەقل چەکەکێ دوو سەرە لدەڤ تویژەر ورەوشەنبیر وزانایان دا کو ب ریکا وی عەقلی بگەهنە پێشکەفتنێ و وهەر وەسا ژیر ئانکو عەقل لدەڤ یێ نە تێگەهشتی ویێ مەغرور وسەرداچویی ئاستەنگەکە بەرەڤ پێشکەفتنێ).

ئەڤ رێزێن پر بها یێن لسەری مە ئاماژە پێکری لسەر لایەن وکەسایەتی ودەستهەلاتدارێن عیراقێ دهێنە چەسپاندن کو ئەو ژوی جوری نە کو بویە ئاستەنگ وئاریشە کو بەرەڤ پێشکەفتنێ ڤە دچن ولەومایە ڕۆژ بو ڕۆژێ ڕەوشا عیراقێ زور ئالوزە وبەرەڤ پاشکەفتنێ ڤە دچیت وعیراق بویە قادا ژێک قاڤارتنێن سیاسی ومەزهەبی ودارایی وئابوری وئایینی وڕەوشا عیراقێ گەهشتیە وی رادەیی کو لناڤەندێن جیهانێ وخودانێن بریاران دیار کرینە کو عیراق ژەولاتێن نە ئارام و ژەولاتێن ترسناک هاتیە ل قەلەم دان وبانگەوازیا وەلاتییێن خو کرینە کو بەرەڤ عیراقێ نە چن ژبەر ڕەوشا ئەمنی وسیاسی وهتد .. عیراقا فیدرال کەفتیە ددوخەکێ پر خراب وئالوز دا کو بتنێ کومەکا کەس و مروڤێن دەست نیشانکری ژ حوکمرانیێ دمفادارن وبتنێ داهات وسامانێ عیراقێ بتنێ بو بەریکێن وانان دچیت وئەو ژی لبن هندەک ئەجنداییێن دەرەکی وهەرێمی کار دکەن وئانکو بوینە چەتەییێن وانان وعیراق کریە دڤی دوخی دا تا گەشتیە وی رادەیی کو وەلاتییێن عیراقی ب هەموو تەخ وچینێن خو ڤە باوەری ب دەستهەدار وپارت وکەسایەتییێن عیراقی نە مینی تکو ماوەیێ نێزیکی سێ هەیڤایە جەماوەرێ عیراقی ل پتریا پارێزگەهێن عیراقی ب خونیشاندان ونەرازیبونا رابن ودژی هەمی پارت ولایەن وکەسایەتی یا رابن ومەرجێن خو لسەر دەستهەلات وحکومەتا عیراقێ ب سەپێن وتا نوکە بەردەوامیێ ددەنێ تا کوپ شتی دەست ژکارکێشانا عادل عبدالمهدی ژی .بویەرا نوی ل قادا عیراقێ پەیدا بوی کو ل ڕێکەفتی (2019/12/30) ئەمریکا هێرشێن ئاسمانی بکەتە سەر (5) بنگەهێن حزب اللە وحەشدا شەعبی ل عیراق وسوریایێ وزیانێن مەزن گەهاندنە وان بارەگاییان کو هەردوو لایەنێن ناڤنینای نە دفەرمی نە ومینا تیرورست دهێنە هژمارتن وئەڤ هێرشە بێ گومان بونە جهێ نەرازیبونا ئیرانێ کو ئەو بارەگا لبن کونترولێ وانان کار دکەن وبتنێ دەست چێکەریێن ئیرانی نە سەد ژ سەدێ وئیران نەشیا ب ئاشکەرایی ئەمریکا تاوان بار بکەت ولێپرسینێ لگەل بکەت ئەوبو ئیرانێ لبن پەردان کارەکێ ترسناک کر کو دویرە ژعورف وعاداتێن دەولەتی ب ئەنجام دانا خونیشاندان ونەرازیبونا ل ڕێکەفتی (2019/12/31) کو هێرش کرنە سەر بالیوزخانا امریکا ل بەغدا وهندەک جھ ژی ژ ئاڤاهیێ وانان ژی سوتن ورەوش بەرەڤ ئاقارێن خرابتر وئالوزتر ڤە برن ورەوشا سیاسی ل عیراقا فیدرال ئالوزتر لێ هات وتا نوکە ژی یێ زەرەمەند وبێ بەهربون هەر وەلاتیێ عیراقی یە ومللەتێ عیراقی کەفتیە دناڤبەرا چاکوجێ ئیرانی و سندانێ عیراقی دا .لداویێ دێ بێژم چەندی وەلاتیێ عیراقی لدویڤ ئەجندایێن دەرەکی ومایتێکرنێن ئیرانی بن دێ ڕەوش بەرەڤ ئالوزتر ڤە چیت وبلا دەستهەلاتدارێن عیراقی بەرژەوەندیێن بلندێن وەلاتییێن بێ گونەھ ب پارێزن دا کو ئارام بن وبەرەڤ پێشکەفتنێ ڤە.



عێراق.. ئامادەکارییەکان بۆ دەستپێکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا



سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق لەمیانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا باسی لەوە کردووە کە بەڕێرسانی عێراق ئامادەکاری بۆ گرتنەبەری هەنگاوی یاسایی تایبەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکەن.

لەبارەی ناوەڕۆکی پەیوەندییەکەشەوە حکوومەتی عێراق بەیاننامەیەکی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا ئەوە خستووەتەڕوو کە عەبدولمەهدی ڕایگەیاندووە: بەڕێرسانی عێراق لە دامەزراوە جیاوازەکاندا ئامادەکاری پێویستیان کردووە بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی تایبەت بە جێبەجێکردنی بڕیاری کشانەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق. هەروەها هەردوولا باسیان لە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و بەرەنگاربوونەوەی داعش لەچوارچێوەی ڕێزگرتن لە سەروەری عێراق کردووە، لای خۆشییەوە وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا ڕایگەیاندووە، کەپێویستە زیاتر بیر لەم بابەتە بکرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هاوپەیمانی بەرەنگاربوونەوەی داعش لەگەڵ هەڵکشانی گرژییەکانی عێراقدا هەڵپەساردنی چالاکییەکانی مەشق و ڕاهێنانی بە هێزە عێراقییەکان ڕاگەیاند. ڕۆژی یەکشەممەش لەمیانی کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەزۆرینەی دەنگ پرۆژەیاسای کشانەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق پەسەندکرا.

کەرکووک.. لە پەلامارێکی داعشدا چوار سەرباز کوژران و سێی دیکەش بریندار بوون



لە هێرشێکی تیرۆریستانی داعشدا بۆ سەر خاڵێکی سوپای عێراق لە سنووری شارۆچکەی داقووقی سەر بە پارێزگای کەرکووک، چوار سەرباز کوژران و سێی دیکەش بریندار بوون. دەرنگانی شەوی یەکشەممە چەکدارانی داعش لە سنووری گوندی "عەرەب کۆیی"ی کاکەییینشینی سنووری شارۆچکەی داقووقی سەر بە پارێزگای کەرکووک، هێرشیان کردە سەر خاڵێکی فەوجی سێی لیوای 45ی سوپای عێراق.

لەو هێرشەدا هەریەک لە حوسێن خەمیس موفتەن لە دایکبووی ساڵی 1977 و عومەر بەکار جەبار لەدایکبووی ساڵی 1990 و جاسم ئیسماعیل زامن لەدایکبووی ساڵی 1974 و مووسا کەریم حەمزە لەدایکبووی ساڵی 1983 کوژران، هاوکات سێ سەربازی دیکەش بریندار بوون و تەرمی کوژراوەکان بەخاک سپێردران. هەروەها بەڕپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک ئەفراسیاو کامیل لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند، تیرۆریستانی داعش لە نزیک شارۆچکەی داقووق باشووری کەرکووک ئۆتۆمبێلێکی سەربە سوپای عێراقیان کردووەتە ئامانج. ناوبراو ئەوەیشی ئاشکراکردووە کە هێرشەکە بە بەکارهێنانی چەکی سووک ئەنجامدراوە. جێی باسە لە ماوەی ڕابردوودا لە پارێزگاکانی کەرکووک، سەڵاحەددین، ئەنبار، مووسڵ و دیالە بە ئامانج گرتنی هێزە ئەمنییەکان زیادی کردووە.

پۆڵەندا.. کەوتنەوەی ئاگر لە خانەیەکی بێسەرپەرشتان



کەوتنەوەی ئاگر لە خانەیەکی بێسەرپەرشتان لە پۆڵەندا، گیانلەدەستدانی چوار کەس و بریندارووونی 21ی دیکەی لێکەوتەوە. گوتەبێژی فەرمانگەی ئاگرکوژێنەوە، ماریان هینکا بە میدیاکانی ڕاگەیاندووە، ئاگر لە خانەیەکی بێسەرپەرشتان لە شارۆچکەی چۆژینسی کەوتووەتەوە. لە ئاکامدا چوار کەس گیانیان لەدەستداوە و 21ی دیکەیش برینداربوون.

ماریان هینکا ئاماژەی بەوە دا کە لەوانەیە بەهۆی جگەرەکێشانەوە لەلایەن کارمەندێکەوە ئاگرکەوتنەوەکە ڕوویدا بێت. تیشکیشی خستە سەر ئەوەی کە 21 بریندارەکە گەیەندراونەتە نەخۆشخانە و یەکێک لە بریندارەکان پۆلیسە.

ئاگادارییەکان.... ئاگادارییەکان.... ئاگادارییەکان.... ئاگادارییەکان.... ئاگادارییەکان....

دائرە كاتب عدل عقرە

العدد / 4

التاريخ/ 5/1/2020

اعلان

المنذر / محمد امين عبدالله احمد

المنذر اليه - اولاد المتوفى (محسن مجيد الكل من سيروان ويوسف وفرمان وشيماء وشرين)

بناء على الانذار المقدم من المنذر (محمد امين عبدالله احمد) المرقم (1) فى (5/1/2020) الى اولاد المتوفى (سيروان ويوسف وفرمان وشيماء وشرين) المتضمن طالبا حضوركم الى دائره تسجيل العقاري فى الزهور الموصل قبل انتهاء الدوام الرسمى من يوم الاحد المصادف (10/2/2020) وذلك لتسجيل العقار المرقم (21/32) مقاطعه (52/قوجاق) لمجهوليه اقامتك وفق اشعار مختار وكتاب مركز شرطه كولان المرقمه (8) فى (5/1/2020) فقررنا تبليغك فى جريده الرسميه يوميه خلال مده خمسه عشره يوما من تاريخ النشر وبمضى المده دون الاعتراض اعتبارك مبلغا استنادا الى الماده (21) الفقره (1) من قانون المرافعات المدنيه اعلاه.

سليمان حكيم سليمان

كاتب عدل ئاكري

***

ون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای سلافا جۆری ئۆتۆمبێل شڤل تایر کومانسو/ حجم وسط ڕەنگ زەرد مۆدێل 2001 ژمارەی ئۆتۆمبێل 25223کاتی دهوک انشاء ژمارەی شاصی: WA320H21213 ون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

ناسنامەی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بەشی تەکنەلوجی نەوت بەناوی طیف حسام عبدالباقی وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پسوولەی شاروانی 3هەولێر ژمارەی پسوولە 0836403 بەرواری 26/8/2019 بەبڕی 500000 بەناوی شایی کمال عباس وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

ناسنامەی زانکۆی پولی تەکنیکی هەولێر بەشی کومپیوتەر بەناوی اسماعیل خالد عبدالله وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پسوولەی شاروانی 3 هەولێر ژمارەی پسوولە 0836404 بەرواری 26/8/2019 بەبڕی 500000بەناوی شەیدا کمال عباس وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

فەرمانگەی دادنووسی (دووەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: 23/12/2019

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عمر شعبان بکری) لە بەرواری 8/12/2019کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگێتەوە بۆ خۆی و ئێستا دانداوە لە (پیشەسازی باشوور) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ئارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (33)ی ساڵی 1998و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس/ بوتان کامیران میران

ئامێرەکان:

1- ئامێری REFORM بۆ لەکیس کردنی شعریە و گشت ماده ووشک کراوەکان بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل 2016 جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W2 بەدوو ماتۆری کارەبای کارەکات نرخ/8.500.000.

***

دادگای بەرایی هەولێر/1

ژمارە: 3439/ب1/2018

ڕێکەوت: 5/1/2020

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (احمد رعد عبدالمجید)

داواکار (اسماعیل امین محمد و فاروق طه محمد) داوای ژمارە 3439/ب1/2018 لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی 99ی زانکۆ و مامۆستایانی زانکۆ) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بە بەناوەڕۆکی بڕیاری ئاماژە پێکراو بەپابەندکردنت بەچۆلکردنی دوکانی دروستکراو لەسەر مولکی ژمارە 1052/ 99کەرتی 93 حصارۆک لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کە بڕیارێکی پاشملەیە (قابلا للاعتراض و التمییز)ە و مافی تانەلێدانت هەیە لەبڕیارەکە لەماوەی یاسایید بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگای بەرایی هەولێر/2

ژمارە: 2951/ب2/2019

ڕێکەوت: 6/1/2020

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (لاوین محمد بکر)

داواکار (سردار حسن کانبی) داوای ژمارە (2951/ب2/2019)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (لاوین محمد بکر) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی منارە) لە 20/11/2019بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی 27/ 1/2020 ، بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ قباد شیرزاد نوری

***

ئاگاداری

زیادکردنی ئاشکرا لەبەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر ئەنجام دەدرێت بۆ بەکرێدانی کافتریای بەڕێوەبەرایەتی لەڕێکەوتی 5/2/2020کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێت ئەوەی نیازی بەشداریکردنی هەیە دەتوانێ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی نیشینگەی هەولێر بکات بۆ ناونوسین و دانانی بارمتەی سەرەتایی.

***

دادگای کەتنی هەولێر/3

ژمارە/1193/ک3/2019

ڕێکەوت/ 5/1/2020

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ اومید انور عمر

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە / 143لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (9) ی بەیانی لە بەرواری 2/3/2020بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی(240) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگای کەتنی هەولێر/3

ژمارە/970/ک3/2019

ڕێکەوت/ 5/1/2020

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ مصطفى سرهنگ ابوبكر

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە / 143لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (9) ی بەیانی لە بەرواری 2/3/2020بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی(240) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگای کەتنی هەولێر/3

ژمارە/1194/ک3/2019

ڕێکەوت/ 5/1/2020

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ وریا اسماعیل شیخه

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە / 143لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر 11ی بەیانی لە بەرواری 2/3/2020بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی(240) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگاکان بەرایی سلێمانی

ژمارە/ 902/ش/ 2019

ڕێکەفتی/ 18/12/2019

ڕاگەهاندن

بۆ داوالێکراوا (دیندار حسن محمد)ئێ دادگەهێ بڕیاردا کێشا ژمارە (902/ش/2019) ل (26/11/2019)

1 - پێگریاتە بۆ دانا خەرجێ بۆری بۆ داواکاری (نجاه غانم اسعد) کۆژمە (957500) نەھ سەد وپینجی و حەفت هزار هەر ژ روژا (1/6/2018وتا روژا 12/1/2019).

2 - پێگریاتە بۆ دانا خەرجی بۆری بۆ کجا تە یا ناکام (الماز) هەر ژ روژا 1/6/2018وتا روژا 28/10/2019کۆژمە (1690000) ملیونەک وشەش سەد ونوت هزار دینار.

3- پێگریاتە بۆ دانا خەرجێ هەیڤانە بۆ کجا تە یا ناکەم (الماز) ب کۆژمە (120000) سەد وبیست هزار دینار هەر ژ روژا 29/10/2019 و بەردەوام دی بیت ب هەیڤانە.

4- پێگریاتە بۆ دانا کۆژمە (390000) سێ سەد ونوت هزار دینار بۆ داواکاری خەرجی ژڤانا.

5- پێگریاتە بۆ دانا کۆژمە (60000) شیست هزار دینار بۆ داواکاری هەر ژی روژا 29/10/2019

و ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە ول دویڤ دەقی یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمی دەرکەتنا بڕیاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕوژانە وتە ماڤێ نەرازیبونی وپێدچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ بڕیار پلا بنبڕێ وەرگرت.

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە/ 902/ش/ 2019

ڕێکەفتی/ 18/12/2019

ڕاگەهاندن

بۆ داوالێکراوا (دیندار حسن محمد)ئێ دادگەهێ بڕیاردا کێشا ژمارە (902/ش/2019) ل (26/11/2019)

1 - پێگریاتە بۆ دانا خەرجێ بۆری بۆ داواکاری (نجاه غانم اسعد) کۆژمە (957500) نەھ سەد وپینجی و حەفت هزار هەر ژ روژا (1/6/2018وتا روژا 12/1/2019).

2 - پێگریاتە بۆ دانا خەرجی بۆری بۆ کجا تە یا ناکام (الماز) هەر ژ روژا 1/6/2018وتا روژا 28/10/2019کۆژمە (1690000) ملیونەک وشەش سەد ونوت هزار دینار.

3- پێگریاتە بۆ دانا خەرجێ هەیڤانە بۆ کجا تە یا ناکەم (الماز) ب کۆژمە (120000) سەد وبیست هزار دینار هەر ژ روژا 29/10/2019 و بەردەوام دی بیت ب هەیڤانە.

4- پێگریاتە بۆ دانا کۆژمە (390000) سێ سەد ونوت هزار دینار بۆ داواکاری خەرجی ژڤانا.

5- پێگریاتە بۆ دانا کۆژمە (60000) شیست هزار دینار بۆ داواکاری هەر ژی روژا 29/10/2019

و ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە ول دویڤ دەقی یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمی دەرکەتنا بڕیاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕوژانە وتە ماڤێ نەرازیبونی وپێدچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ بڕیار پلا بنبڕێ وەرگرت.

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوک

ژمارە / 3157/ 2019

ڕێکەوت/ 5/1/2020

پێراگەهاندن

بۆ / قەردار (ولید خالد محمد)

ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە یا ناکام (الماز) هەر ژ روژا 1/6/2018وتا روژا 28/10/2019کۆژمە (1690000) ملیونەک وشەش سەد ونوت هزار دینار.

3- پێگریاتە بۆ دانا خەرجێ هەیڤانە بۆ کجا تە یا ناکەم (الماز) ب کۆژمە (120000) سەد وبیست هزار دینار هەر ژ روژا 29/10/2019 و بەردەوام دی بیت ب هەیڤانە.

4- پێگریاتە بۆ دانا کۆژمە (390000) سێ سەد ونوت هزار دینار بۆ داواکاری خەرجی ژڤانا.

5- پێگریاتە بۆ دانا کۆژمە (60000) شیست هزار دینار بۆ داواکاری هەر ژی روژا 29/10/2019

و ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە ول دویڤ دەقی یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمی دەرکەتنا بڕیاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕوژانە وتە ماڤێ نەرازیبونی وپێدچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ بڕیار پلا بنبڕێ وەرگرت.

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە/ 903/ش/ 2019

ڕێکەفتی/ 19/12/2019

ڕاگەهاندن

بۆ داوالێکراوا (دیندار حسن محمد) ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ل کێشا ژمارە (903/ش/ 2019) ل 26/11/2019 بۆ پێگیریاتە بۆ دانا خەرجیا قەرەبوو کردنەوەی تەلاقی دەرکی کۆژمە (4680000) چار ملیون وشەش سەد و هەشتی دینار بۆ داوکارا (نجاه غانم اسعد) بۆ وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی یێن (جبری) بین.

ژڤان عزیز محمد

ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)

***

دادگەها بەرایی زاخۆ

ژمارە/ 357/ب/ 2019

مێژوو/ 28/ 12/ 2019

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراوان (شوکت وخالد وجودت ونوزت وعماد وخالدە ونارین/کچ وکوردێت کورکیس خوشو) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو/گەرەکا نەصارا وجهێ ئاکنجیبینا نوکە نەدیارە ڤێ دادگەهێ ل روژا 17/12/2019 ل داوا ژمارە (357/ب/2019) بریاردا ب مولک کرنا خانووبەرێ ژمارە (58/58 کەرتێ نەصارا) بنافێ (ولید کورکیس خوشو) ودگەل خەرجی خستنە ئەستوو ماندیبوونی پارێزەر بۆ بریکارا داواکاری پارێزەر (رشیدە خواستی فرمان) ب کوژمێ (2000000) دوو ملیون دینار و ژبەر دیارنەبینا جهێ ئاکنجیبینا وە لدیڤ نڤێسارا بنگەهێ پولیسێن زاخو یا ژمارە (3926) ل ڕێکەفتی 18/12/2019 وهەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ گەرەکا نەصارا کو تێدا هاتیە دیارکرن ناڤێ وان دتومارا تاخێ مەدا هەبە ومالا خو ژ تاخێ مە بارکرینە ونوکە ژی وجهێ ئاکنجیبینا وی نەدیارە ومە چ پێزانین ل دور نینن دادگەهێ بریاردا ب بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداری یێ د دوو ڕۆژنامەییێن نافخوی وروژانەدا دا هین بهێنە ئاگەهدارکرن ب بڕیارێ وئەڤ بریارە هەلاویستیە لسەر سەرنەهێنانەبەر ژسیندخارنێ لدەمێ نکولێ ونەرازیبوونێ وهەوە ماڤێ نەرازیبین وپێداچوونێ هەیە دماوێ یاساییدا وبەروڤاژی بریار دێ پلا بنبڕێ وەرگرت.

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ 574/ش/ 2019

ڕێکەفت/ 5/1/2020

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو (خالد عبدالقادر محمد) جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب (الحضانه) یا زاروکی ناکام (روان ژ دایک بووی 15/11/2008) ژ تە بو داواکار (رشا هیثم عبدالجبار) و ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویڤ ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ تاخی خەبات ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (10) دەھ ڕوژا ژبەلافکرنا ڕوژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دومahیک ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی.

دادوەر /

زیرک محمد صدیق عبدالکریم

***

میلە بەردینەکانی تۆبزاواو کێڵەشین



کەمال نوری مەعروف

میلە بەردینە ئاسەوارییەکان کە نووسینی میخیییان لەسەرە، دەکەونە گۆشەی باکووری خۆرهەلاتی هەرێمی شاخاوی لە کوردستانی باشوور. نووسینەکانی سەریان بە دوو زمانن، یەکەمیان زمانی ئاشوورییەو دووەم زمانی ئۆرارتی یان خالدی کە زمانی ناوچەیی ژووروی ولاتی (نائیری)و ناوچەی گۆلاوی (وان)و ولاتی (ئۆرارتۆ) بووە کە ئێستاکە بەشێکی ولاتی ئارمینیای ڕۆژگاری ئەمڕۆیەو دانیشتوانی ئەو ناوچانەش بەخۆیان گوتووە (خالدی) لەبەرئەوەی خۆیان بردۆتەوە بۆ سەر خوای قەومییان (خالدی)و زمانەکەشیان بەهەمان ناوی (خالدی) ناسراوە. لەمەدا ئەوانیش لاسایی پادشاکانی ئاشوریان کردۆتەوە کە ناوی خۆیان بردۆتەوە سەر خوای ئاشوور زمانەکەشیان بەو ناوە ناولێناوە. بەڵام ئاشوریەکان، خالدییەکانیان بە ئۆرارتی ناوبردووە کە ناولێنانێکی جوگرافی ولاتەکەیانە!

3
کۆتایی

میلە بەردینەکەی تۆبزاوە:

پارچەیەکی شێوە لاکێشییەو لە بەردی بازڵت دروستکراوەو لەسەر بنکێکی بەردین دانراوە کە لەو جۆرە بەردە لە ناوچەکەدا لە شێوەی نییەو میلەکەش هەروەکو باسمانکرد لاکێشییەو بەهەمان شێوەی میلەکەی (کێڵەشین) دانراوە کە بەرزییەکەی 33 سانتیمەترەو دریژی بنکەکەی 16 و1 مەترەو پانیەکەی92 سانتیمەترەو ئەستوریەکەی33سانتیمەترەو خەڵکی ناوچەکەی چواردەوریشی پێیدەڵێن (کێڵە گاور) بەمانا (دانراوی گاور) کە لەسەر ڕێگای گشتی دانراوەو (سیدەکان) دەگەیەنێت بە ڕێگای (کێڵەشین)، ئەو ڕێگایەش هەمان ئەو ڕێگایەیە کە خالدییەکان بەکاریان هێناوە بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان ولاتی خۆیان (خالدیا)و ولاتی (مەساسیر)، بەشی سەرەوەی میلی تۆبزاوە لەسەر شێوەی (کێڵەشین) نییە کە قۆقز بێ و لێوارەکانیشی خوارەوەشی ڕێکن، زنای گەورەی شوێنەوار (لیمان هاوبت) باوەڕی وایە بەشی سەرەوەی لە سەردەمێک لە سەردەمە میژوویییەکاندا شکاوە بەهۆی داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن (سەرجۆن)ەوە لەبەرئەوەی نووسینەکانی تیایدا بۆ دژایەتیکردنی ئاشوریەکان و خراپکردنی سومعەیان نووسراوە.

ژەنەراڵ (ڕاولەنسۆن) یەکەم کەسێک بووە کە ئەو میلەی دۆزیوەتەوە، ئەوەش لە ساڵی (1841) بووەو بڵاوی کردۆتەوە. دوای ئەویش (ئاکزیمینی) چووتە ناوچەکەو بەدوایدا دکتۆر (بلا) لە ساڵی دییەنییەکەی ئەودا بۆ (کێڵەشین) بەدوایدا ڕۆیشتووە، زنای گەورە (دیمۆرگان)یش لە ساڵی 1894 دییەنیکردووەو بەدوایدا زنای گەورە (لیمان)یش ڕۆشتووەو دەقەکانی بڵاوکردۆتەوە. زاناکانی زمانە کۆنەکانیش لێکۆڵینەوەی زۆریان لەسەر کردووە لەبەرئەوەی تیایدا دیویانە کلیلی یارمەتیدەرە بۆ زانینی زمانی خالدی یان زمانی (ئارارات) هەروەکو میلەکەی (کێڵەشین)، تازەترین و باشترین لێکۆڵینەوەش کە بڵاوکراوەتەوە لەسەر ئەم میلە ئەوەیە کە زنای گەورەی زمانزان (دی تسیر تیلی) بڵاوی کردۆتەوە.

دەقەکەو نووسینەکە:

ڕووی میلەکەو لاکانی بە هەردوو زمانی ئاشوریی و خالدی (ئارارات)و دواپۆشراوەو زمانی ئاشوریییەکەش لەسەر ڕووی پێشەوەیەتی کە ڕووەو ڕێگا گشتییەکە نووسراوە، بەڵام زمانی خالدی لە پشتەوەی نووسراوە واتە ئەو بەشەیە کە ڕووی لە شارۆچکەی (مەساسیر)ەو هەندێک تێکچوونی پێووە دیارە، بەڵام زاناکانی زمان توانیویانە ئەوەی لەسەر ئەم میلە نووسراوە بیخوێننەوە لەگەڵ زانینی میژووی دانراوەکەو هۆکاری ئەو دانانەش هەروەکو لەوەوبەر باسمانکرد. ئەمەش کورتەی گۆڕینە ئاشوریەکەیە بۆ دەقە خالدییەکە کە37 دێڕە:

پادشای خالدی (ڕۆسا) پادشای ولاتی ئارارات کەسی خۆی ناوی لە هێرشەکەی هەشتەمی سەرجۆن داهاتووە کە کردوویەتە سەر ولاتی ئارارات لە ساڵی 714 پ.ز هەروەکو باسی دەکات (ئارزای) پادشای (مەساسیر) ئەو پەیمان و دڵسۆزییەی کە دابوی بە دەوڵەتی ئاشوری لەبەردەم خوامەردۆک و خوا ئاشوردا شکاندیی و بووە لایەنگری (ڕۆسا)ی پادشای ئارارات لە ئەنجامی ئەمەدا (ئارزانا) ڕایکردو (مەساسیر)یش بەدەستی سەرجۆنی دووەم لە ئەنجامی هێرشێکی کوتوپڕی داگیرکرا کە تالانییەکی زۆری دەسکەوت لەوانە پەیکەری خوای (خالدیا)و پەیکەری خوا (گیرتو) بەڵام (ڕۆسا) (ئارسا)ی پادشای ئارارات کاتێک هەواڵی وێرانکردنی شارۆچکەی (مەساسیر)و بەدیلگرتنی خوای (خالدیا)ی پێگەیشت بە خەنجەرەکەی کۆتایی بە ژیانی هێنا. بەوەش پەردەش بەسەر ولاتی (ئارارات)و دراوسێکانیدا دادرایەوە لە ئەنجامی وێرانکاری شەڕو برسێتیداو دانیشتوانەکەیشی مالوێران بوون.

لە ناوەڕۆکی دەقی میلەکەی تۆبزاوەدا تێدەگەین کە (ئارسا) فەرمانی داوە بەو نووسینە لەکاتی ئەو خۆشییەی لە (مەساسیر) دروستیکردووە کە (15) ڕۆژی خایاندووە ئەوەش لە دەوروبەری ساڵی 715ی پ.ز بووە. کاتێک (ئارسا) ولاتی (مانایەکان)ی داگیرکردووە کە دەکەوێتە باشووری خۆرهەلاتی گۆلاوی ورمێ پێستی لە لەشی (ئازا)ی کڕێکاری (سەرجۆن) کردۆتەوەو بەسەر یەکێک لە لوتکەی شاخەکاندا بڵاوکردۆتەوە. هێرشی هەشتەمی (سەرجۆنیش لە ساڵی 714ی پ.ز کە هێرشی تۆڵەسەندنەوەو شتنی (عار) بووە کە ئیمپراتۆریەتی ئاشوری تووشی بووە، (ئارساش) دوژمنێکی سەرسەختی پادشا سەرجۆن بووە کە لە ساڵی سێیەمی فەرمانڕەوای پادشای ئاشوری کەوتە شەڕەوە لەگەڵیاو ناوی لە کۆتایی هێرشەکەی هەشتەمی سەرجۆندا کۆژایەوەو هەواڵی نەماکاتێک بەسەر (ئارسا) سەرکەوت ولاتی ئارارات داگیرکردو (تشپا)ی وێرانکرد (هاوبت) باوەڕی وایە کە سەرجۆن فەرمانیداوە بەشی سەرەوەی میلی تۆبزاوە بشکێنن بەتایبەتی ئەو نووسینەی کە باسی نازناوی (خالدیا) دەکات بەوەی گەورەی دنیایە ئەوەش نازناوێکی تایبەتە بە خوا ئاشور هەروەها دێرێکی تری تیادایە کە کۆژراوەتەوە، لەوانەیە ناوی پادشای ئاشوری بێت کە (ئارسا) ئیدیعا دەکات کە بەسەریا سەرکەوتووە.

لەبەرئەوەی ئەم نووسینە باس دەکات کە (ئارسا) ئەم میلەی (مەساسیر) داناوە بۆیە زانای گەورەی شوێنەوار (لیمان هاوبت) هەستاوە بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر سروشتی ناوچە شاخاوییەکەی دەوری میلەکەی (تۆبزاوە) بۆئەوەی بەدوای ئاسەواری شاری (مەساسیر)و پایتەختی ولاتی (مەساسیر)دا بگەڕێت. چونکە هەردوو میلەکە باس لەوە دەکەن کە لە ولاتی (مەساسیر)و شاری (مەساسیر) دانراوە، بۆیە دەبێت ناوچەی (مەساسیر) بکەوێتە گۆشەی باکوری خۆرهەلاتەوە لە ولاتی ئاشور بەمانا خۆرئاوای ڕێگای کێڵەشین کە ژمارەیەکی زۆر شاری تیادا هەیەو ڕووبەرەکەی لە خۆرئاواوە دریژبۆتەوە هەتاکو ڕواندزو لە باشووریشەوە بڕینی دۆڵی تۆبزاوەو لە باکووریشەوە بڕینی (بادلیان).

لە ڕاستیدا شوێنەواری شاری بچکۆلەی کۆنیش هەن کە دەکەونە (3) شوێنەوە لە باشووری ڕواندز لە دوری چەند میلێک کە (فرزان)و (بێستورە)و (کروک)ن ئەمانە پاشماوەی بناغەی خانوی کۆنیان تیادا هەن کە بە کەرتە بەردی گەورە دروسکراون کە خالدییەکان لە بینا دروسکردنیانا بەکاریان هێناوە. لەوانە ڕواندزە کە خۆی لەسەر شوێنەوارێکی ئاسەواری خالدی گرنگ لەوانەیە دروسکرابێت لەگەڵ ئەو شوێنەوارانەی لە چواردەوریتی جگە لەوەش مانای (مەساسیر) کە ناوی پایتەختی ولاتی (مەساسیر)ە یەکسان دەبێتەوە لەگەڵ شاری ڕواندز بەوشێوە سروشتییە تۆندوتۆڵەی کە، کەوتۆتە زمانێکی شاخاوییەوەو لە گردە شارۆچکەیەکی گرنگ بووە لە ڕۆژگاری خالدییەکان و ئاشوریەکانداو دەسەڵاتی بەسەر دەشتەکەدا ڕۆشتووەو پاسەوانی ڕێگا شاخاویەکەی گرتووە (گەلی عەلی بەگ)ی کە چوار گیلۆمەتر لێوەی دوورە.

ڕێگا میژووییەکانی کۆن بۆ ولاتی (نائیری)و (مەساسیر):

هێرشی هەشتەمی سەرجۆنی دووەم بۆ سەر شاری (مەساسیر):

(تورودانگان) باوەڕی وایە کە سەرجۆنی دووەم لە هێرشیدا بۆ سەر شاری (مەساسیر) یەکێک لەو دوو ڕێگایەی گرتووە: لە (هەولێر)ەوە بۆ ڕواندز، ئەوەش وەرناگیرێت لەبەرئەوەی ڕێگای (عەلی بەگی) شاخاوی، بۆ سوپا باش نییە چونکە دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی قایکارەکانی خالدی کە پاسەوانی ڕێگاکەن لە دەروازەکەیەوە هەتاکو دەگاتەوە بە کۆتاییەکەی هەروەها لەبەرئەوەی تەسکەو (تەخت)یش نییە، ڕێگای دووەم لە دەشتی (شنۆ)وە بە ڕێگای کێڵەشین بۆ (مەساسیر) دەڕوات. بەڵام (لیمان هاوبت) دەڵێ: ئەم ڕێگایە پادشای خالدی (ئارجستسی) یەکەم لە هێرشیا گرتوویەتەبەر بۆ سەر ولاتی ئاشورو چووەتە ناو بەشی باکوریو نەینەواشی خستۆتە ژێر مەترسییەوە. (سەرجۆن)یش کاتێک لە وێرانکردنی (مەساسیر) بۆتەوەو بەسەر مامەکەتی ئارارائدا سەرکەوتەوەو لە گەڕانەوەیدا بۆ نەینەوا ڕێگای (گیاور) - ئامێدی - داودی ژ دهۆک ژ خەبارنای گرتۆتەبەر. بەڵام سەرجۆن ئەو ڕێگایەی لە هێرشەکەیدا بۆ سەر ولاتی (مەساسیر) پیایدا ڕۆشتووە لە هێرشی هەشتەمیدا ساڵی 714ی پ.ز وەسفی کردووە، هەروەکو دەڵێ: ئەو ڕێگایەم لە هێرشەکەمدا گرتەبەر بۆ سەر (مەساسیر) کە کەسێکی تر بەر لە من لە پادشاکانی ئاشوری نەیگرتبوەبەر هەروەها کەسیشم بەر لە خۆم نەدیووە. بۆیە لە دوو ئەگەر زیاتر نەماوە لەوانەش سەرجۆن کام لەو ڕێگایانەی لە هێرشەکوتوپڕەکەیدا بۆ سەر (مەساسیر) گرتۆتەبەر، ڕێگای دهۆک - داودی- گیاور یان ڕێگای دەشتی شنۆ(ورمێ) کێڵەشین، پادشاکانی ئاشوریش کە بەر لە (سەرجۆن) شەڕیان لەگەڵ خالدییەکاندا کردووە بە ناوچەی (مەساسیر)یشەوە بە ڕێگای (دهۆک)دا ڕۆشتووون ئەوەش وایکردووە دوژمنەکەیان ماوەی تەواوی هەبێت بۆ ڕاکردن لە ڕێگای کێڵەشینەوە بۆ (ئارارتۆ) بۆیە سەرکەوتنەکانیان لە شەڕەکانیاندا کاتیو جەرگبڕ نەبووە، بەڵام سەرجۆن لە هێرشەکەیدا وادیارە (شیوەکەل) چووەو ڕێگای بانەی شاخاوی بڕیوەو لەوێوە بۆ سەقزو لەوێشەوە بۆ ساجبلاق (مەهاباد)و گۆلاوی ورمێ ڕۆشتووەو چووەتە ناو ولاتی (مانایەکان) دوای ئەوە (ئارسا) (ڕۆسا)ی لە شوێنی (ئاواشدس)ی نزیک (سەهەند) بەزاندووە بەدوای ئەوەشدا بەرەو ولاتی (ئارارتۆ) پێشکەوتووەو گەیشتۆتە گۆلاوی (وان)و گەلێک لە شارەکانی ئارارتی (خالدی) وێرانکردووە، بەڵام شاری (تشپا)ی جێهێشت بێئەوەی زیانی پێبگەیەنێت لەبەرئەوەی پایتەختی خالدییەکانۆ بارەگای (ڕۆسا) بووە کە شوێنی ئێستای دەکەوێتە ڕێگای (تۆبراق قەڵا)ی قایم. هەروەکو (ورودانگان) باوەڕێ وایە سەرجۆن ئەو شوێنەی پیایدا ڕۆشتووە ڕێگای تەورێز - سۆڤیان - مراند - خوا کوتور سەرای بوو.

کاتێک (سەرجۆ) لە (ئارارتۆ) گەیشتە شاری (ئوئایاس) کە ئەمڕۆ شوێنەکەی (باش قەڵا)یە لەوێشەوە ڕۆشت بۆ ولاتی نائیری و دەستیکرد بە وەرگرتنی دیاری لە (خەبشکیا)ی پایتەختی پادشا (ئایانزو)ی پادشای (نائیری)، بەلاغەکانی شەڕی (سەرجۆن)یش دووپاتی ئەو هێرشەی هەشتەمی بەشێوەیەکی شیعری جوان بۆ سەر شارۆچکەی (مەساسیر) دەکاتەوە کە شارۆچکەیەکی بچکۆلە بووەو دانیشتوانەکەی لە سنووری شەش هەزار کەسدا بوون، دوایی قسە لەسەر تالانییە قورسەکانی شەڕەکانی دەکات لەوانە باسی دەستبەسەرداگرتنی (2135) مەڕێ مێچکە دەکات. ئەو ڕێگایە (سەرجۆن) گرتیبە بەر لە هێرشەکەیدا بۆ سەر (مەساسیر)ی ڕێگای شاخاوی بڕیوەو بەرەو (ئارسیئۆ)یە ئەو شاخەی بە وەسفەکەی ئەو بەرزاییە کە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان (شنۆ)و (کێڵەشین) دوای ئەوەش ڕوباری زێبی گەورەی لە چەند شوێنێکدا بڕیوەو لەپڕێکدا داویە بەسەر (مەساسیر)دا لە هەموو لایەکییەوە. ئەو وەسفەی لە بەلاغی شەڕەکەیدا لەبارەی هەڵدێری ناوچەکەو زۆری دارستان و دەرختی میوە هاتووە (ئەو دۆخە) جوگرافیاو ئابووری ئێستای دەگرێتەوە.

زانای گەورە (بیلیک) دەڵێ: دوو ڕێگا هەیە دەگاتەوە بە (سیدەکان)و (تۆبزاوە) یەکەمیان لە دەشتی ولاتی ئاشوریەوە بۆ (هەولێر)و (ڕواندز)، و ئەوی تر لە دەشتی (وان)ەوە دوای بڕینی (کوجاب)، باش قەڵا، و دۆڵی ڕوباری (نەهیل) ئەم ڕێگای دواییش (ئارارائییەکان) لە ڕۆشتنی سوپاکانیاندا بەکاریان هێناوە ئەوەش لە میلەکانی (کێڵەشین)و (تۆبزاوە)دا باسیان هاتووە.

(تورودانگان) باوەڕی وایە (سەرجۆنی دووەم) دوای ئەوەی بەسەر مەملەکەتی (مەساسیر) دا سەرکەوت و پایتەختەکەی پادشا (ئارزانا)ی ڕووخاند بە ڕێگای زێبی گەورە بە موسڵ و ئامێدی و داودی و شارۆچکەی (دهۆک)دا تێپەڕیوەو گەڕاوەتەوە بۆ خورساباد ئەو ڕێگایەش لای سوپای ئاشوری سەرەکی بووە.

نووسینی: دکتۆر مەحمود ئەمین سەرچاوە: گۆڤاری سۆمەر/ بەشی یەکەم، 1952 لاپەڕە (53-71).



ڕەهەندە ستراتیژییەکانی تەنگژەی لیبیا



ئا/ عەبدولقادر کەڵهۆڕ

بی بی سی

خەریکە تورکیا هەنگاو دەنێت بەرەو تێوەگلانی قوڵتر لە تەنگژەی لیبیا، بەتایبەتیش دوای ئەوەی پەرلەمانی تورکیا بریارێکی پەسەند کرد بۆناردنی سوپای تورکیا بۆ لیبیا و پاڵپشتیکردنی حکوومەتی ویفاق لە تەرابلوس.ئەوەش دەبێتە قۆناغێکی دیکە بۆ شەڕ و کوشتار لەو دەوڵەتە .تورکیا بە شێوەیەکی پراکتیکی پاڵپشتی حکوومەتی ویفاق لە تەرابلوس دەکات کە لە ڕووی نێودەوڵەتیەوە دانی پێنراوە و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و چەندین زرێپۆشی خستووەتە خزمەت ئەو حکوومەتە .پێدەچێت ڕۆڵی سوپای تورکیا لە مەشق پێکردن و ڕاهێنان و سەرپەرشتیکردنی هێزەکانی لیبیا چڕ بێتەوە.





هەموو لایەنەکانی تەنگژەی لیبیا قەدەغە کردووە . بەڵام سەرباری هەموو ئەوانەی کە ئاماژەی پێدرا، لە واقیعدا شتێکی دیکە ڕووەدات، حکوومەتی ویفاق لەلایەن هێزەکانی ڕۆژئاواوە پاڵپشتیی دەکرێت ، لە بەرانبەریشدا هێزەکانی حەفتەر بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن ئیماراتەوە پاڵپشتیی دەکرێت و لەلایەن ئوردنیشەوە زرێپۆشی بۆ دابین دەکرێت. هەروەها میرنشینی ئیماراتی یەکگرتوو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی چینی لە جۆری وینگ لۆنگ 2داوەتە دەست هێزەکانی حەفتەر. لە ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە ئەو جۆرە فڕۆکانە بووەتە هۆی کۆژرانی دەیان هاووڵاتیی سڤیل لە ئەنجامی هێرشەکانی حەفتەر. هەروەها ئەو ژەنەراڵە خانەنشینە لیبیە لەلایەن میسرەوە پاڵپشتیی دەکرێت و لەسەر ئەرزی واقیعیش کۆنتراتچییەکانی نیمچە ڕەسمی جەنگ کە ڕووسیێ هاوکاری سەربازیی پێشکەش دەکرێت بە هاوکاری چەند گرووپێکی چەکداری بەکرێگیراوی سودان و چاد.

هەروەها ڕاپۆرتەکان ئاشکرایان کردووە کە قەناسە ڕووسەکان ڕۆڵێکی بەرچاوییان هەیە لە سەر ڕێچکەی ڕووداوەکان لە جەنگی لیبیا . هەندێکجاریش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێتیوایی هێزەکانی حەفتەر لە ئاسمانەوە لەلایەن هێزە ئاسمانییەکانی ڕوسیاوە پاڵپشتی دەکرێن.هەروەها ئەمەریکا چەند جارێک سووربوونی خۆی نیشانداوە کە ئەو فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەی لە تشرینی دووەمی ڕابردوو کە وتووەتە خوارەوە موشەکی ڕوسیی بەرکەوتووە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەو فڕۆکانە بەکاردێنێت بۆ لێدانی دەستو پێوەندو پاشماوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە لیبیا .ئەوەش ڕەوشەکەی بەرەو ئاڵۆزی زیاتر بردووە، لە بەرانبەریشدا ڕوسیا بەردەوام ڕەتیدەکاتەوە کە هیچ پەیوەندییەکانی بە ڕووداو پێشهاتەکانی لیبیاوە نییە .جێی باسە، تەنگژەی لیبیا لەو کاتەوە دەستی پێکرد کاتێک ئەمەریکا چووە پاڵ هاوپەیمانییەتی ڕۆژئاوا کە بەریتانیا و فەرەنسا ڕابەرایەتیان دەکرد بۆ هێرش کردنە سەر حکوومەتی سەرۆکی لیبیا موعەمەر قەزافی ڕوخاندنی لە ساڵی 2011. دواتریش کێشەو مەلمەلانێی نێوخۆیی لەو دەوڵەتە سەریهەڵدا، هاوکات هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە بەرهەم و ڕێکەوتنامەیەکی لێکەوتەوە کە بەهێزەوە حکوومەتێکی ویفاقی نیشتمانی لە لیبیا دامەزرا .بەڵام هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی لیبیا بە سەرۆکایەتی خەلیفە حەفتەر ڕازی نەبوو بچێتە نێو ئەورێکەوتنامەیە. هەوڵە دیپلۆماسییەکانیش بۆ چارەسەر ڕەوشەکە وەستان و تەنگژەکە تاکوئێستا بەردەوامە ، لەلایەک ڕوسیا کە هەر لە سەرەتاوە ڕازی نەبوو حکوومەتەکەی موعەمەر قەزافی لەسەر کارلابدرێت، هەوڵدەدات لە ڕێگەی لیبیا وە کۆنترۆڵی ناوچەکە بکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی میسر عەبدولفەتاح سیسی پێیوایە خەلیفە حەفتەر کەسایەتییەکی سەربازی بەهێزەو لە توانایدایە لە ڕووی گروپە تیرۆریستییەکان بوەستێتەوە.لەلایەکی دیکەوەش تورکیا بە هەموو توانایەکی دەیەوێت پاڵپشتیی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی بکات کە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دانی پێنراوە، لە ڕاستیشدا نیازەکانی تورکیا لە لیبیا هەر لەو سنورە کۆتایی نایەت و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا ڕەهەندی ستراتیژی فراوانتری هەیە لەو پرسەدا. تورکیا پێی وایە لیبیا دەروازەیەکی گرنگە بەسەر کیشوەری ئەفریقیا و دۆست و هاوپەیمانی زۆرنیە لەناوچەکە.. لە بەرانبەریشدا میسر نیگەرانە لەوەی تورکیا پاڵپشتیی و هاوکاری ئیخوانەکانی میسر دەکات کە نیارێکی سەرسەختی حکوومەتی سەربازی میسرن.

پێناسەی وڵاتان

بڕۆنای

نـاوی فـەرمی: ویلایـەتی بـڕۆنـای دارولسەلام.
کیشوەر: ئاسیا.
پێگـەی جوگـرافی: بـاکـووری ڕۆژئـاوای کـەنـاری دوورگـەی بـرۆنی لـە بـاشـووری دەریای چین.
پایتەخت: بندرسری باجوان.
ڕووبەر: 5.770 کیلۆمەتر دووجا.
ژمارەی دانیشتوان: 315.292 کەس.
ئـاین: ئیسلام 67٪ ، بودهست 12٪ ، کرستیان 9٪ ، 12 ٪ ئاینی تر.
دراو: دۆلاری برۆنای.
زمان: چینی، ئینگلیزی، ملاوی.
ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان : 21-9-1984



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1797:
پەرلەمانی ئیتالیا ڕەنگی سەوز و سپی و سووری هەڵبژارد بۆ ئەوەی ئاڵای ئەو وڵاتە پێکبێنن.



ساڵی 1789:
لە ئەمەریکا یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەسەر ئاستی نیشتمانی ئەنجام درا .



ساڵی 1962:
ئەحمەد سوکارنۆی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەندەنوسیا دووچاری هەوڵێکی تیرۆرستی بووەوە .



ساڵی 2006:
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 5.1پلە لە نیمچەدوورگەی ئالاسکا ڕوویدا .



ساڵی 2015:
لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا هێرش کرایە سەر بارەگای ڕۆژنامەی شارلی ئبدۆ و 12 کەس کوژران .



ساڵی 2019:
لە گابۆن ژمارەیەک ئەفسەر کودەتایەکیان ئەنجام دا بەڵام سوپا شکستی پێ هێنا .

فەرەنسا...

مانگرتنەکان ژمارەی پێوانەییان تۆمار کرد





ئا : ل. کاروباری نێودەوڵەتی

ئەو مانگرتنانەی نزیکەی مانگێکە لەسەر ئاستی نیشتمانی لە فەرەنسا راگەیەنراون ژمارەی پێوانەییان تۆمار کرد وەک درێژخایەنترین مانگرتن لە مێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتە (ئەو ناسەقامگیریە مەدەنیانەی ساڵی 1968 رووياندا) . لە رۆژی 5ی کانونی یەکەمی رابردووەوە زۆربەی سەندیکاکانی کرێکاران مانگرتنیان راگەیاند ، مانگرتنەکەش زۆربەی خزمەتگوزاری و بواره گرنگەکان و شێوازەکانی گواستنەوەی گرتۆتەوە .

5ی دیسەمبەری رەش

رۆژی 5ی کانونی یەکەمی رابردوو ، وەک دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بەو چاکسازیانەی کە حکوومەتی فەرەنسا سەبارەت بە موچەی خانەنشینان پێشنیازی کردبوون ، ژمارەیەک لە سەندیکای کرێکاران مانگرتنێکی سەرتاسەری و کراوەیان راگەیاند و لەو رۆژەوە فەرەنسا رووبەڕووی چەند گرفتێک بۆتەوە ، لەوانە : کەمی سووتەمەنی و وزەی کارەبا و وەستاندنی بەشێکی زۆری شێوازەکانی هاتوچۆ و داخستنی قوتابخانەکان .لە بەرامبەردا پۆلیس هەوڵی دا لە رێگەی بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژەوە ئەو ئابلوقەیە بشکێنێ کە لەلایەن کرێکارانەوە خرابوە سەر گۆڕەپانی سەرەکی وەستاندنی پاسەکان لە پاریسی پایتەخت و لە ئەنجامدا رووبەڕووبوونەوە لە نێوان پۆلیس و سەندیکاکان رووید ا .

ماکرۆن داوای رێگەچارەیەک دەکات

وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بەم رووداوانە ، ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا ناڕەزایی بەرامبەر بە داواکاری خۆپیشاندەران دەربڕی و رایگەیاند مەبەست لەو چاکسازیانەی کە حکوومەت بە نیازە ئەنجامی بدات ، یەکخستنی هەموو پرۆگرامەکانی خانەنشینیە و کۆکردنەوەیانە لەنێو یەک چوارچێوەی نوێی وا کە هاوشێوەی سیستمی زۆربەی وڵاتانی جیهانە و ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە و پێویستە بگیرێتە بەر بۆ رێگرتن لە هەر داڕمانێکی ئابووری کە لە ئایندەدا روو بدات . ماکرۆن لە میانی وتارێکدا کە بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێ پێشکەشی کرد ، داوای دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی خێرای کرد کە مایەی رەزامەندی هەموو لایەک بێ و سنووریک بۆ ئەو مانگرتنە دابنێ . ماکرۆن لە وتەکەیدا وتیشی : دەرک بەوە دەکەین کە زۆر جار گۆڕانکاریەکان دەبنە مایەی نیگەرانی ، بەڵام مەترسیەکان نابێ ببنە مایەی درێخیکردن لە کار .

کاردانەوەکان

ئەو وتارەی ئیمانوێل ماکرۆن چەند کاردانەوەیەکی بەدوای خۆیدا هێنا ، بە تایبەتیش لەلایەن بەرەی مانگرتوان و سەندیکای کرێکاران و پارت و لایەنە راستڕەوە توندڕەوەکان :

جاک لوک میلانشۆنی سەر بە ساڵی ئۆپۆزسیۆن و ئەوپەڕی چەپی سیاسیە ، ئەو وتارەی ماکرۆنی رەت کردەوە و رایگەیاند کە ئەمە راگەیاندنی شەڕە لە دژی چەندین ملیۆن کەسی فەرەنسی کە چاکسازیەکان رەت دەکەنەوە .

مارین لۆپانی سەرکردەی راستڕەوی تونڕەوی فەرەنسی سەبارەت بە وتارەکەی ماکرۆن وتی : جارێکی دیکە وتارەکە هیچی تازە ناگرێتە خۆی .

سەرکردەی سەندیکاکانیش لەلایەن خۆیانەوە داوای کۆتاییهێنان بە مانگرتنیان رەت کردەوە ، بەڵکو داوایان لە هەموو خەڵکی فەرەنسا کرد کە لە دەربڕینی ناڕەزایی بەشدار بن .

فیلیپ مارتینێزی سەرۆکی یەکێتی گشتی کرێکاران وتی : لە بەرامبەر سەرۆکێکدا کە لەخۆی رازیە و پێی وایە لەم وڵاتەدا هەموو شتێک بە باشی بەڕێوە دەچێ ، پێویستە ئاماژەیەکی هۆشداری بەهێزتری ئاراستە بکەین .

مانگرتن چ بواریکی گرتۆتەوە؟

کۆمپانیای نیشتمانی هێڵی ئاسنین رایگەیاند کە 90% ی شەمەندەفەرە خێراکان لەکار وەستێنراون، هاوکات زۆربەی شەمەندەفەرەکانی مێترۆی پاریس لە کار وەستێنران .

هێڵی ئاسمانی فەرەنسی ژمارەیەک گەشتی ئاسمانی دواخست ، بەمەش هەندێک کۆمپانیای دیکە دووچاری کێشە بوونەوە . بۆ نموونە : تەنها کۆمپانیای ئیزی جێت 250 گەشتی ناوخۆیی وەستاندووە .

لە بواری پەروەردەدا وەزارەتی پەیوەندیدار رایگەیاند کە نزیکەی 50% ی قوتابخانەکان لە سەرتاسەری فەرەنسا داخراون ، 70% ی ئەو قوتابخانانە لە پاریسی پایتەختن .

جگە لەوە ، ئەم مانگرتنە چەندین بواری دیکەشی گرتۆتەوە لەوانە: گواستنەوەی زەمینی و چەند کەرتێکی تایبەت ، لە نێویاندا : پارێزەران و پالاوگەکانی نەوت و شوفێری ئەمبۆلانس و تاکسی.

چەند زانیاریەکی دیکە

فەرەنسا 14% ی کۆی داهاتی ناوخۆیی لە موچەی فەرمانبەران خەرج دەکات ، ئەمەش بە یەکێک لە بەرزترین ڕێژەکان دادەنرێ لەسەر ئاستی جیهان .

بە گوێرەی پێشبینی لیژنەی سەربەخۆی تایبەت بە موچە ، ئەگەر تا ساڵی 2025 گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی ئەنجام نەدرێ ، چاوەڕێ دەکرێ بودجەی فەرەنسا بە ڕێژەی زیاتر لە 17ملیار دۆلار (0.7% ی کۆی داهاتی ناوخۆیی) کورت بێنێ.

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
لە باکووری ئیتاڵیا ئۆتۆمبیلێک خۆی بە ژمارەیەک گەشتیاری ئەڵمانیدا کێشا و لە ئەنجامدا 6 کەس گیانیان لەدەست دا و 11ی دیکە بریندار بوون .



ئەی ئێف پی :
لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کرواتیا زۆران میلانۆڤیچی سەرۆکوەزیرانی پێشووتر سەرکەوتنی وەدەست هێنا .




ئیلاف :
هێرشێکی تۆندی ئەلیکترۆنی لە دژی وەزارەتی دەرەوەی نەمسا ئەنجام درا و بەرپرسانیش پێیان وایە لایەنێک کە دەوڵەتێک پشتگیری دەکات لە پشتەوەی ئەو هێرشەیە .



ڕۆیتەرز :
پۆلیسی هۆنگ کۆنگ دەیان کەسیان لەو خۆپیشاندەرانە دەستگیر کرد کە لە دژی بازرگانە چینیەکان هەڵڕژابوونە سەر شەقام .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
وەزیری دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا داوای لە ئێران کرد کار بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکان بکات .



کەنالی ئار تی :
سەرۆکوەزیرانی ژاپۆن سووربوونی وڵاتەکەی لەسەر بڵاوکردنەوەی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیشان دا بە مەبەستی پاراستنی کەشتیە ژاپۆنیەکان .

پاکژکردنەوەی خاک دوای دروێنەی بەرهەم



شارەزایانی بواری کشتوکاڵ بەردەوام ڕێنمایی جوتیاران دەکەن کە باشترین ڕێگا بۆ سەرهەڵنەدانی دەردە کشتوکاڵییەکان و گەڕاندنەوەی توانا و هێزی خاک پێویستە دوای تەواوبوونی کرداری دروێنەی بەروبومە کشتوکاڵییەکان ڕاستەوخۆ تەعقیم بەهۆی تیشکی خۆر بۆ خاکەکە بکرێت. سەرەتا پاشماوەی بەروبومەکەی پێشوو کۆدەکرێتەوە و لادەبرێت پاشان کێڵانێک بۆ زەوییەکە دەکرێت و بۆ ماوەی 1 حەفتە جێدەهێڵدرێت بۆ ئەوەی تیشکی خۆری لێبدات، دوای ئەوە هێڵکاری و ڕێکخستن و ئامادەکردنی زەوی بۆ بەرهەمی داهاتوو دەکرێت، هەروەها بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی تەعقیمکردنەکە پێویستە ئاودانێک بۆ زەوییەکە بکرێت و سلفاتی مسی پێبدرێت ئەوەش بۆ زیاتر پاقژکردنەوەی زەوییەکەیە.

بۆ باشکردنی خەسڵەتەکانی زەوی دەبێت سووڕی کشتوکاڵی ئەنجام بدرێت واتا دووبارە نەچاندنەوەی هەمان بەروبووم لە وەرزی داهاتوودا بەڵکو بە بەروبوومێکی دیکە بچێندرێت بۆئەوەی زەوییەکە نەبێتە مۆڵگەی ئەو نەخۆشییەی تووشیی ئەو بەروبوومەی دێت، پێویستە لەبەرچاو بگیرێت کە هەر بەروبوومێکی کشتوکاڵی پێویستی تایبەتی خۆی بۆ تووخمە خۆراکییەکان هەیە و ئەو پاشماوەیەی لە بەروبوومی وەرزی ڕابردوو جێدەمێنێت ئەگەری هەیە هۆکاری نەخۆشییە تایبەتەکانی ئەو بەروبوومەی تێدا کۆبێتەوە.

خواردنی دوو سێو لە ڕۆژێکدا ئەم سوودەی هەیە

شارەزایان بینیان خواردنی 2سێو لە ڕۆژێکدا مەترسیی تووشبوون بە کێشەکانی دڵ و جەڵدەی مێشک کە بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی کولیسترۆڵ لە خوێنبەرەکان کەم کاتەوە.

دوو سێوی گەورە چارێگی ئەو ڕێشاڵەی تێدایە کە پێویستە بۆ تاکێک لە ڕۆژێکدا، لە هەمانکاتدا جۆرێک ڕیشاڵی تێدایە کە خۆراک بە بەکتریا گرنگەکانی ڕیخۆڵە دەدەن کە ترشە ئەمینییە زنجیرە کورتەکان بەرهەم دێنن کە ئەگەری هەیە بەرهەمهێنانی کولیسترۆڵ دابەزێنن.

لە لێکۆڵینەوەیەکی تازەدا دەرکەوتووە لە کاتی خواردنە 2 سێو لە لایان 40 بەشداربوو کە تەمەنیان لە نێوان 20 - 69 ساڵدابوو و کولیسترۆڵی خوێنیان بەرز بوو بۆ ماوەی 8 حەفتە، ئەو کردارە ئاستی کۆلیسترۆڵی زیانبەخشی لە خوێنیاندا بە ڕێژەی 4% کەمکردەوە.

تیمی توێژینەوەکە بینیان خوێبەرەکانیان باشتر کاریان دەکرد و لە تەندروستییەکی باشتردا بوون ئەوەش هەمان کاریگەرییە کە خۆراکەکانی دەوڵەمەند بە ئاوێتە سرۆشتییەکان هەیانە کە بە پۆلیفینۆل ناسراون وەک چا. ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لە گۆڤاری ئەمەریکا بۆ خۆرک بڵاوکراوەتەوە گرنگە چونکە بەرزبوونەوەی ڕێژەی کولیسترۆڵ لە خوێندا ئەگەری هەیە خوێبەرەکان بگرێت و مەترسیی توشبوون بە جەڵتەی دڵ و مێشک زیاد بکات.



سێ جۆری میوە بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن

پەستانی خوێن نەخۆشییەکی باوە و بەهۆی هەبوونی پاڵەپستۆ لەسەر دیواری خوێنبەرەکان بۆ ماوەیەکی درێژ سەرهەڵدەدات، بۆ کۆنترۆڵکردنی پێویستە نەخۆش چارەسەر وەربگرێت لە هەمانکاتدا پابەند بێت بە سیستەمێکی خۆراکی تەندروست.

لە کاتی بوونی ئەم نەخۆشییە پێویست دەکات دڵ چالاکتر کاربکات بۆ گەیاندنی خوێن بۆ سەرجەم بەشەکانی جەستە، پەیڕەوکردنی شێوازێکی ژیانی تەندروست هاوکارە بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێنی بەرز و دوورکەوتنە لە هەڕشە تەندروستییە لاوەکییە مەترسیدارەکان.

زۆر جار سیستەمی خۆراکی دەوڵەمەند بە پۆتاس و مەنگەنیز و ڕیشاڵەکان هاوکارە بۆ کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن. شارەزایانی بواری تەندروست هاوڕان لەسەر ئەوەی پەیڕەوکردنی سیستەمێکی خۆراکی تەندروستی هاوسەنگ و 150 خولەک لە چالاکی وەرزشی لە حەفتەیەکدا خوێندنەوەیەکی باشی پەستانی خوێن مسۆگەر دەکات.

ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوەی بەریتانی دەیسەلێنن کە میوەی سێو و مۆز و تووی شین Blueberryکاریگەری زۆر ئەرێنی هەیە لەسەر پەستانی خوێن، سێو پەستانی خوێن دادەبەزێنێت بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوەیەکی گرنگی (کیرسیتین)ە کە یەکێکە لە ماددەکانی فلافۆنیدەکان (ئاوێتەی ئەندامییە کاریگەری دژە ئۆکسین و دژە ڕەگە سەربەستەکانی هەیە). کیرسیتین چالاکی ڕەگە سەربەستەکان ڕادەگرێت (گەردیلەی کیمیایی ئایۆنییی زیانبەخشە لە جەستەدا) و دەمارەکان دەپارێزێت و پەستانی خوێن بە شێوەیەکی سروشتی دادەبەزێنێت.

تووی شین (بلوبێری) ڕێژەیەکی بەرزی لە فلافۆنید تێدایە، تایبەتمەندییەکی بەهێزی هەیە وەک دژە ئۆکساین ئەوەش هاوکارە بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن. لە هەمانکاتدا لە هەندێک لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە کە تووی شین بڕێکی زۆری لە ماددەی (ئەنسۆسیانین)ی تێدایە کە لە کۆمەڵەی فلافۆنیدا، ئەوانەی ئەم میوەیە دەخۆن بە ڕێژەی 8%پەستانی خوێنیان دادەبەزێت. تۆێژەران لەو باوڕەدان کە (ئەنسۆسیانین) پەستانی بەرزی خوێن دادەبەزێنێت لە ڕێگای زیادکردنی (ئۆکسیدی نەیتریک) کە ماددەیەکی کیمیاییە لە دیواری خوێبەرەکان کاردەکات بۆ دڕێژبوون و کورتبوونەوەیان.

بەڵام مۆز بە هەڵبژادەیەکی باشی دیکە دادەندرێت بەهۆی دەوڵەمەندی بە پۆتاسیۆم کە هۆکارە بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێنی بەرز. لێکۆڵینەوەکان ئاشکرای دەکەن خواردنی 2مۆز لە ڕۆژێکدا ئەگەری هەیە پەستانی خوێن بە ڕێژەی 10% دابەزێنێت.



هۆکاری ڕشاندنی پەین و قڕکەرەکان لە کەشێکی سارد



لە ڕووی زانستییەوە ڕشاندنی ڕووەک بە پەین و قڕکەرە کیمیاییەکان لە بەیانییەکی زوو یان لە کۆتایی ڕۆژدا دەبێت.

پێویستە کرداری ڕشاندن لە کاتی بەیانیان یان ئێوارادا بێت کاتێک کە خۆر نزمە لە ئاسۆدا. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دڵۆپی قڕکەرەکە یان دڵۆپی پەینەکە کە دەڕشێندرێت لەسەر گەڵاکاندا وەک هاوێنێکی بچووکی لێدێت تیشکی خۆر کۆدەکاتەوە و گەڵاکان دەسوتێنێت، لە هەمانکاتدا هەندێک ئاوێتە وەک کالیسیۆم زۆر هەستیارە بۆ گەرمی و بە مەترسییەکی گەورە دادەندرێت لەسەر گەڵاکاندا ئەگەر لە کەشێکی گەرم بڕشێندرێت. کاتێک دڵۆپی پەینەکە کە دەڕشێندرێت لەسەر گەڵاکاندا وەک هاوێنێکی بچووکی لێدێت تیشکی خۆر کۆدەکاتەوە و گەڵاکان دەسوتێنێت، لە هەمانکاتدا هەندێک ئاوێتە وەک کالیسیۆم زۆر هەستیارە بۆ گەرمی و بە مەترسییەکی گەورە دادەندرێت لەسەر گەڵاکاندا ئەگەر لە کەشێکی گەرم بڕشێندرێت. کاتێک کە پلەی گەرمی بەرزبوونەوە بە دەرکەوتنی تیشکی خۆر بێگومان دەبێتە هۆی داهاتنی مەیلەکەکانی هەناسەدان کە بە دەروازەی چونە ناوەوەی پەین دادەندرێت کە بەهۆیەوە ناچێتە ناو گەڵاکان بەڵکو بە خەستیەوە لەسەر گەڵاکاندا دەنیشێت و دەبێتە هۆی سوتانیان و مانەوەی لەسەر گەڵاکاندا هۆکارە بۆ تێکدانی کارگەی دروستبوونی خۆراکی لە ڕووەکدا.

بۆیە بەردەوام ڕێنمایی جوتیاران دەکرێت کرداری ڕشاندن بەیانیان زوو یان ئێواران یان لەو ڕۆژانەی کە هەورە و سارد بکرێت. کاتی بەیانیان باشترە لە ئێواران چونکە مەمیلەکانی گەڵا بیانیان کراوەیە بەوەش کرداری ڕشاندنی پەین سوودی زیاتری دەبێت بە مەرجێک تەوژمی بای بەهێز نەبێت بۆ ئەوەی قڕکەر و پەینە پڕژێنراوەکان بە فیڕۆ نەڕوات.

هەروەها لەو کاتەی باران دەبارێت یان گەڵاکان شێدارن یان ئەگەری باران بارین لە ئارادابێت نابێ کرداری ڕشاندن ئەنجام بدرێت چونکە پەینەکە یان قڕکەرەکە دەشۆردرێتەوە. ئەگەر ڕشاندن ئەنجام درا و پاش 1- 2کاتژمێر باران باری ئەوە دوای 3 - 4 ڕۆژ کە بارانەکە دەوەستێت و گەڵاکان بە تەواوی وشکدەبنەوە کرداری ڕشاندنەکە دووبارە ئەنجام دەدرێتەوە. باشترە داڕکان پێش ڕشاندن ئاودانیان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی جوولەی پەینەکە لە نێو داڕکەدا ئاسان بێت.

زاڵبوون بەسەر ماندیبوونی زستانە بە خۆراک

زۆر کەس لە وەرزی زستاندا هەست بە ماندیبوون دەکەن، بەڵام بە خواردنی خۆراکێکی دروست بە نرخێکی گونجاو دەکرێت بەسەر ماندیبوونی زستان زاڵبین و توانای جەستەیی بۆ ئیشکردن و ئەنجامدانی چالاکییەکان بگەڕێنینەوە.

زۆر جار تاکەکان لە ڕۆژانی زستاندا ماندوو و شەکەت دەردەکەون و توانای ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان نابێت، لە ڕێگای خۆراکی تەندروستەوە بە شێوەیەکی بەرچاو هێز و توانای بۆ دەگەڕێتەوە و چالاکی و ئیشوکارەکانی ڕادەپەڕێنێت، بە پێی مالپەڕی (فۆکۆس)ی ئەڵمانی ئەو کەسانە پێویستییان بە خواردنەوەی قاوە یان خۆراکی گرانبەها نابێت، بەڵکو ئەو خۆراکانەی کە لە خواردەوە ئاماژەی پێدەکەین توانای جەستەیی و هزری مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە:



یەکەم. کاربۆهێدرات، خانە خۆڵەمێشییەکانی مێشکی مرۆڤ پێویستی بە کاربۆهێدراتە بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی دروست کاربکات وەک تۆوی شۆڤان و بەرهەمەکانی دیکەی دانەوێڵەی تەواو. بۆ تەرکیزکردن مێشک پێویستی بە هەمان بڕ لە وزە و شیرینی و ئاردی سپی هەیە، کە بۆ ماوەیەکی کورت وزە زیاد دەکات لە کۆتایدا ئەو وزەیە بە شێوەیەکی خێرا دادەبەزێت.

دووەم. ئۆمێگا 3) ترشە ئەمینییەکان)، ترشە ئەمینییە ناتێرەکان گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی ڕاست و دروست کار بکەین. ترشە ئەمینییەکان (ئۆمێگا 3) چالاکی مێشک باشتر دەکات، بەوەش هێزی بیرەوەری زیاد دەکات و توانای فێربوون پتر دەبێت، جگە لەوە مرۆڤ لە نەخۆشییەکانی دڵ و خەرەفی دەپارێزێت. ئۆمێگا 3بە شێوەیەکی تایبەت لە ماسییدا هەیە، هەروەها لە چەرەزاتیشدا هەیە.

سێیەم. سەوزە و میوە، ڤیتامین و ماددە خۆراکییە لاوەکییەکانی ڕووەکی دەوڵەمەندن بە ماددەی خۆراکی کە جێگیری ئاستی شەکرە لە خوێندا دەپارێزێت و پاڵپشتی لە توانای جەستەیی دەکات و ئاستی کۆلیسترۆڵ دادەبەزێنێت. نیسک یەکێ لەو خۆراکانەیە کە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ دەستەبەرکردنی خۆراکی ڕووەکی و پڕۆتین و تۆخمی زەنگ بۆ جەستە.

چوارەم. ئەنسۆسیانین، بۆیە ماددەیەکی ڕەگییە بە تایبەت لە جۆرە جیاوەزەکانی (تۆو)دا هەیە. بیرەوەری بەهێز دەکات دروستی خوێنبەرەکان دەپارێزێت.

پێنجەم. خواردنەوەی زۆری ئاو، ئاو نزیکەی 75 لەسەدای مێشکی مرۆڤ پێکدێنێت، کەم خواردنەوەی ئاو دەبێتە هۆی کەمی تەرکیز کردن. مرۆڤ ڕۆژانە پێویستی بە 2تاکو 3لیتر ئاو هەیە بۆ خۆراکدانی مێشکی.

پەیوەندی خانەوادەی ترامپ بەشەترەنجەوە

ترامپ قوتابی بۆبی فیچەری ئەفسانەی شەترەنج بووە



هاوار مورتکەیی

ماوەیەک لەمەوبەر سەدان ئەکاونتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پروپاگندەی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە (بارۆن)ی کوڕە بچوکەکەی دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا نازناوی گراندماستەری لە شەترەنج بەدەستهێناوە.

لەڵایەکی دیکەوە تویتەکان چەند هەواڵێکی دیکەیان لەبارەی پەیوەندی خانەوادەی شەرۆکی ئەمریکا بە شەترەنج بڵاوکردەوە و رایانگەیاند کە کاتی خۆی خوودی ترامپ قوتابی بندەستی بۆبی فیچەری ئەفسانەی شەترەنج و دیارترین شەترەنجزانی جیهان لەهەموو سەردەمەکان بووە، بەڵام هیچ کات ترامپ و خانەوادەکەی هەموو ئەو دەسکەوت و ناوبانگییەیان بۆ شەترەنج نەگەڕاندۆتەوە و ئامانجیان بۆی نەکردووە.

باڕوون زیرەکترین کوڕی ترامپە و ئێستا بە کوڕی یەکەمی سەرۆک ناوی دەبەن، هەروەها باوکیشی شەترەنجزانێکی بەتوانایە، بەڵام هیچ کات ئەم دووانە نەیانویستووە ئەو توانایەیان ئاشکرابکەن، یاخود بەشداری پاڵەوانێتییەکان بکەن، هەواڵەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە ئەگەر ئەمانە بچنە کێبڕکێی شەترەنجە بێگومان لەپلەکانی پێشەوەی دەبینرێن بەتایبەتیش خوودی باڕوون.

دەروروبەرەکەی سەرۆکی ئەمریکا پێیان وایە ئەگەر ترامپ لە تەمەنی منداڵێدا بەشداری پاڵەوانێتییەکانی کردبا، هەرزوو بڕوانامەی گراندماستەری بەدەست دەهێنا، چونکە باب و کوڕ توانایەکی بەرزیان لە یارییەدا هەبووە، بەڵام ئەو حانەوادەیە بەدوای بازرگانییەوە بوون و پێیان وابووە کە مەبەست لە فێربوونی شەترەنج تەنها بۆ گەشەی میشکیان بووە، تا لە پرۆژەبازرگان یەکان سوودی لێوەرگرن.

به بڕیاری یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان

تیپی لاوانی زاخۆ بۆ ڕیزی پلەیەکەکانی لاوانی کوردستان دابەزی

ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین

لەبارەگای یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، سەرجەم سەرۆک وئەندامانی یەکێتیەکە کۆبوونەوەی هەفتانەی خۆیان ئەنجامدا و ئەم چەند بڕیارەیان سەبارەت بەخولی کوردستان دەرکرد :

دابەزینی تیپی لاوانی نایابی زاخۆ بۆ ڕیزی یانەپلەیەکەکانی لاوانی کوردستان بۆ وەرزی 2020-2021

هەڵمارکردنی دوو یاری داهاتووی یانەی لاوانی زاخۆ بەئەنجامی 0-3گۆڵ لەبەرژەوەندی یانەی بەرامبەری، بەپێی ڕێنمایی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان.

ڕاگرتنی 10یاریزانی لاوانی زاخۆ بۆ ماوەی یەک ساڵ لەڕێکەوتی 4/1/2020 تاوەکو 4/1/2021

کارپێنەرکردنی بروانامەی یاریدەدەری ڕاهێنەری لاوانی زاخۆ تاهیرحەمدی هەروەها ڕاگرتنی بۆماوەی 2ساڵ، ڕاگرتنی یاریدەدەری پزیشکی لاوانی زاخۆ عیساحوسێن بۆ ماوەی 2 ساڵ.

ڕاگرتنی 3یاریزانی تیپی لاوانی سیروانی نوێ بۆ ماوەی یەک ساڵ لەڕێکەوتی 4/1/2020تاوەکو 4/1/2021.

گواستنەوەی یاری داهاتووی یانەی لاوانی سیروانی نوێ بۆ یاریگای یانەی کۆیە.

هەروەها ئاگاداری سەرجەم ڕاهێنەرانیان کردەوە، دوای دەستپێکردنی یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولی نایابی کوردستان پێویستە بڕوانامەی باوەڕپێکراویان ئامادەبکەن، بەپێچەوانەوە مافی ڕاهێنەرایەتیان لەیانەکە نابێت.

نرخی کاتژمێرەکەی دەستی ڕۆنالدۆ نیو ملیۆن دۆلارە

کریستیانۆ ڕۆنالدۆی ئەستێرەی پورتگالی هەمووانی بە کاتژمێرەکەی دەستی سەرسام دەکات کە نرخی ئەو کاتژمێرەی لەدەستیتی بڕی نیو ملیۆن دۆلاری پێدراوە.

ڕۆژنامەی The Sunی بەریتانی ئاشکرای کرد کە ڕۆنالدۆی تەمەن 34ساڵ بەر لەیاریی سووپەری ئیتاڵی کە یانەی یۆڤینتۆس بەرامبەر لازیۆ دۆڕا، کاتژمێرەکی لەدەست کردووە بەهاکەی نیو ملیۆن دۆلارە، هەروەها ئەو یاریزانە دوو ئەنگوستیلەشی لەپەنجەی کردبوو کە بەهاکەی 325هەزار دۆلارە



تۆم پۆپ: ساڵانە 40 گۆڵ تومار دەکەم



تۆم پۆپی یاریزانی یانەی پۆرت ڤالێتی پلەی دووی ئینگلیزی گاڵتە بە جۆن ستۆنز دەکات، دەڵێت گەر هەموو هەفتەیەک یاری لەگەڵ بکەم، لەکۆتایی وەرز دەتوانم 40 گۆڵ تۆمار بکەم ئەم یاریزانە لە مانگی 6ی ساڵی 2019 لە تویتێکدا نوسیبوی: دەزانم من یاریزانی پلە دووم، ئەوەش دەزانم جۆن ستۆنز لەهەڵبژاردەی ئینگلتەرا یاریی دەکات، دەشزانم کە هەفتانە 150 هەزار پاوەند وەک مووچە وەردەگرێت، ملیۆنان جار لە پێشی منەوەیە، بەڵام ئەگەر هەموو هەفتەیەک بەرامبەر جۆن ستۆنز یاری بکەم، لەکۆتایی وەرز 40 گۆڵ تۆمار دەکەم.

هاوکار کەڵهوری

چیزنی:

نازناوی کالچیۆ لە دوا هەفتەکان یەکلایی دەبێتەوە

ڤویچیک چیزنی، گۆڵپارێزی یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵیی پێی وایە، ڕکابەری لەسەر نازناوی کالچیۆی ئەم وەرزە، لە دوا هەفتەکانی خولەکە یەکلایی دەبێتەوە. چیزنی، ڕۆژی هەینی لێدوانی بۆ تۆڕی (سکای سپۆرتس) دا و وتی: ئێمە پێویستمان بە باشترکردنی هێڵی بەرگرییە، چونکە نازناوی خول بۆ ئەو تیپە دەبێت، کە کەمترین گۆڵی لێ تۆمار دەکرێت. هەروەها وتی: وابزانم ئێمە هێڵێکی بەرگریی تۆکمەمان هەیە، بەڵام پێویستمان بەوەیە، ویستی جەنگان لەسەر نازناوەکە بەدەست بهێنینەوە و پارێزگاریی لە هێشتنەوەی گۆڵەکەمان بە خاوێنی بکەین. ڕکابەریی لەسەر نازناوی کالچیۆ، تاکو دوایین هەفتەکان لە نێوان یۆڤانتس، ئینتەرمیلان، لازیۆ و ڕۆما بەردەوام دەبێت.

وتیشی: کەس باسی لازیۆ ناکات، هەرچەندە وەزرێکی نایاب پێشکەش دەکات، ڕۆماش ئاستێکی زۆر باش پێشکەش دەکات. ئەو گۆڵپارێزە پڕلەندییە وتیشی: ئامانجی من بەردەوام بەدەستهێنانی هەموو شتێکە، پێویستە هەموو پاڵەوانەتییەکان بۆ یۆڤی بێت، دوای دۆڕانی سوپەری ئیتاڵیا، هەست بە بێهیوایی دەکەین، چونکە پێش ساڵی تازە بوو، بەڵام ئێمەچاومان لە بەدەستهێنانی نازناوی هەموو پاڵەوانەتییەکانی ساڵی 2020. لە بارەی یەکەم یاری ساڵی تازەش وتی: یەکەم یاری دوای پشووەکانی سەری ساڵ بەردەوام ئەستەم دەبێت، بەڵام ئێمە بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادەین. چیزنی لە بارەی هاتنی کۆلۆسیفسکیش وتی: ئەو یاریزانێکی بەهرەمەند و بەهێزە، بۆیە پێموایە یۆڤی دەستەواریەکی باشی ئەنجام داوە، کە لە داهاتوودا ئەزموونی زیاتر لە کالچیۆ بەدەست دەهێنێت و گەشە دەکات.

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگاداریپەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue.7. Jan. 2020 No: (5905)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر





تەقەی خۆشی ڕامەگرن.. لە سلێمانی لەلایەن سەلام عەبدوڵڵا واژۆکرا

تەقەی خۆشی ڕامەگرن، دواین کتێبی بڵاوکراوەی نوسەر و سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات سەلام عەبدوڵڵایە کەلەماوەی ڕابردوودا کەوتە بەر دەستی خوێنەران.

بۆ واژۆکرۆن و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی کاتژمێر 3ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی یەکشەمە، لە هۆڵی یەکێتی نووسەرانی کورد لە شاری سلێمانی ڕۆژی 5 ی ئەم مانگە، ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ و جەمال عیرفان کۆڕێکیان بۆ سەلام عەبدوڵڵا بەست لەسەر کتێبەکەی و قسەکردن لەسەر ئەدەبی ساتیر بەست.

لە کۆڕەکەدا سەلام عەبدوڵڵا قسەی لەسەر هونەری ساتیر کرد و دوو سێ کورتە چیرۆکی ناو کتێبە تازەکەشی بۆ ئامادەبووانی کۆڕەکە خوێندەوە . دوای ئەوەی ئامادەبووان دەست خۆشیان لەنووسەری کتێبی تەقەی خۆشی ڕامەگرن کرد نوسەر پێشکەشکرا .

دواتر خەڵاتی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ لە لایەن ستران عەبدوڵڵا سەرنووسەری کوردستانی نوێ پێشکەش بە سەلام عەبدوڵڵا کرا.



کەنار تەها سەفەری کردە دیاری هەوادارانی

وریشە عومەر: هونەرمەندی دەنگ خۆش کەنار تەها دەربارەی نوێترین بەرهەمی بەخەباتی گوت: سەفەر نۆترین بەرهەمە دەیکەمە دیاری بۆ سەرجەم هاوڕێیانم،سەفەر بەم شێوازە کاری تیاکراوە: ئاواز و موزیک نزار زێوێی ،هۆنراوە ـ ئیسماعیل محەمەد ،ستۆدیۆ ـ گروپی موزیکی لوڕ، ژەنیاران: نزار زێوێی ـ تار ـ شورئەنگیز، ئیبراهیم نەقدیان، ڤایۆلین ـ جۆزە خارە ـ کلارینێت یوسف ـ پیانۆ ، شوان قەرەداخی ـ زەرب ،میر ئامانج ـ دایرە ـ بەندیر، وێنەگرتن و دەرهێنان ـ دیار مەهدی ،لەدووماهیدا کەنار تەها گوتی: سوپاس بۆ کەنالی kurdmax music وH&L designs وchiavan salon وسەرجەم هاوڕێیانی بەشدار بوو لە بەرهەمەکە.



هەندێک لە ڕێکلامی نێو ئەپلێکەیشنەکان فایلی سیخوڕییان تێدایە

هەردەوان: کۆمپانیا چینییەکان توانیویانە ژمارەیەکی زۆر مۆبایل هاک بکەن و چەندین زانیاری کەسی بەکارهێنەران بدزن. بەپێی هەواڵێکی وێبسایتە تەکنەلۆژییەکان چەند کۆمپانیایەکی ڕێکلامی لە چین لەڕێگەی ئەو ڕێکلامانەوەی دروستیان کردوون بەکارهێنەرانی سیستەمی ئەندرۆیدیان هاککردووە و چەندین زانیاری وەک نامە و ژمارەی پەیوەندییەکان و وشەی نهێنییان دزیووە، هەروەها ئەوەش دەشێت مەترسی بێت بۆ سەر بەکارهێنەران و زانیارییە کەسییەکانیان لەشوێنێکی گشتیدا بڵاوبکرێتەوە.هاوکات شارەزایان ئامۆژگاری بەکارهێنەرانی ئەندرۆید دەکەن کە ئەو ئەپلیکەیشنانە دانەبەزێنن کە ڕێکلام لەسەریان دەردەکەوێت، ئەگەریش داتبەزاندن پێویستە دڵنیا بیت لە سەرچاوەکەیان بۆئەوەی تووشی کێشە نەبیت، هەروەها لەئێستادا گووگڵ خەریکی چاککردنەوەی ئەو هەڵانەیە کە لە ئەندرۆیددا هەن بۆئەوەی پارێزگاری لە بەکارهێنەرانی بکات.

فەرهاد حەمە ڕەسوڵ: کێشەی سەرەکی درامای کوردی لە ئێستادا نەبوونی سیناریۆیەکی بەهێزی سەردەمییە

دیانە: پەریها عومەر

لە دایکبووی (١٩٧٥) سلێمانی دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆ (نواندن)ی تەواوکردووە خێزاندارەو دوو منداڵی بە ناوی (میرڤان و مینۆ) هەیە.

وەک ئەکتەرێک بەشداری چەند دراماو فیلمێکی کردووە. یەکەم کاری فیلمی (زامی کامێرا) سالی 2000 و درامای (گەڕان بەدوای سێبەرەکان) وەک یەکەم کاری درامایی درامای (ئاریا) درامای (ڕەباب و طائر جنوب) بۆ کەناڵی العراقیە و درامای (سایە و درامای سەمای تەرزە)ی هەیە وەک کارمەندی تەلەفزیۆنی لە کەناڵی پەروەردەیی کاری مۆنتاژ ئەکات و وەک مۆنتێر لە کەناڵی (ئێن ئار تی 2) کاری مۆنتاژ ئەکات و لەچەند کارێکی دۆبلاژ کاری کردووە لەگەڵ کۆمپانیای خاوێ فیلم و کەناڵی (ئێن ئارتی) و ئێستاش بەردەوامە.

هونەرمەند فەرهاد بۆ خەبات دەڵێ:



ئایا لەئێستادا درامای کوردی لە چ ئاستێکدایە؟

درامای کوردی لە ئێستایا لەئاستێکی باشا نیە لەچاو دراماکانی تر لەرابردوودا ، بەوپێیەی لەئێستایا کۆمەڵێ کاری نوێ ئەکرێت بەوپێشکەوتنەی لەئاستی تەکنیکی نوێی لە پێداویستی هونەری وەک کامێراو دەنگ و هەموو جۆرە تەکنیکێکی هونەری هاوچەرخ لەچاو رابردوودا.. واتە کێشەی سەرەکی درامای کوردی لە ئێستایا نەبوونی سیناریۆیەکی بەهێزی سەردەمی ،، کۆمەڵێ هەوڵی بچووک هەن بەڵام جێگای دڵخۆشییەکی زۆر نین . لەئاست تموحی چاوی بینەری کوردیدا چونکە چاوی بینەری کورد ئێستا زۆر کراوەیە بەهۆی کرانەوەی بەجیهانی درامای ئێرانی و تورکیدا واتە ئەگەر درامای کوردی ئەبێت بگاتە نزیک لە درامای ئێرانی یان تورکی ئەوا بینەر حەقیەتی ڕەخنەی توند بگرێت ،، کەواتە ئەبێت هزرێکی نوێی درامای بێتە ناو کایە کاری درامای کوردی تا ئاستێک بینەر دڵخۆش بکات و ئاهێک بگەڕێتەوە بۆ درامای کوردی هیوا خوازم ئەو پێشکەوتنە ببینین لە درامای کوردیدا

تاچەند قورسترە کاتێک ڕۆڵی سەرەکی دەبینیت لەگەڵ ڕۆڵی ئاسای؟

هەموو ڕۆڵ بینینێک لەدراما یان فیلمی سینەمایی چ ڕۆڵی سەرەکی بێت یان ئاوەند ، پێویستی بەخۆ ئاماده کردنە بۆ ئەو ڕۆڵە وەک نواندن لەو کارەکتەرە ئەبێت کەسێتی ئەو کارەکتەرە لەخۆتا بەرجەستە بکەیت و بتوانی نواندنی بکەیت خۆ هیلاکردنێکی تەواوی ئەوێت لە ڕووی ئەکادیمیەوە چونکە نواند هێندە کارێکی ئاسان نیە هەموو کەسیک بتوانێ ئەگەر وانەبوایە بڕوانامەی نەدەبوو نواندن.

چی دەڵێیت بەو ئەکتەرانەی کە ڕێکلام دەکەن؟

من وەک بۆچوونی خۆم هەرگیز پێم باش نیە ئەکتەری خۆمان خەریکی کاری ڕێکلامی بازرگانی بێت و ببێتە هەوێنێ نواندن بۆ کاڵایەک کە ئایا ئەو کاڵایە لەرووی کوالێتەوە چۆنە ، تەنها بۆ پەیداکردنی کەمێک پارە،چونکە ڕێکلام هەموو کەسێکی ئاسایی دەتوانێ بیکات هیچ هونەرێکی تێدانیە تەنها تەنها دابەزاندنی ئاستی ئەوکەسەیە لەرووی هونەریەوە ، هونەرمەند ڕێکلام بۆ کاری مرۆڤدۆستی و خێرخوازیەکان بکات زۆر کاریگەرتر ئەبێت لەچاو بازرگانی بۆ کاڵایەک بۆ دەسکەوتێکی ماددی کەم بێت یان زۆر ئەوەش ئەکەوێتە سەر ئاستی هۆشیاری هونەرمەندان بەگشتی

ئایا دوا پڕۆژەت چیە لە داهاتوو بۆ درامای کوردی؟

لە ئێستادا هیچ پڕۆژەیەکی نوێی هونەریم لە بەردەستا نیە کە کاری تێدا بکەم هەرکارێکیشم هەبێت لە ئایندەدا لەڕێگای ئەکاونتی خۆمەوە بڵاوی ئەکەمەوە

